سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان داوای قەرەبووکردنەوەی ئەنفالکراوەکان لە حکوومەتی عێراق دەکات

خەبات XEBAT
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
نۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5814) دووشەممە 26ی ئاب 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



دوێنێ یەکشەممە 2019/8/25 سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە یادی ئەنفالکردنی بادینان پەیامێکی بلاوکردەوە، لە پەیامەکەدا هاتووە "ئەنفالکردنی بادینان کە کۆتاییی شالاوی ئەنفالەکان بوو، لە 25ی ئابەوە تا 6ی ئەیلوولی 1988 هەموو ناوچەکانی بادینانی گرتەوە و تیایدا کیمیاباران و گرتن و کوشتن و ڕاگواستن و وێرانکرنی مزگەوت و دێر و دێهات و ناوچەکانی بادینان لەلایەن پێنج فیرقەی سەربازییەوە ئەنجام درا و ئەوانەیشی لەو تاوانە ڕزگاریان بوو، ئاوارەی ئێران و تورکیا و پەراگەندەی وڵاتان بوون". **(دەقی پەیامەکە لە ل2 بخوێنەوە)**

31 ساڵ بەسەر ئەنفالی ڕەشی بادینانداتێدەپەڕێت

بەر لە 31ساڵ ڕژێمی بەعسی لەناوچوو، بە هاوکاریی دەزگای هەواڵگری و پیاوانی بەعس لە ناوچەکە، ئەنفالی بادینانی ئەنجام دا و تێیدا زیاتر لە پێنج هەزار هاووڵاتی بوونە قوربانی. بەرپرسی سەنتەری ئەنفالیش ڕوونی کردەوە، هێشتا کاریگەریی ئەنفالی ڕەشی بادینان بەسەر خەڵکەوە ماون.

عەلی بەندی، بەرپرسی سەنتەری ئەنفال لە دهۆک، بە مانگەپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: 31 ساڵ بەسەر ئەنفالی ڕەشی بادینانداە دەرباز دەبێت، کە ڕژێمی ئەوکاتی عێراق لە هەشت قۆناغی جیاوازدا لە ڕۆژی 25ی ئاب دەستیپێکرد و تا 6ی ئەیلوول بەردەوام بوو، ئەنفالی بادینان بەپێی بەڵگەنامەکانی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو دواقۆناغی ئەنفالی گەلی کورد بوو کە کرا و تێیدا زیاتر لە پێنج هەزار هاووڵاتیی سڤیلی دەڤەری بادینان زیندەبەچاڵ کران." **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

UN سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی لێژنەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچە کێشەلەسەرەکان دەکات و زۆر کێشەش یەکلایی کراونەتەوە

بەشیر حەداد: بارودۆخێکی لەبار لە ئارادایە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا



جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد ڕایگەیاند کە هەرێم و بەغدا گەیشتوون بەو قەناعەتەی کە دەبێت چارەسەری ریشەیی بۆ کێشەکانی نێوان هەردوولا بدۆزرێتەوە.

بەشیر حەداد لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کە دوێنێ یەکشەممە لە باڵاخانەی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان سازدرا، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا و چەند پرسێکی دیکە، وەڵامی ڕۆژنامەوانانی دایەوە.

جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند: لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی و کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق چووە قۆناغێکی نوێوە کە قۆناغی دەستکردنە بە هەنگاونان بەرەو پتەوکردن و بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بۆیە دەبینین لە بەغداوە شاندێکی باڵا سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو سەردانەی کە لە هەرێمی کوردستانەوە بەڕێزان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت بۆ بەغدا، ئەنجامیان دابوو. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرۆکی لێژنەی ناوچە کوردستانییەکان:

بڕیاری دروستکردنی لێژنەیەک بۆ ئاساییکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکان دەرچووە

بڕیارە لێژنەیەک لە پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکبێت و سەرۆکی لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانیش دەڵێ، ئەو لیژنەیە دانوستان لەگەڵ بەغدا دەکات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

عەدنان موفتی: پێویستە لە کەرکووک یەک لیست بین و نابێت ناکۆکییەکان ڕووبەڕووی یەکدی بکەینەوە



ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، عەدنان موفتی دوێنێ یەکشەممە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوتی: سەبارەت بە دانانی پارێزگارێک بۆ کەرکووک و دواکەوتنی ئەو پرسە گوتی: پرسی دانانی پارێزگاری کەرکووک بەندە بە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێککەوتوون لەسەر کاندیدێک، بەڵام پێویستە ڕاوێژ لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کەرکووک بکرێت بۆ ئەوەی یەکلایی بکرێتەوە، گفتوگۆکان لەوبارەیەوە لەگەڵ لایەنەکان بەردەوامن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



دوێنێ لە پاریس لوتکەی G7 دەستی بەکارەکانی کرد

حکوومەت پڕۆژە وەستاوەکان وەگەڕدەخاتەوە

3

بەمەبەستی وەگەڕخستنەوەی پڕۆژە وەستاوەکانی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران داوای داتای تەواو دەکات هەتا پڕۆژە وەستاوەکان دەستپێبکەنەوە.



کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی زانای بەناوبانگی کورد ئیبن ئادەمی بااڵک بەڕێوەچوو

بە دروشمی "ئیبن ئادەم، قەڵەمێک بە باڵای هەڵگورد" دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی، تایبەت بە ڕوانین و بەرهەم و دەستخەتەکانی عەللامە ئیبن ئادەمی باڵەکی/باڵەکایەتی، یەکێک لە زانا هەرە دیار و بەرچاوەکانی کوردستان، سازدەکات. ئامانجیش زیندووکردنەوە و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەو زانا گەورە و ناودارەی کورد و کۆکردنەوەی هەموو دەستخەتەکانی تووێژینەوەیانە بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە و بۆ خوێندنەوەی هزر و ڕامان و هەڵسەنگاندنی بیر و ڕوانینەکانێتی بە دیدێکی واقیعییانە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

تایمزی بەریتانی:

ئیسرائیل جەنگێکی نهێنی لە عێراق دەستپێکردووە

ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی لە ڕاپۆرتێکدا کە دوێنێ بڵاویکردووەتەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل بوون جبەخانە و کۆگاکانی چەک و تەقەمەنی حەشدی شەعبییان لە عێراق کردووەتە ئامانج و ئەمەی بە جەنگێکی نهێنی ناوبردووە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

کەرکووک.. زۆرێک لەو چەکدارانەی داعش کە دەستگیر دەکرێن بە پارە ئازاد دەکرێن

جموجۆڵی چەکدارانی داعش لەناوچە کێشە لەسەرەکان تێژوانینی جیاوازی دروستکردووە، بەشێک لەبەرپرسان پێیانوایە داعش بەهێز بووەتەوە و مەترسی لەسەر ئەو ناوچانە دروستکردووە، بەشێکی تر پێیانوایە داعش لە قەبارەی خۆی زیاتر گەورە کراوەتەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

تورکیا.. داودئۆغلۆ و باباجان پارتی ژیان و دادپەروەرییان ڕاگەیاند

لە سەروبەندی ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنی لە ناوخۆی تورکیا و ئالۆزیی پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەمەریکادا، پارتێکی نوێ لە تورکیا دامەزرا و بە فەرمی ڕاگەیەندرا. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

سەرۆکایەتیی هەرێم

داوای قەرەبووکردنەوەی ئەنفالکراوەکان لە حکوومەتی عێراق دەکات

دوێنێ یەکشەممە 2019/8/25 سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە یادی ئەنفالکردنی بادینان پەیامێکی بڵاوکردەوە، لە پەیامەکەدا هاتووە "ئەنفالکردنی بادینان کە کۆتاییی شاڵاوی ئەنفالەکان بوو، لە 25ی ئابەوە تا 6ی ئەیلوولی 1988 هەموو ناوچەکانی بادینانی گرتەوە و تیایدا کیمیاباران و گرتن و کوشتن و ڕاگواستن و وێرانکرنی مزگەوت و دێر و دێهات و ناوچەکانی بادینان لەلایەن پێنج فیرقەی سەربازییەوە ئەنجام درا و ئەوانەیشی لەو تاوانە ڕزگاریان بوو، ئاوارەی ئێران و تورکیا و پەراگەندەی وڵاتان بوون.

لە کاتێکدا بەوپەڕی ڕێز و شکۆوە یادی شەهیدانی ئەنفالکردنی بادینان و تەواوی شەهیدانی کوردستان دەکەینەوە، جارێکی دیکە داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەین بەپێی بڕیاری دادگای بااڵی تاوانەکانی عێراق کە شاڵاوەکانی ئەنفالی بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆسایدو جەنگ ناساندووە، ئەرکی یاسایی و ئەخلاقیی خۆی جێبەجێ بکات و قوربانییانی ئەنفال قەرەبوو بکاتەوە، هەروەها حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕادەسپێرین کە خزمەتکردنی زیاتری قوربانییانی ئەنفال و بەدواداچوونی چارەنووسی ونبووان بکاتە یەکێک لە ئەولەویاتی کارەکانی.

دروود و سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفالکردنی بادینان و هەموو ئەنفالکراوان و تەواوی شەهیدانی کوردستان.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان



نەمبیستووە ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی کێشەی تێکەوتبێت

عەدنان موفتی: پێویستە لە کەرکووک یەک لیست بین و نابێت ناکۆکییەکان ڕووبەڕووی یەکدی بکەینەوە



ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، عەدنان موفتی دوێنێ یەکشەممە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوتی: سەبارەت بە دانانی پارێزگارێک بۆ کەرکووک و دواکەوتنی ئەو پرسە گوتی: پرسی دانانی پارێزگاری کەرکووک بەندە بە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکەوە، پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێککەوتوون لەسەر کاندیدێک، بەڵام پێویستە ڕاوێژ لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کەرکووک بکرێت بۆ ئەوەی یەکلایی بکرێتەوە، گفتوگۆکان لەوبارەیەوە لەگەڵ لایەنەکان بەردەوامن.

عەدنان موفتی سەبارەت بە بوونی کێشە لە نێوان یەکێتی و پارتی لەسەر ئەو ڕێککەوتنەی پێش پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم ئەنجامدرابوو ڕایگەیاند: من نەمبیستووە هیچ ناکۆکییەک لەوبارەیەوە هەبێت، ئەگەر ناکۆکییەک هەبێت لە لایەن کەسێکەوە یان ئەندامێکی پارێزگا یان ئەندامێکی یەکێتی یان پارتی هەیە، بەڵام ئەوەی هەیە ڕێککەوتن لە نێوان یەکێتی و پارتی هەیە و دەبێت جێبەجێ بکرێت.

ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، عەدنان موفتی دەربارەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بە پارێزگاری کەرکووکیشەوە گوتی: ماددەی 140ی دەستووری عێراق بە ڕوونی باسی لێوە دەکات و ناکرێت وەکو پارێزگاکانی دیکە بێت، بە تایبەت ڕووداوەکانی ئەم دووساڵەی ڕابردوو ئەو گۆڕانکارییانەی بەمدواییە لەو ناوچانە کراوە، دەبێت ئاسایی‌کردنەوەی بارودۆخی کەرکووک و ناوچەکان جێبەجێ بکرێت، پێویستیشە لایەنە کوردستانییەکان لەسەر ئەم پرسە ڕێکبکەون و کەرکووک و ئەو ناوچانە لەسەرروو ناکۆکییەکانییانەوە بێت.

عەدنان موفتی لەمەڕ یەک لیستی لایەنە کوردستانییەکانیش بۆ هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکووک و ناوچە کێشە لەسەرەکانی دیکەش ڕوونیکردەوە یەک لیستی گرنگە، لەبەر ئەوەی کەرکووک نە هەوڵێرە نە سلێمانییە، کەرکووک ناوچەیەکە دابڕاوە لە هەرێمی کوردستان، هەموان ئاواتییانە کەرکووک و ناوچەکانی دیکەش بگەڕێنەوە بۆسەر کوردستان، بۆیە دەبێت یەک لیست بین و ئەمە پێویستە کە هاوپەیمان بین، ئەگەر نەشکرێت لەوێ یەک لیست بین، نابێت لەوێ ناکۆک بین و ململانێیەکان ڕووبەڕووی یەکتر بکەینەوە.

ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، عەدنان موفتی هەروەها گوتی: پێویستە دیالۆگ لەگەڵ تورکمان و عەرەبیش لە کەرکووک بکرێت، دەبێت گەرەنتییان پێ بدرێت مافەکانیان پارێزراو دەبێت، ئەمە دەبێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقیش هەبێت، دەبێت ئەو گەرەنتییە بدرێت کە مەبەستمان لە سەپاندنی ئیرادە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە دەستوور جێبەجێ بکرێت و لە دەستووریشدا باس لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخ و گەڕانەوەی خەڵک بۆ ناوچەکانی خۆیان بێتە کایەوە.

داقوق.. کۆژران و بریندارببوونی ژمارەیەک چەکداری حەشدی شەعبی



وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند لە ئاکامی ئەو پەلامارەی کە لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە بە چەکی قورس و مامناوەند کرایە سەر یاریگایەک لە قەزای داقووق باشووری پارێزگای کەرکووک، 15 کەس کۆژران و بریندارببوون.

لە ڕاگەیەندراوێکی شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە وەزارەتی بەرگریی عێراقدا هاتووە "ئێوارەی ڕۆژی شەممە، چەتەکانی داعش تاوانێکی دیکەیان ئەنجامدا کاتێک بە چەکی قورس و مامناوەند هێرشیانکردە سەر یاریگایەکی نزیک مەزارگەی ئیمام زەین ئەلعابدیین لە قەزای داقووق باشووری پارێزگای کەرکووک. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە ئاکامی پەلامارەکەدا، شەش مەدەنی کۆژراون و نۆی دیکەش بریندارببوون. لەلایەکی دیکەشەوە ئەحمەد لەتیف بەرپرسی ڕاگەیاندنی هێزەکانی 70ی پێشمەرگە بە ڕادیۆی نەوای ڕاگەیاندووە: شەوی ڕابردوو بارەگای حەشدی شەعبی لە داقوق کراوەتە ئامانج و کاتێک ئەندامانی بارەگاکە سەرقاڵی یاری بوون لە یاریگایەکدا، گوللەهاوەنیان ئاراستە کراوە. دەربارەی ژمارەی کۆژراو بریندارەکانیش، بەرپرسی ڕاگەیاندنی هێزەکانی 70ی پێشمەرگە ڕایگەیاندووە 7 چەکداری حەشدی شەعبی کۆژراون و 15ی دیکەشیان بریندارن".

لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پڕۆژە یاسای چاکسازی ئامادە دەکرێت و ئاراستەی پەرلەمان دەکرێت



سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پڕۆژە یاسای چاکسازی ئامادە دەکرێت و ئاراستەی پەرلەمان دەکرێت، هەروەها لە سەرەتای مانگی دابێ خوێندنەوە بۆ شەش پڕۆژە یاسای دیکە دەکرێت. بژار کۆچەر، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: هەفتەی ڕابردوو لیژنەی یاسایی لە بارەی دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان کۆبوونەوەتەوە و تێیدا بڕیار دراوە، لە سەرەتای دەستپێکردنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، کە بڕیارە لە سەرەتای مانگی دابێت دەست پێ بکرێتەوە و خوێندنەوەی یەکەم بۆ شەش پڕۆژە یاسا بکرێت، کە بەشێک لەو پڕۆژانە پێشتر لە عێراق دەکراون و، پەرلەمانی کوردستان دەیەوێ لە هەرێمیش بەرکاریان بکات.

کۆچەر گ ئەوەشی گوتووە: ئێمە لە قۆناغی داهاتوودا زیاتر گرینگی بەو پڕۆژە یاسانە دەدەین، کە لە لایەن حکوومەتەوە پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێن، چونکە کابینەی حکوومەت کارنامەی خۆی هەیە و ئەوان زیاتر دەزانن چ پڕۆژە یاسایەک زیاتر پێویستە بۆ خەڵکی کوردستان و جێ بەجێکردنی، لە لایەکی دیکەوە ئەو پڕۆژانەی حکوومەت ئامادەکاریان بۆ دەکات کێشەی دارایی کەمتر، لەبەر ئەوەی هەر پڕۆژەیەک ڕەهەندی دارایی هەبێت، پارە لای حکوومەتە و ئەوان پلانیان بۆ جێ بەجێکردنی هەیە.

پەیوەست بە پڕۆژە یاسای چاکسازیش سەرۆکی لیژنەی یاسایی ڕایگەیاندووە: پڕۆژە یاسای چاکسازی یەکێکە لەو پڕۆژە یاسایانەی زیاتر بەرچاوە و بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەک پێک هاتووە و، کەمتر لە مانگێکی دیکە پڕۆژە یاسای چاکسازی ئاراستەی پەرلەمان دەکرێت و پەرلەمان و حکوومەت پێکەوە ئامادەکاری بۆ دەکەن.

سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان:

بڕیاری دروستکردنی لیژنەیەک بۆ ئاساییکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکان دەرچووە

بە دووری نابینین هەندێ ناوچە بکەونەوە دەست تیرۆریستانی داعش



بڕیارە لیژنەیەک لە پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکبێت و سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانیش دەڵێ، ئەو لیژنەیە دانوستان لەگەڵ بەغدا دەکات. جوان ڕۆژبەیانی، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دێموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: لە لایەن سەرۆکی فراکسیۆنەکانەکانی پەرلەمانەوە پێشنیارکراوە بۆ ئەوەی لیژنەیەکی تایبەت بۆ دانوستان و ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان پێکبێت و بڕیاری دروستکردنی لیژنەکەش دەرچووە.

سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان دەشڵێت: کار بۆ ئەوە دەکەین لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو لیژنەیە پێک بێت و لەبارەی ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەست بە دانوستان بکەین لەگەڵ بەغدا.

جوان ڕۆژبەیانی ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان تا دێت ئاڵۆزتر دەبێت، بەتایبەتی لە کەرکووک چەکدارانی داعش مەترسیان بۆسەر چەند ناوچەیەک دروستکردوە و، ئەگەر ڕەوشەکە بەوشێوەیە بێت دوور نابینین هەندێ ناوچە بکەونەوە دەست تیرۆرستانی داعش، چونکە داعش جوولەی زیادکردووە و لە بەرانبەردا حەشد و سوپای عێراق لاوازن.

سێ لێژنە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر دەکەن

بەشیر حەداد: بارودۆخێکی لەبار لە ئارادایە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا

UNسەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی لێژنەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچە کێشەلەسەرەکان دەکات و زۆر کێشەش یەکلایی کراونەتەوە

ئەگەر بەغدا بەگەرەنتی مافەکانی کوردستان بدات ئەوا هەرێمی کوردستان پابەندی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی دەبێت



جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد رایگەیاند کە هەرێم و بەغدا گەیشتوون بەو قەناعەتەی کە دەبێت چارەسەری ریشەیی بۆ کێشەکانی نێوان هەردوولا بدۆزرێتەوە. بەشیر حەداد لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا کە دوێنێ یەکشەمە لە باڵەخانەی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان سازدرا، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا و چەند پرسێکی دیکە، وەڵامی رۆژنامەوانانی دایەوە.

جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند: لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی و کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیوندیی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق چووە قۆناغێکی نوێوە کە قۆناغی دەستکردنە بە هەنگاونان بەرەو پتەوکردن و بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بۆیە دەبینین لە بەغداوە شاندێکی بالآ سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو سەردانانەی کە لە هەرێمی کوردستانەوە بەرپرسانی هەرێم بۆ بەغدا و سەردانی بەرپرسان لە بەغدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ئیرادەیەکی جیددی هەیە و پێویستی هەردوولا لە ئەمڕۆدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە هەموو کات زیاترە، هەروەها بارودۆخێکی لەبار لە ئارادایە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی نێوان هەردوولا.

جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد ئەوەشی ئاشکراکرد کە لە ئەنجامی گفتوگۆکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان چەند لێژنەیەک پێکهاتووە کە لێژنەی پسپۆڕ و هونەرین بۆ چارەسەرکردنی دۆسیەکانی نەوت و غاز، دۆسیەی بوودجە و مووچە، دۆسیەی سیاسی و ئەمنی و ماددەی 140. بەشیر حەداد لە درێژەی قسەکانیدا بۆ رۆژنامەنووسان لەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەیدا کە لە پەراوێزی کۆڕبەندی سەرکردایەتی لە هەولێر هات، رایگەیاند: ئەمڕۆ یان سبەی شاندێک لە هەرێمی کوردستانەوە بەرەو بەغدا بەڕێدەکەوێت بۆ ئەوەی گفتوگۆکان بڕەو پێ بدەن، ئومێد وایە لە ماوەی مانگێک یان دوو مانگدا ئەو گفتوگۆییانە بگەنە ئامانج، چونکە دەزانن ماوەیەکە پرۆژە بوودجەی سالّی 2020ی عێراق کاری لەسەر دەکرێت و چاوەڕوان دەکرێت لە کۆتایی ئەمساڵدا پرۆژەکە بێتە پەرلەمان، جا تا ئەو کاتە ئەگەر گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی بەغدا نەگاتە ئەنجامێک بەڕاستی تێپەڕاندنی بوودجەی سالّی 2020 لە عێراقدا زۆر زەحمەتە.

جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد ئەوەیشی گوت کە "بوودجەی سالّی 2019 وەکو خۆی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق و ئەو کێشانەی بۆ ئاوارەکان دروست بووە بە هۆی ناچارکردنیان بۆ گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، رایگەیاند: ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان لە دادگەی باڵای فیدراڵی تانەی لە بڕیارەکە داوە و ئێمە چاوەڕوانی وەڵامی دادگەی فیدراڵیین.

سەبارەت بە مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانیشەوە بەشیر حەداد گوتی: بۆ ساڵی 2019 هەموو مووچەکان وەکو خۆیان دێن ئەگەر چەند رۆژێک دوابکەون یان نا، بەڵام دێن تا کۆتایی ئەمساڵ.

جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کێشەلەسەرەکانیش گوتی: لێژنەیەک بۆ ئەو مەبەستە دروستکراوە و ماوەیەکە کار دەکات و بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری باشیان کردووە و زۆرینەی کێشە و پرسەکان یەکلایی کراونەتەوە و بەشێکی کەمیان ماوە و ئومێد دەکەین ئەوانەش چارەسەر بکرێن.



خۆپیشاندانی ناڕەزایی لە چەند شارێکی فەڕەنسی دژی لووتکەی G7 سازکرا، تێیدا 17 کەس دەستبەسەر کران و چوار پۆلیسیش بە سووکی بریندار بوون

جموجۆڵی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک:

زۆرێک لەو چەکدارانەی داعش کە دەستگیردەکرێن بە پارە ئازاد دەکرێن

دەنگی ئەمەریکا/

جموجۆڵی چەکدارانی داعش لەناوچە کێشە لەسەرەکان تێڕوانینی جیاوازی دروستکردووە، بەشێک لەبەرپرسان پێیانوایە داعش بەهێز بووەتەوە و مەترسی لەسەر ئەو ناوچانە دروستکردووە، بەشێکی تر پێیانوایە داعش لە قەبارەی خۆی زیاتر گەورە کراوەتەوە. سەرچاوەیەکی ئەمنی بەرپرس لە پارێزگای دیالە، پێیوایە داعش بە هێز بووەتەوە و مەترسی لەسەر زۆرێک لە ناوچە کێشەلەسەرەکان دروستکردووە.

سەرچاوەکە، بەدەنگی ئەمەریکای راگەیاندووە "داعش پرۆپاگەندەی ئەوەیان لە دیالە بڵاوکردۆتەوە، کە لە ئایندەیەکی نزیکدا جارێکی تر ناوچەکە کۆنترۆڵ دەکەنەوە، بۆیە بەشێک لە خەڵکی ئەو ناوچانە ترساون".

لەماوەی چەند شەوی رابردوودا، داعش لە کەرکووک و دیالە و سەلاحەدین چەندین هێرشی ئەنجامداوە، لەکاتێکدا پێشتر چەکدارانی داعش لەو ناوچانە خۆیان دەرنەدەخست. لای خۆیەوە کامەران کەرکووکی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، ئاماژەی بەوەکرد زۆرێک لەو چەکدارانەی داعش کەدەستگیردەکرێن، ناو بەناو بە پارە لێیان ئازاد دەکرێ، ئەمەش وایکردووە دەربکەونەوە.

لەبەرامبەردا، لیوا محەمەد رێگر فەرماندەی لە میحوەری کەرکووک/ پردێی هێزی پێشمەرگە، بەدەنگی ئەمەریکای گوتووە: هێز لە ناوچە کێشەلەسەرەکان زۆرە، ئەمەش وایکردووە تێکەڵ و پێکەڵی دروست ببێت، کەس نەزانێت کێ کێیە. راشیگەیاندووە: داعش توانای هێرشی گەورە و کۆنترۆڵکردنی ناوچەی نەماوە.



عێراق.. عادل عەبدولمەهدی گەیشتە ئەنبار

بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە لە بەڕێوەچوونی قۆناغی چوارەمی ئۆپەراسیۆنی «ئیرادەی نەسر»

سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە لە بەڕێوەچوونی قۆناغی چوارەمی ئۆپەراسیۆنی "ئیرادەی نەسر" بە ئامانجی پاکسازیکردنی ناوچەکانی باشووری رووباری فورات و دۆڵی حەوزان لە پاشماوەکانی داعش دەستپێکرد.

سەرۆکوەزیرانی عێراق راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کە سەرۆکوەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، عادل عەبدولمەهدی بۆ ئاگاداربوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنەکان کە بە ئامانجی یەکشەمە نووسینگەی سەرۆکوەزیران پاشماوەکانی داعش ئەنجام دەدرێن گەیشتووەتە بارەگای فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنبار. لای خۆیەوە ئەفسەر لە پۆلیسی ئەنبار، نەقیب ئەحمەد دلێمی لە لێدوانێکدا ئاشکرای کردووە کە سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی بە یاوەری هەریەک لە وەزیری بەرگریی، نەجاح شەمەری و وەزیری ناوخۆ، یاسین یاسری و سەرۆک ئەرکانی سوپا، فەریقی یەکەم عوسمان غانمی گەیشتووەتە بارەگای فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنبار. جێی باسە رۆژی شەمە هێزەکانی سوپا و پۆلیس، قۆناغی چوارەمی ئۆپەراسیۆنی "ئیرادەی نەسر" بە ئامانجی پاکسازیکردنی ناوچەکانی باشووری رووباری فورات و دۆڵی حەوزان لە پاشماوەکانی داعش دەستپێکرد.

حکوومەت و پەرلەمان

لێژنەیەک بۆ پرۆژەیاسای چاکسازی پێکدەهێنن

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کردووە، حکوومەت و پەرلەمان لێژنەیەک بۆ پێداچوونەوە بە پرۆژەیاسای چاکسازی پێکدەهێنن .زانا مەلا خالید، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی ، بە خەباتی ڕاگەیاند، حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان ڕێککەوتوون کە لێژنەیەک بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاسای چاکسازی پێکبهێنن.

ڕوونیشیکردەوە کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە، ئەندامانی لێژنەکە لەلایەنی حکوومەتەوە لە وەزارەتە تایبەتمەندەکان پێکدێن ، لەلایەنی پەرلەمانیشەوە سەرۆکی فراکسیۆنەکان دەبن بە ئەندامی ئەو لێژنەیە. ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی: گفتوگۆی لێژنەکان لەسەر ئەو تێبینییانە دەبێت کە پێشتر فراکسیۆنەکان لەسەر ناوەڕۆکی پرۆژەیاساکە هەیانبووە، بە تایبەت دەرمالّەی فەرمانبەران. زانا مەلا خالید نەیشارەوە کە ئەوان نایانەوێت دەرمالّەی فەرمانبەران و مامۆستایان ببڕدرێت.

لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا، پرۆژە یاسای چاکسازی گفتوگۆیەکی جددی لەبارەوە کرا، بەڵام بەهۆی ململانێ سیاسییەکانەوە نەتوانرا پرۆژەیاساکە تێپەڕێندرێت و بۆ حکوومەت گەڕێندرایەوە.

حکوومەت پرۆژە وەستاوەکان وەگەڕدەخاتەوە

بەمەبەستی وەگەڕخستنەوەی پرۆژە وەستاوەکانی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران داوای داتای تەواو دەکات هەتا پرۆژە وەستاوەکان دەستپێبکەنەوە.

لەم بارەوە نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر پاش کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا کە بە بەشداریی قایمقام و بەڕێوەبەرانی قەزا و ناحیەکان بەڕێوەچوو، لە پرێس کۆنفرانسێکدا باسی لەوە کرد کە لە هەولّدان پرۆژە وەستاوەکانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان هەزاران پرۆژەیە وەگەڕبخرێنەوە .

پارێزگاری هەولێر باسی لەوەش کرد: ئێستا لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیران، دەستمان بە کۆکردنەوەی داتای پرۆژە وەستاوەکان کردووە و شێواز و تێچوو و چۆنیەتیی وەگەڕخستنەوەیان دەستنیشان دەکەین.

نەوزاد هادی ڕوونیشی کردەوە: خزمەتگوزاری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان بەرنامەی سەرەکیی کابینەی تازەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و دەیەوێت هاوواڵتیان لە جۆری پرۆژەکان رازی بکات.



شاخەوان برایم ئەحمەد

هەڵبژاردنی کەرکووک..

مەترسییەک دەبێ بە هەند وەربگیرێت

بە گوێرەی کاتی دیاریکراو بێت، هێشتا کاتی پێویست لەبەردەم هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا ماوە بۆ ئەوەی لە پەیوەست بە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان خۆی ڕێکبخاتەوە، بەدیاریکراویش پرسی بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکدا، کە ئەم کەیسە بە نیسبەت کوردەوە کەیسێکی یەکجار ئاڵۆزە و خودی بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکووک، لە بنەڕەتدا بڕیارێکی سیاسییە و بەو مەبەستە دراوە تا جارێکی دیکەش، پێگەی کورد لە کەرکووک لاواز بکەن.

زۆرترین قسەو باسوخواس لەبارەی دۆخی سیاسی، ئەمنی و هەتا کۆمەڵایەتیی کەرکووک و هەموو ئەو ناوچە کوردستانییانەی دەکەونە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانەوە دەکرێن، بە جۆرێک ئەوەی لە دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 ڕووەدات، هیچیان لە بەرژەوەندی کورددا نین و لە پرۆسەیەکی سیاسی و ئەمنی و سەربازیدا کار بۆ تەعریبکردنی کەرکووک و دەرپەڕاندنی کورد لەو ناوچانە دەکرێت، بۆ ئەمەش حکوومەتی عێراق لە سەرەوە قسەی باقوبریق دەکات و لە ژێرپشەوە پرۆسەی تەعریب و دژایەتیکردنی کورد، وەک خۆی بەڕێوەدەچێت.

هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، زۆر هەستیارە، بەهۆی ئەوەی ناوچە کوردستانییەکان و بە تایبەتیش کەرکووک، لەژێر هەژموونی حەشدی شەعبی و حکوومەتی عێراق دایە، دیارە حەشدی شەعبیش بە تەواوی لەژێر کاریگەریی ئێران و سیاسەتی تاران جێبەجێ دەکات، لەم دۆخەدا هەڵبژاردنەکە بۆ کورد زۆر مەترسیدارە، بەوەی هەر دۆڕاندنێکی هەڵبژاردن لە کەرکووکدا، مەترسییەکەی یەکجار زۆرترە لەوەی بە سادەیی باسی بکرێت، بەڵکوو دۆڕاندنی کورد لە کەرکووک و چارەنووسی شارەکەش جارێکی تر هاوشێوەی 16ی ئۆکتۆبەر بە قەدەر دەسپێرێتەوە، بە تایبەتی ئەگەر هێزە عەرەبی و تورکمانییەکان بتوانن لە ڕێگەی دەنگەوە پارێزگارێک بۆ کەرکووک دابنێن، ئەوکات شەرعییەت بە هەر کردەیەکی تەعریب و بە تورکمانیکردنی کەرکووک دەدەن.

لەم دۆخەدا پێویستە کورد لە دوو ڕەهەندەوە خۆی بۆ پرۆسەکە ئامادە بکات، ڕەهەندێکیان کە پێویستە پێداگری زۆری لەسەر بکات، ئەویش کارکردن بێت تا هەڵبژاردن لە کەرکووکدا نەکرێت، ڕەهەندەکەی تریشیان ئەوەیە کاتێک کورد دڵنیا دەبێتەوە لەوەی حکوومەتی عێراق نایەتە ژێرباڵی داواکردنی ڕەتکردنەوەی هەڵبژاردن لە کەرکووکدا، ئەگەرچی کورد دەبێت بە جدی داوای هەڵپەساردنی بڕیاری هەڵبژاردن لە کەرکووک بکات، بەڵام کاتێک عێراق هەر سووردەبێت لەسەر ئەنجامدانی، ئیدی کورد پێویستە بەوپەڕی توانا و هۆشیاری و مادەی خۆی، ئینجا بە یەک لیست بێت، لیستێکی کوردییانە کە ناکۆکییە سیاسییە حزبییەکانی تێدا ڕەنگ نەداتەوە، یان هەرچی هێز و لایەنی سیاسیی کوردستانییە بایکۆتی هەڵبژاردن بکەن و داوای چارەسەری دۆخی کەرکووک بکرێت، بۆیە گرنگە ئەو توانا مرۆیی و سیاسی و کەسێتییەی هەیە، بۆ کەرکووک بەگەڕبخرێت و مەترسییەکانی هەڵبژاردن بە گەورەیی وەربگیرێن، لەپێناوی ئەوەی کورد بتوانێت بە یەکگرتوویی لەم قۆناغە هەستیارەی هەڵبژاردندا سەرکەوتووبێت، ئەگەر هاتوو بەشداری تێدا کرد، ئەوکات دەکرێت هێزە کوردییەکانیش لەناو خۆیاندا لەسەر کەسێک بۆ پارێزگاری کەرکووک ڕێکبکەون یان بە خول پارێزگار دابنێن و ئەمەش لەپێناو گەڕاندنەوەی کەرکووکە بۆ ژێر هەژموونی هەولێر وەک پایتەختی کوردستان.

مادام بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکووک، بڕیارێکی سیاسییە و مەبەست لێی گوشارە بۆ سەر کورد و داگیرکردنی شارەکەیە، لە ڕێگەی کورسییەکانی هەڵبژاردنەوە، بە جۆرێک دۆخەکە لە بەرژەوەندی لایەنی عەرەبی و تورکمانی ئامادەسازی تەواوەتی بۆ کراوە، بۆیە پێناچێت بەغدا رازی بێت بە دواخستنی هەڵبژاردن لە کەرکووکدا، لەبەر ئەوەش قۆناغەکە بۆ کورد هەستیارە و پێویستی بەوەیە لە ئێستاوە کار بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکە بکات لە چوارچێوەی یەک لیستیی هاوپەیمانی لایەنە کوردییەکان، ئەگینا حکوومەتی عێراق زۆرترین هەوڵی سیاسی و ئابووری، شێوازی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکە و ڕێگریکردن لە کورد دەدات تا هەڵبژاردنەکە بباتەوە، ئەوکات قەبارەی زیانەکان بۆ کورد، یەکجار لەوەی ئێستاش گەورەتر دەبن، لێرەدا کورد دەتوانێت بە یەکگوتاری و یەکلیستی و یەکئیرادەیی کوردانە، هەر هیچ نەبێت لەم قۆناغەدا ڕووبەڕووی ئەو هەڵبژاردنە ببێتەوە، ئاخر هەر شکستێک لە کەرکووک، شکستی تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستانە و دواجاریش ئەوەی زیانە گەورەکە دەکات، کوردە بە پلەی یەکەم و کەرکووکییە کوردەکانیش بە دیاریکراوی ئازارەکانی ئەو زیانەیان بەردەکەوێت.

31 ساڵ بەسەر ئەنفالی ڕەشی بادینداندا تێدەپەڕێت

تا: قائید میرۆ:

بەر لە 31ساڵ ڕۆژێمی بەعسی لەناوچوو، بە هاوکاریی دەزگای هەواڵگری و پیاوانی بەعس لە ناوچەکە، ئەنفالی بادینانی ئەنجام دا و تێیدا زیاتر لە پێنج هەزار هاووڵاتی بوونە قوربانی. بەڕپرسی سەنتەری ئەنفالیش ڕوونی کردەوە، هێشتا کاریگەریی ئەنفالی ڕەشی بادینان بەسەر خەڵکەوە ماون. عەلی بەندی، بەڕپرسی سەنتەری ئەنفال لە دهۆک، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: 31ساڵ بەسەر ئەنفالی ڕەشی بادینانداا دەربازدەبێت، کە ڕۆژێمی ئەوکاتی عێراق لە هەشت قۆناغی جیاوازدا لە ڕۆژی 25ی ئاب دەستیپێکرد و تا 6ی ئەیلوول بەردەوام بوو، ئەنفالی بادینان بەپێی بەڵگەنامەکانی ڕۆژێمی بەعسی لەناوچوو دواقۆناغی ئەنفالی گەلی کورد بوو کە کرا و تێیدا زیاتر لە پێنج هەزار هاووڵاتیی سڤیلی دەڤەری بادینان زیندەبەچاڵ کران."

بەڕپرسی سەنتەری ئەنفال دەشڵێت: لە ئەنفالی بادینانداا جگە لە زیانی گیانی 663 گوند خاپوور کران و 79ناوچە کەوتنە بەر شاڵاوی ئەنفالی بادینان و وێرای ڕەشبگیری و لەناوبردنی هاووڵاتیان چەکی کیمیایی تێیدا بەکار هات و ژمارەیەک هاووڵاتی بەو هۆیەوە شەهید بوون.

لەگەڵ دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالی ڕەش بۆ سەر دەڤەری بادینان بە دەیان هەزار هاووڵاتی لە هەموو پێکهاتە و تەمەن و ڕەگەزەکان ڕوویان لە سنوورەکانی نێوان عێراق و تورکیا کرد و بەشێک لەو هاووڵاتیانە توانییان خۆیان بگەیەننە کەمپەکانی چەلێ و مێردین و چەندین ناوچەی دیکەی باکووری کوردستان، ئەوانەیشی مابوونەوە ڕێژیم بەزۆرەملێ بۆ کۆمەڵگەی جەژنیکان و ناحیەی بەحرکەی نزیک هەولێری گواستنەوە.

عەلی بەندی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: بەداخەوە پرۆسەکانی ئەنفال کاریگەریی زۆر خراپی کردە سەر دەروونی هاووڵاتیانی ناوچەکە و تا ئێستاش کاریگەرییەکانی هەر ماون، لەبەر ئەوەش، ئاسەواری ئەنفال زیانی زۆری بە خەڵکی کوردستان گەیاند.

ڕۆژێمی بەعس لە ئەنفالی بادینان چەندین چەکی قەدەغەکراوی بەکارهێنا دژی هاووڵاتیانی سڤیل کە کارەساتی زۆر جەرگبڕی تێدا بوو، وەک کیمیابارانکردنی ئەشکەوتی دەکان لەوکاتەی ئەشکەوتەکە پڕ ببوو لە ژن و منداڵ، ڕژێم چەکی کیمیاییی دژیان بەکار هێنا.

بەندی گوتیشی: نەمانتوانیوە سوود لەو کارەساتانە وەربگرین بۆ دیکۆمێنتکردنی ئەو هەموو کارەساتانەی سەردەمی ڕژێمی بەعس بەسەر گەلی ئێمە هاتوون و تێیدا دیان هەزار هاووڵاتی بوونەتە قوربانی، یەکێک لەوانە کارەساتی ئەنفالی بادینانە کە پێویستە هاوشێوەی کارەساتەکانی دیکەی جیهان کاری لەسەر بکرێت.

کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی زانای بەناوبانگی کورد ئیبن ئادەمی باڵەک بەڕێوەچوو

حوسێن حوزنی موکریانی: ئیبنو ئادەم ئەو زانایەیە ئەگەر لە نێو هەر نەتەوە و گەلێکی دیکەدا هەڵبکەوێ شانازیی زۆری پێوەدەکەن



بە دروشمی "ئیبن ئادەم، قەڵەمێک بە باڵای هەڵگرد" دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی، تایبەت بە ڕوانین و بەرهەم و دەستخەتەکانی عەللامە ئیبن ئادەمی باڵەکی/باڵەکایەتی، یەکێک لە زانا هەرە دیار و بەرچاوەکانی کوردستان، سازدەکات. کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکە ڕۆژی شەممە 2019/8/24 و ڕۆژی دواتر لە شاری سۆران بەڕێوەدەچێت، ئامانجیش زیندووکردنەوە و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەو زانا گەورە و ناودارەی کورد و کۆکردنەوەی هەموو ئەو دەستخەتەکانی توێژینەوەیانە بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە و بۆ خوێندنەوەی هزر و ڕامان و هەڵسەنگاندنی بیر و ڕوانینەکانێتی بە دیدێکی واقیعییانە.

ئیبن ئادەمی ڕوستایی باڵەک 1750 تا 1844 لەسەر ئاستی کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا، زانایەکی بەرجەستە و دیار بووە، خەڵکی دەڤەری باڵەکایەتییە، بەشی زۆری بەرهەمەکانی هێشتا دەستخەتن و ساغنەکراونەتەوە و دەیان بەرهەمی دەستخەتیشی لەپاش خۆی لێ بەجێماوە.

دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران کە بۆ پاراستن و ساغکردنەوەی بەڵگەنامە و دەستنووس، 4 ساڵ لەمەوبەر دامەزراوە و بە کۆنفرانسە زانستییە نێودەوڵەتییەکە هەستاوە، تا ئێستا زیاتر لە 10 کتێبی چاپکردووە و بە سەدان دەستخەت و بە هەزاران بەڵگەنامەی لەبارەی کورد و کوردستانەوە کۆکردۆتەوە.

کورتەیەک لەبارەی مەلا محەمەدی ئیبن ئادەم

محەمەد ،ناسراو بە ئیبنو ئادەم لە ساڵی 1747 لە گوندی ڕوستی دەڤەری باڵەکایەتی سەر بە قەزای چۆمان لەدایک بووە، ئیبنو ئادەم بە دەیان دانراوی خۆی دەربارەی زۆربەی زانستەکانی وەک زمانەوانی، میژوو، زانستی گفتوگۆ، زانستی وشە، ڕێزمان، ڕەوانبێژی بیرکاری، لۆجیک، ئەستێرەناسی، شیعر و چەندانی تر نووسیوە.

لە یەکێک لە کتێبەکانی نوسیوویەتی، سوڵتان سەلیمی عوسمانی پرسیارێکی زمانەوانی ئاراستەی زانایانی کوردستان و عێراق کرد، هەر کەسێک وەڵامی پرسیارەکەی بە لێهاتوویی و ژیری خۆی بزانیایە خەڵاتی پێدەدرا و دەکرا بە والی سوڵتان لە شاری بەغدا، هیچ یەک لە مەلا و زاناکان لەو کاتەدا ئەو پرسیارەی بۆ وەڵام نەدرایەوە کە سوڵتان سەلیمی عوسمانی ئاراستەی کردن، محەمەد وەک خۆی نووسیویەتی لە ماوەی ڕۆژێک وەڵامی پرسیارەکە دەدۆزێتەوە، بەڵام وەڵامی ئیبن و ئادەم لەلایەن چەند فەقێیەک دەبردرێت و خەڵاتیشی پێوەردەگیرێ.ئیبن و ئادەم ماوەیەکی زۆر لەلای پاشای کۆڕەی ڕواندز موفتی بووە و وانەی پێگوتۆتەوە، بەڵام دوای ماوەیەک لەلای پاشای کۆڕە دەروات و دەڵێن، بە هۆکاری ئەوەی ئیبنو ئادەم ڕەخنەی لەسەر شێوازی مامەڵەکردن و ئازاردانی زیندانییەکان هەبووە لەگەڵ پاشای گەورە بە بووە بە کێشەی و زۆر بە دڵگرانی پاشای کۆڕەی ڕواندزی جێهێشتووە، ئەمەش دەریدەخات ئەو ئەو زانایەی کورد 215 ساڵ لەمەوبەر دژی پێشێلکردن و شکاندنی گەورەیی مرۆڤ بووە.

لەپاڵ گوتنەوەی وانە بە پاشای کۆڕەی ڕواندز، وانەی بە شاعیر و زانایانی کورد هەر یەکە لە حاجی قادری کۆیی، مەلا عبدولڵای جەلیزادە، باوکی مەلا گەورە، مەلا خەتێ، مەولانە خالیدی شارەزووری و وانەی بە چەندین زانای بەناوبانگی دیکەش گوتووەتەوە.

بەهۆی پێگە و ناوداربیەکەیەوە چەندین نووسەری گەورەی کورد و عەرەب ژیاننامەکەی دەنتووسنەوە ،لەوانە عەباس عەزاوی، شێخ محەمەدی خاڵ، مسعود محەمەد، ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، زوبێر بیلال ئیسماعیل، کەریم شارەزا، فائیزی مەلا بەکر، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، ڕەشید ئامێدی.

حوسێن حوزنی موکریانی لەسەرکەسایەتی و لێهاتوویی ئیبنو ئادەم گوتوویەتی: "ئیبنو ئادەم ئەو زانایەیە ئەگەر لە نێو هەر نەتەوە و گەلێکی دیکەدا هەڵبکەوێ شانازی زۆری پێوەدەکەن، شایەنی ئەوەیە لە سەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان پەیکەری بۆ دروست بکرێت.

ئیبنو ئادەم لەسەر پرسی نەتەوەیی و نووسین بە زمانی کوردی زۆر بە توندی پێداگری کردووە، زۆرجار لە نووسینەکانی باسی شاری سلێمانی کردووە و گووتوویەتی (سلێمانی پایتەختی کوردستانە) ئەمەش جۆرێک لە دانانە بە دەوڵەتی کوردستان.

ئیبنو ئادەم لە خەباتی ڕۆشنبیری خۆی بەردەوام دەبێت، دواجار لە گوندی دێڵزەی سەر بە قەزای چۆمان گیانی دەسپێرێ و لەوێش بەخاک دەسپێردرێت بۆ هەمیشە مانەواییی لە نیشتیمانێکی بێ دەوڵەت و سەربەخۆ دەکات.

لە کوردستان 24ەوە



سێیەمین دانیشتنی دادگاییکردنی سەرۆکی لەکارلادراوی سوودان عومەر حەسەن بەشیر بەڕێوەچوو، بۆ گوێگردن لە شاهیدەکانی تۆمەتی دەستبەسەر داگرتنی بڕێکی زۆر پارە لە ماڵەکەیدا.

لە ئەڵمانیا زۆرترین چالاکی و ئاهەنگ بەبۆنەی 16ی ئاب بەڕێوەچوون

ڕەوەندی کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بە گوڕوتینەوە بەشداریی چالاکییەکانیان کرد



ساسان دەروێش - ئەڵمانیا



لەژێر چاودێری لقی6ی ئەوروپای پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەڵمانیا و هەندێک وڵاتی دیکەی ئەوروپا بە فراوانی چەندین چالاکی هەمەڕەنگ و ڕێوڕەسمی شایستە و تایبەت بە یادی 16ی ئاب و ڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆک بارزانی بەڕێوەچوون.

پارتی دیموکراتی کوردستان وەک هەڵقوڵاوی نێو جەماوەری کوردستان، 73 ساڵ لەمەوبەر لە هەلومەرجێکی دژواردا بۆ بەرگریکردن و بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد و لەسەر ڕێبازی کورد‌ایەتی، لەلایەن ڕێبەری کورد، مستەفا بارزانی هاتە دامەزراندن، بۆ بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکانی کوردستان و هەر لە هەمان کاتوساتیشدا ڕووناکی کوردستان ڕۆژی لەدایکبوونیەتی و لەژێر ئالاکەی کوردستان خۆری بەرزی کوردستان ڕووناکی خستە سەربوونی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و کوردییان لە داگیرکاری و زوڵم و ستەمی دابەشکردنی کوردستان رزگار کرد و ڕیفراندۆمیان کردە سەرمەشقی خەبات و تێکۆشان بۆ هێنانەدی خەونی هەموو کورد لە سەربەخۆیی بۆ کوردستان.

هەر لەو ڕوانگەیەشەوە کوردانی پارچەکانی تری کوردستان بۆ یادی 73هەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 16ی ئاب و ڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆک بارزانی، زۆرترین چالاکی و ئاهەنگ و سیمیناریان لە زۆربەی شارە گەورەکان ڕێکخست، ڕەوەندی کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان لە ئەڵمانیا ئاهەنگ و چالاکیی تایبەت بەم یادانە بەشداربوون و سۆز و وەفاداری خۆیان دەربڕی.

لێژنەی ناوچەی هامبۆرگی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کوردستان گوتی: ئەوە پێنگەی پارتییە کە بە تەمەنی 73 ساڵییەوە هێشتا بە گوڕتر بۆ هێنانەدی دەستکەوتی زیاتر و یەکخستنی نەتەوەی کورد کە جێگای شانازییە بۆ ئەم بۆنانە، ئەوتا کوردانی تری پارچەکانی کوردستان سۆز و وەفاداری خۆیان دەردەبڕن و بەڵێن بۆ کوردستانێکی بەهێز و پاڵپشتی دەردەبڕن، ڕیفراندۆمێش بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ئەوەی پارتیمان پارتێکی نەتەوەیی و خاوەن شەهید و قوربانییە کە لە هاوکێشەکانی جیهانیشدا بوونی هەیە و داواکارم لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە گرنگی بدەن بە کوردستانییانی تاراوگە، چونکە سامانێکی گەورەی پاڵپشتیی کوردستانێکی بەهێز دەبن.

هەروەها عەلی نێروەیی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هامبۆرگی پارتی بۆ خەبات گوتی: ئەم بۆنەیە بۆ ئێمەی پارتی و کورد لە تاراوگە زۆر گرنگ و مێژوویە، بۆیە هەستاین بەم شێوە فراوانە یادی بکەینەوە، بە بەشداربوونی ئەم جەماوەرە گەورەیە لە ئەندامانی پارتی و دۆست و میوانەکانمان، کە نەوەیەکی نوێ لە نێوماندا لە تاراوگە چاویان بە ژیان هەڵهێناوە، لەنێو کۆمەڵگایەکی بیانی با بزانن کە پارتی و بارزانی دوو هێزی باوەڕی کوردبونبوون بۆ ئازادی و مافی گەلی کورد و ئەوانیش لەسەر هەمان ڕێباز بەردەوامبن و کوردستان لە دڵ و میشکیان بچەقێنین کە گەل و خاکی خۆیان خۆشبوێت.

لە کۆتایشدا خالید نیال دۆسکی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی لایزیکی پارتی گوتی: ئەمەی دەیبینن بەشێکە لە هێز و بازووی ئەندامانی پارتی لە ئەڵمانیا و ئەم شارە بە چ هەست و سۆزێکی گەورەوە پیرۆزبایی لە 73هەمین ساڵەی پارتی و ڕۆژبوونی سەرۆک بارزانی دەگرن و بەڵێن دەدەن هەمیشە بالێوزی کوردستان بن لە تاراوگە و خزمەتکاری گەل و خاکی خۆیان بن.

سوپای ئیسرائیل: ڕێگەمان لە هێرشێکی بەربڵاوی هێزەکانی ئێران گرت

میلیشیا شیعەکان و سوپای قودس پلانیان هەبوو هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل



K24: سوپای ئیسرائیل بڵاویکردەوە، ڕێگەیان لە هێرشێکی بەربڵاوی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی هێزەکانی قودسی ئێرانی لە سووریا بۆ سەر وڵاتەکەیان گرتووە. ڕۆژی شەممە، فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل چەند پێگەیەکی سەربازییان لە دیمەشقی پایتەختی سووریا کردە ئامانج. دوا بە دوا هێرشەکان، سوپای ئیسرائیل هۆکاری هێرشەکەی ئاشکرا کرد. بەگوێرەی توێتێکی سوپای ئیسرائیل، میلیشیا شیعەکان و سوپای قودس پلانیان هەبووە هێرش بکەنەسەر ئیسرائیل، بەڵام سوپای ئیسرائیل ڕێگری لەو هێرشە کردووە. لای خۆیەوە، بێنیامین نەتەنیاهو، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە توێتێکدا، هێرشەکەی پشتڕاستکردەوە و نووسیویەتی: لە ئێوەڕاسیۆنێکدا، هێرشی قودسی ئێران و میلیشیا شیعەکانمان شکست پێ هێنا. دەشڵێت: ئەگەر کەسێک بۆ کوشتنت هەستا، تۆ سەرەتا بیکوژە. ئەمەش لە کاتێک دایە، ئیسرائیل بە بۆردومانکردنی جبەخانەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق تۆمەتبار دەکرێت، بەڵام سوپای ئیسرائیل بە فەرمی ئەوەی پشتڕاسنەکردووەتەوە.

تایمزی بەریتانی: ئیسرائیل جەنگێکی نهێنی لە عێراق دەستپێکردووە

ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی لە ڕاپۆرتێکدا کە دوێنێ بڵاویکردووەتەوە ?جەخت لەوە دەکاتەوە، کە فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل بوون جبەخانە و کۆگاکانی چەک و تەقەمەنی حەشدی شەعبییان لە عێراق کردووەتە ئامانج و ئەم بڕیارە بە جەنگێکی نهێنی ناوبردووە.

لە ڕاپۆرتەکەدا باسی ئەوە کراوە، بەرپرسانی ئەمەریکا بەم دواییانە ئاشکرایانکردووە، کە تەل ئەقیف کۆگاکانی چەکی ئێرانیان لە عێراق بۆردومان کردووە، بەمەش دۆخی ئەو وڵاتە ئاڵۆزتر دەبێت.

ڕۆژنامە بەریتانییەکە نووسیویەتی، چەند سەرچاوەیەک لە واشنتنەوە کوژرانی دوو فەرماندەی ئێرانیان لەو هێرشەی ئیسرائیل پشتڕاست کردووەتەوە، کە هەفتەی ڕابردوو بۆ سەر بنکەیەکی سەربازی لە باکووری پارێزگای سەلاحەدین ئەنجامیدا و بووە هۆی تەقینەوەیەکی بەهێز لەو بنکەیە.

هەروەک ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بە بوونی چەند وێنەیەکی شوێنی ڕووداوەکەش داوە، کە لە دیمەنەکانیان ئاگرێکی گەورە لەو شوێنە کەوتووەتەوە، کە لە لایەن فەیلەقی بەدر بەکار دەهێنرا وەک ئاماژەی پێداوە، ئەو فەیلەقە لەو سەربازانە پێکهاتووە، کە لە سەردەمی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران، شانبەشانی ئێران لە دژی عێراق جەنگاون.

هەرچەندە سوپای ئیسرائیل ڕەتی کردەوە هیچ کۆمێنتێک لەسەر ئەو تەقینەوانە بدات، کە لە جبەخانە و بنکە چەکدارییەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق ڕوویاندا و دەگوترێت لەلایەن تەل ئەقیڤەوە بە هێرشی ئاسمانی ڕووێنداوە، بەڵام دواتر بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائی دووپاتیکردەوە، وڵاتەکەی لە سەنگەرە جیاوازەکانەوە ڕووبەڕووی ئێران دەبێتەوە و لە هیچ شوێنێک پارێزبەندی بە کۆماری ئیسلامی نادات.

سەرچاوە/K24

ئابووریناسێک بۆ «خەبات»:

هەمەجۆرکردنی ئابووریی هەرێم پشت بەستن بە بودجەی بەغدا کەمتر دەکاتەوە



شارەزایەکی بواری ئابووری ڕایدەگەیەنێت، ئەگەر بەرنامە و پلان بۆ هەمەجۆرکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان دابنرێت، ئەوا سەرکەوتوو دەبێت. لەمبارەوە عەلی بەلۆ، شارەزای بواری ئابووری بە خەباتی ڕاگەیاند: دەکرێت سوود لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگیرێت، ئەوکات دەتوانرێ کەمتر پشت بە بودجەی بەغدا ببەسترێت، هەمەجۆرکردنی ئابووری خاڵێکی زۆر گرنگە و دەبوو لە کابینەکانی پێشتردا گرنگی پێ بدرایە، بەڵام ئەگەر بێت و کابینەی نوێەم بەڕاستی کاری لەسەر بکات و پلان و بەرنامەی بۆ دابنێت، ئەوا سەرکەوتوو دەبێت.

ئەو شارەزایە بەدووری زانی کە بتوانرێت لە ماوەی چوار ساڵدا بەتەواوی ئابووریی هەرێم هەمەجۆر بکرێت و گوتی: دەکرێت حکوومەت پلان بۆ ماوەی 10 ساڵ دابنێت و داهاتی هەرێم بخرێتە سەر سیستەم تا ئەو کێشانەی هەیە بنەبڕیان بکات کە ئەم هەنگاوە کارێکی زۆر پیرۆزە و ئەگەر بەرنامەڕێژی بۆ بکرێت سەرکەوتوو دەبێت.

عەلی بەلۆ تەئکیدیشی کردەوە: دەبێ گەشە بە لایەنی گەشتیاری، بازرگانی، پیشەسازی، بەروبوومی کشتوکاڵی، ڕێکخستنی سیتسەمی باج، داهاتی گومرگی، سیستەمی کارەبا بدرێت و ڕێک بخرێن، بەم شێوەیە ئەرکی سەرشانی حکوومەت سووک دەبێت و خەڵک زیاتر پشت بە حکوومەت نابەستێت ، هەلی کار بۆ هاوواڵتیان دەڕەخسێت و هەرێمی کەمتر پشت بە بوودجە و داهاتی نەوت دەبەستێت".

وەزارەتی کشتوکاڵ:

داوامان لە جووتیاران هەیە کە بەرهەمەکانی خۆیان هەمەجۆر بکەن

گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ ڕایگەیاند، لە چەند خاڵێک گرنگی بە کەرتی کشتوکاڵ دراوە ، وەک سێکتەری ئابووری و یەکێک لەوانە هەمەجۆرکردنە ، لەناو ئەوەشدا ئێمە داوامان لە جووتیاران هەیە کە بەرهەمەکانی خۆیان هەمەجۆر بکەن، ڕۆژی 29ی8ی 2019 لە هەموو پارێزگاکان کۆنفرانس دەکرێ بۆ ئەوەی هەرێک لەوانە بەپێی تایبەتمەندیی خۆیان پرۆژەکانیان دابنێن. حوسێن حەمەکەریم گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ تەئکیدی کردەوە : ئەو پلانە بەپێی سیستەم و جیاوازیی ناوچەکان جێبەجێ دەکەین، تا کەرتی کشتوکاڵ ببێتە بەشێک لە ژێرخانی ئابووریی هەرێم.

ڕوونیشی کردەوە: تەئکید لەسەر دۆزینەوەی بازاڕ و بە پیشەسازیکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان دەکرێتەوە، بۆ ئەوە کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کراوە ، لەگەڵ وەزارەتی وەبەرهێنانیش کۆبوونەوە دەکرێ ، لەبەر ئەوەی ئەو بابەتانە جگە لە وەزارەتی کشتوکاڵ، پەیوەستن بە چەند دامودەزگایەکی دیکەی حکوومیش کە دەبێ هاوتەریب لەسەر ئەو بەرنامە و سیاسەتەی دادەنرێت کاری لەسەر بکەین. شایانی باسە کە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەوتارەکەیدا لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان تەئکیدی لەهەمەجۆر کردنی سەرچاوە دارایی وئابووریەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە بەخاڵێکی سەرەکی بەرنامەی کاری حکوومەتی هەرێمی دانا .



پەرلەمانتارێکی کورد داوای کردنەوەی ڕێگەکانی کۆڵبەری لە ڕۆحانی دەکات

پەرلەمانتارێکی کورد داوا لە حەسەن ڕۆحانی سەرۆککۆماری ئێران دەکات کە ڕێرەوی کۆڵبەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکاتەوە. دوێنێ یەکشەممە ڕەسوڵ خزری نوێنەری شارەکانی پیرانشارو سەردەشت لە پەرلەمانی ئێران لە کۆبوونەوەی ئاسایی پەرلەمان رایگەیاند کە دۆخی گوزەرانی خەڵکی سەر سنوور خراپەو گەمارۆکانی ئەمەریکا دۆخەکەی خراپتریش کردووە. ئەو پەرلەمانتارە کوردە داوا لە حەسەن ڕۆحانی سەرۆککۆماری ئێران دەکات کە ڕێڕەوی کۆڵبەری بۆ خەڵکی سەر سنوور بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لانیکەم لە دۆخە خراپە ئابووریە ڕزگاریان بێت. ڕەسول خزری دەشڵێ تاکوو ئێستا بەشێکی زۆر لە کرێکارانی بەندەواکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پارەیان وەرنەگرتووەو داوا لە کابینەی دەوڵەتی ئێران دەکات پێیان بدات.

ئوردن.. خۆپیشاندان دژبە سنووردارکردنی هاوردەکردنی جگەرە



لە شاری ڕەمسە باکووری ئوردن، خۆپیشاندەران دووبارە دەستیان بە خۆپیشاندان کردەوە دژ بەو سنووردارکردنانەی کە حکوومەت خستوویەتە سەر هاوردەکردنی جگەرە. پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆلۆ ڕایگەیاندووە کە خۆپیشاندەران، شەقامەکانی شاری ڕەمسە سنووری باکووری ئوردن لەگەڵ سووریا داخستووە، هەروەها داوایان کرد حکوومەت دەستلەکاربکشێنێتەوە.

ئەمەش لە کاتێکدایە ڕۆژی شەممە حکوومەت ڕایگەیاندبوو کە بۆ کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان، هەروەها پاڵپشتیکردن لە ڕێوشوێنەکانی کە بۆ ڕێگریکردن لە بەقاچاغبردنی مادەی هۆشبەرەکان، چەک و جگەرە گرتوویەتەبەر لەگەڵ کەسایەتییەکانی شاری ڕەمسە گەیشتووەتە ڕێککەوتن. پێشتریش ئەنجوومەنی وەزیرانی ئوردن بڕیارێکی دەرکرد و تیایدا ئەو بڕە جگەرەیەی دیاریکرد کە پێویستە هاوردە بکرێت.

تورکیا... داودئۆغلۆ و باباجان

پارتی ژیان و دادپەروەریان ڕاگەیاند

لە سەروبەندی ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنی لە ناوخۆی تورکیا و ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەمەریکادا، پارتێکی نوێ لە تورکیا دامەزرا و بە فەرمی ڕاگەیەندرا.


هەریەک لە ئەحمەد داودئۆغلۆ سەرۆک وەزیرانی پێشووتر و عەلی باباجان سەرۆکی ئەکەپە و جێگری سەرۆک وەزیرانی پێشوی تورکیا، بە فەرمی دامەزراندنی پارتێکی نوێیان بەناوی "یا ئا پە" پارتی ژیان و دادپەروەری ڕاگەیاند. لۆگۆکەی ئەم پارتەش پێکهاتووە لە خۆرێک و دوو گوڵی گەنم کەشێوەی تەرازوویەکیان وەرگرتووە.ئەحمەد داود ئۆغلۆ، سەرۆکوەزیرانی پێشووتری تورکیا و سەرۆکی پارتی دادو گەشەپێدان و وەزیری دەرەوەی تورکیا بووە، هەروەها عەلی باباجان یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەکەپە و لە ماوەی دوو خولی حکوومەتی تورکیادا جێگری سەرۆکوەزیران بووە.باباجان بە ئەندازیاری ئابووریی تورکیا ناوی دەرکردووە و ڕۆژی 2019/7/8 لە نامەیەکدا کە بۆ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی پارتەکەی نارد‌بوو، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە ئەکەپە ڕاگەیاندبوو.

وەزیری ئەوقاف: هەرێمی کوردستان لانە و ماڵی هەموو پێکهاتەکانە



لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە ئامادەبوونی ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ، ئانۆ یوسفی سێیەم پێزان بەتریاکی و سریان کاسۆلیکی ئەنتاکی و شاندێکی باڵای یاوەری کرد، بە گەیشتنیان شاندی میوان بە گەرمی پێشوازییان لێکرا. لەوتەیەکدا وەزیری ئەوقاف وێرای بەخێرهاتنی شاندی میوانی بۆ کوردستان، ڕایگەیاند: هەرێمی کوردستان لانە و ماڵی هەموو پێکهاتەکانە و مایەی شانازییە بۆ گەلی کوردستان بوونەتە نموونەی ئاشتی و خۆشەویستی پێکەوەیی، بە شێوەیەک هەموو جیهان سەرسامە بەو لێبووردەییەی کە بناغەیەکی پۆڵایین و میژووی هەیە، هەروەها بەڕێزیان تەئکیدی کردەوە بۆ زێتر پاراستنی ئاشتی و پێکەوەیی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان پشت بەپلان و ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبەستین کە بە شێوەیەکی ڕوون کاردەکات بۆ خزمەتی گشتی و گرنگیدانی هەمەلایەنە. جێگەی ئاماژەیە شاندەکە لەماوەی مانەوەیان چەندین دیداری گرنگ لەکوردستان ئەنجام دەدەن.

سالیادی دامەزراندنی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان پیرۆز کرا



بۆ پیرۆزبایی 24مین سالیادی دامەزراندنی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە کوردستانییەکان و ئەندامانی مەکتەب، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان لە هەولێر کرد و لەلایەن خدر ڕوسی سکرتێری بزووتنەوەکە و ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوازی کرا. لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی بەناوی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە سکرتێری بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان و تەواوی ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرانی بزوتنەوەکە کرد و هیوای سەرکەوتنی لە ژیانی سیاسی و بەردەواميدان بەخەبات و تێکۆشان لە پێناو پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بۆ خواستن، هەر لەم دیدارەدا پرسە سیاسییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دوایین پێشهات و گۆڕانکارییەکان لە ناوچەکە تیشکی خرایەسەر، هەروەها تەئکید لە یەکڕیزی تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەکان و هۆشیاری زیاتری جەماوەر لە پالپشتیکردن لە پێناو ئەرک و بەرپرسیاریەتی نیشتیمانی و نەتەوەیی هەموو لایەک بۆ داکۆکیکردن و سەرکەوتنی ئەم قۆناغە کرایەوە .

باڕزان... لە زێی گەورە تەرمێکی نەناسراو دۆزرایەوە

خەبات ـ مسلم دۆلەمەرگی:

لە ڕووباری زێی گەورەی نزیک شارۆچکەی بلێی سەر بە ناحیەی باڕزان، تەرمێکی نەناسراو دۆزرایەوە، شایانی باسە دوای ئاگادارکردنەوەی پۆلیسی بەرگری شارستانی بلێ بە بوونی تەرمێک لە نێو ڕووباری زێی گەورە لە نزیک شارۆچکەی بلێ دەستبەجێ تیمەکانیان گەیشتنە شوێنی دیاریکراو تەرمەکەیان لە نێو ئاوەکە دەرهێنا و گەیێنرایە نەخۆشخانەی گشتی بلێ بەڵام لەبەر شێواوی تەرمەکە، ناونیشانی تەرمەکە نەزانرا و بە بڕیاری دادگای میژگەسور تەرمەکە گواسترایەوە پزیشکی دادی قەزای ئامێدی، چونکە واپێشبینی کراوە کە ئەو تەرمە هی ئەو کچەی شارۆچکەی دێرەلوک بێت کە زیاتر لە سێ مانگە خۆی فرێداوەتە نێو ڕووباری زێی گەورە و کۆتای بە ژیانی خۆی هێنا کە تاکو ئێستاش تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە.

وەزیرێ پەروەردێ:

لڤان چار سالێن بهێت دێ پتر گرنگیێ دەینە سەکتەرێ پەروەردێ



بەهەزاد عەلی ئاددم پاریزگەرێ دهۆکێ ب وەکالەت پێشوازیا ئالان حەمە سەعید وەزیرێ پەروەردێ یێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و شاندێ دگەلدا کر. دهەڤدیتنەکێدا ب ئاماددبونا عومەر عەلی تەها ڕێڤەبەرێ گشتی یێ پەروەردێ ل پاریزگەها دهۆکێ بەحسێ ڕەوشا پەروەردێ ل پاریزگەها دهۆکێ و ئەو گرنگیا حکومەتا هەرێمێ ددەتە سەکتەرێ پەروەردێ و بەرهەڤبێن دهێنە کرن بو دەستپێکرنا وەرزێ سالا نوو یا خاندنێ 2019-2020 و ئاریشە و ئاستەنگین دهێنە پێش پروسا خاندنێ ژ میلاکات و ئاڤاهیێن قوتابخانا و کاروبارێن کارگێری ب گشتی هاتە کرن. پاریزگەرێ دهۆکێ ب وەکالەت خوشحالیا ب سەردانێ وان بۆ ناڤچێ پیرۆزباهی ل وەزیرێ نوو یێ پەروەردێ کر و خواست کو پشتی پلانا چارسالی دهێتە ئامادەکرن وبودجا پەروەردێ دهێتە دیارکرن ڕەوشا پەروەردێ ل پاریزگەها دهۆکێ پتر لبەر چاڤ بهێتە وەرگرتن و پتر گرنگی ب کەرتێ پەروەردێ بهێتە دان وپشتەڤانیا پاریزگەهێ نیشان دا بو هەر هاریکاریەکێ بو پێشئێخستنا کەرتێ پەروەردێ وسەرکەفتن بو وەزیرێ نوو خواست.

ژلایێ خوڤە وەزیرێ پەروەردێ تەکەزکر کو سەکتەرێ پەروەردێ زور یێ گرنگ وبەرفرەهە و ل ڤان سالێن دەربازبوی گەلەک کار وخزمەت بو هاتیە کرن وئەم ژی وەکو وەزارەت ل چار سالێن بهێت ل دوڤ پلانەکا ڕێکخستی دێ گرنگییەکا پتر دەینە ڤی سەکتەری وپتر پێشئێخین

بەرپرسێ لقا 9 پێشوازیا فراکسیونا پارتی دیموکراتی کوردستانێ ل پەرلەمان کوردستانێ کر



فراکسیونا پارتی دیموکراتی کوردستان ل پەرلەمانێ کوردستانێ ب سەروکایەتیا ئومێد خوشناو سەروکێ فراکسیونا پارتی ل پەرلەمانێ کوردستانێ سەردانا بارەگایێ لقێ9 دان و ل بارەگایێ لقێ 9ژبال سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ و کارگێر و ئەندامێن لقێ9 ب گەرمی هاتنە پێشوازیکرن، دروینشتنەکێ دا و پشتی پەیڤا بخێرهاتنێ بەرپرسێ لقێ9 جارەکا دی ب ناڤێ لقێ9 و جەماوەرێ هەردوو قەزایان ئاکرێ و بەردەرەش پیرۆزباهییێن خوە ئاراستەیی فراکسیونا پارتی دیموکراتی کوردستان و تەڤایا فراکسیونێن پەرلەمانی کوردستانێ و لایەنێن سیاسی کرن بو هەلبژارتنا ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بو سەروکێ هەرێما کوردستانێ و ڕێزدار مەسرور بارزانی بۆ سەروکێ کابینەیا نەهێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ و خویا ژی کر کو فەرە ئەم هەمی و کورد وکوردستانی پالپشت و هاندەر بین بو ڤێ کابینەیێ و ئەو درویشمێن مە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستانێ د هەلبژارتناندا بلند کرین کو بەرەڤ کوردستانەکا بهێز ب کریار بهێنە جێ بەجێ کرن و خویا ژی کو هەردەم پارتی دیموکراتی کوردستان خودانێ بریارا خویە و بریارێ ل کەس ژی وەرناگریت و ل دەمێ بریارێ ژی ددەت دێ جێ بە جێ کەت، چونکە گەلێ کوردستانێ هەژی هندێ یە کو پتر خزمەتا وان بهێتە کرن و پڕوژێن خزمەتگوزاری زێدەتر بۆ بهێنە پێشکێش کرن، دیسان بەرپرسێ لقێ 9گوت: ئەم ژی وەکو لقێ9 ل سنورێ ڤان هەردوو قەزایان و ب جەماوەرێ وێڤە دێ هەردەم پالپشت و هاریکار بین بۆ سەرکەفتنا حکومەتا هەرێما کوردستانێ.

شارەوانی هەولێر داواکارییەکانی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکات

سەرۆک شارەوانی هەولێر، سامان محەمەد ڕایگەیاند کە داواکارییەکانییان بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە ڕاوەستاوەکان کە پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە، ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی کردووە، ئاشکرایشی دەکات کە سالانە پێویستییان بە زیاتر لە 100 ملیار دینار هەیە بۆ ئەو پڕۆژانەی لە پلانی سەرۆکایەتی شارەوانییدایە. سامان محەمەد لەبارەی دەستپێکردنەوەی پڕۆژە ڕاوەستاوەکان گوتی: بە هۆی قەیرانی دارایییەوە پڕۆژەکان ڕاوەستابوون، لەسەر بڕی سەدا 17ی دیاریکراو، توانیمان سالانە بەبڕی 10 ملیار دینار پڕۆژەی جۆراوجۆر ئەنجام بدەین، لەم کابینەیەشدا هەموو داواکارییەکانمان ناردۆتە وەزارەت و لەوێشەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەرز دەکرێتەوە و ئومێد دەکەین بە بایەخەوە سەیری پێداویستییەکان بکەن. سەرۆک شارەوانی هەولێر گوتیشی: لە داواکارییەکانماندا زۆر پێداویستی گرنگ هەیە وەک؛ پڕۆژەی شەقامی 120 مەتری و شەقامی 150 مەتری، هەروەها چەند گەڕەکێکی نوێ هەیە لەگەڵ بابەتی ئیفرازات وەک گەزنە و ئەو شوێنانە، بۆیە بە ڕەزامەندی نیشاندان لەسەر داواکارییەکانمان دەتوانین چەندین پڕۆژەی گرنگ ئەنجام بدەین. سامان محەمەد سەبارەت بە بڕی بوودجەی تەخمینکراوی سالانە بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکان گوتی: سالانە 100 ملیار دینارمان پێویستە بۆ ئەوەی بتوانین ئەو پڕۆژانەی کە لە بەرنامەماندایە، جێبەجێی بکەین و لە داواکارییەکانیشماندا جێگای هەموو ئەوانەمان کردووەتەوە.

سەرۆک شارەوانی هەولێر، سامان محەمەد لەبارەی کەمتەرخەمی لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون گوتی: ناوەوەی پڕۆژەکان لە ئەستۆی وەبەرهێنانە، بەڵام دەڕەوەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە و لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری شارەوانی هەموو ئەو شوێنانەمان دیراسە کردووە کە کەمتەرخەمی تیادایە و کاری بۆ دەکرێت. سامان محەمەد سەبارەت بە دابەشکردنی زەوی بەسەر دوو تاپۆدا گوتی: لەگەڵ ئەنجوومەنی شارەوانی دیراسەمان کردووە کە هەموو کەسێک دەتوانێت دەست بە دابەش دوو بکات، پێشووتر ئەگەر لەو دوو کەسە، کەسێک خانوویێکی دیکەی بەناو بوایە، ئەوا نەیدەتوانی مۆڵەتی دابەش دوو وەربگرێت، بەڵام لەئێستادا ئەم ڕێنماییەش نەماوە و هەموو کەس دەتوانێت زەوی دابەش دوو بکات.

پاریزگەرێ دهۆکێ ب وەکالەت پێشوازیا وەزیرا چاندنێ و شاندنێ دگەلدا کر



دوهی سپێدێ 2019/8/25 بەهزارد عەلی ئادەم پاریزگەرێ دهۆکێ ب وەکالەت پێشوازیا بیگەرد تالەبانی وەزیرا چاندنێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ و شاندێ دگەلدا کر، دهەڤدیتنەکێ ب ئاماددبونا دکتور لەزگین عەساف ڕێڤەبەرێ گشتی یێ چاندنێ ل پاریزگەها دهۆکێ بەحسێ ڕەوش و سەروبەرێ چاندنێ و جوتیاران ل سنورێ پاریزگەها دهۆکێ و ئەگەرێن کێم بها بونا بەرهەمێ جوتیارێن دەڤەرێ و چاوانیا چارەکرنا وێ ئاریشا مەزن یا جوتیارا هاتە کرن. پاریزگەرێ دهۆکێ ب وەکالەت داکوکی ل پشتەڤانی کرنا جوتیارا و پەیدا کرنا بازاری بو بەرهەمێ جوتیارێن دەڤەرێ کر و گوت پێدڤیە ل وەرزێ بەرهەمێ جوتیارێن دەڤەرێ ڕێک ل بەرهەمێ بیانی بهێتە گرتن داکو بەرهەمێ جوتیارێن کوردستانێ بێبها نەبیت، ژلایێ خوڤە وەزیرا چاندنێ دیار کر کو وان بەرنامە و پلانێن باش بو چوار سالێن بهێت دانایە بو پەیداکرنا بازارێ جوتیارێن هەرێمی و پشتەڤانی کرنا جوتیارا و باشکرنا بەرهەمێ وان. هەژی گوتنێیە کو وەزیرا چاندنێ بو ماوێ چەند ڕوژا دێ ل دهۆکێ مینیت و سەردانا هژمارەکا قەزایێن پاریزگەهێ کەت.

پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی:

ئاگرێکی گەورە کەوتەوە و نزیکەی 500 دۆنم پووش و پاوان سووتا



لەڕاگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پاریزگای سلێمانی بڵاوی کردەوە کە لە ئەنجامی کەوتنەوەی ئاگرێکی بەرفراواندا سەدان دۆنم پوش و پاوان و زیاتر لە 100 داری سروشتی لە سنووری ناحیەی بەرزنجە سووتا.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پاریزگای سلێمانی ڕایدەگەیێنێت، لە سنووری ناحیەی بەرزنجە، لە ئەنجامی کەوتنەوەی ئاگرێکی بەرفراوان نزیکەی 500 دۆنم پوش و پاوان و زیاتر لە 100 داری سروشتی سنوورەکە سووتا.

ڕاشیدەگەیەنن، مەفرەزەیەکی بەش و بنکەی پۆلیسی دارستانی سەیدسادق و بەرزنجە گەیشتنە شوێنی مەبەست و بە هاوکاری لەگەڵ بنکەی ئاگرکوژینەوەی بەرزنجە، دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر توانیان ئاگرەکە بکوژێنەوە و ڕێگە لە زیاتر تەشەنەکردنی بگرن. بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پاریزگای سلێمانی دەشڵێت: هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە نادیارە و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەوبارەیەوە بەردەوامە.

www.xebat.net
دووشەممە 2019/8/26 ژمارە (5814)



قائیمقامییەت لەبارەی خۆراکی ماوەبەسەرچوو هۆشداری دەداتە دانیشتووانی هەولێر

لیژنەکانی قایمقامیەتی هەولێر بەدواداچوون بۆ سکاڵای هاوواڵاتیان دەکەن

کەیسی دەرمانی قاچاخ و ساختە بەدواداچوونی وردی بۆ دەکرێت

قائیمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر: چاوپۆشی لە هیچ کەسێک ناکەین



ڕاپۆرت/ سەید فاتیح بەرزنجی

لیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ سەردانی هەموو شوێنە گشتییەکان و خواردنگە و چێشتخانە و کۆگاکانی خۆراک دەکەن بە هاوکاری پۆلیسی شارەوانی و پۆلیسی ڕێککاری و ڤێتەرنەری چاودێری تەندروستی، بە قسەی خۆیان لەکاتی بینینی هەر سەرپێچیەک چاوپۆشی لە هیچ کەسێک ناکات و هەموو ئەو کەسانە سزا دەدرێن کە سەرپێچی یاسا دەکەن.

بەگوتەی نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر: لەکاتی بینینی هەرسەرپێچیەک چاوپۆشی لە کەس ناکرێت و لیژنەکانیش کارەکانیان چڕتر کردۆتەوە بۆ ئەوەی هیچ کەسێک سەرپێچی نەکات و لیژنەکان شەوو ڕۆژیان نییەو هەمیشە لەکاردان.

دەربارەی کارو چالاکیەکانیانیش گوتی: جگەلەو سەردانانەی کە لیژنەکان ئەنجامی دەدەن ئێمە بەدواداچوون بۆ سکاڵای هاوواڵاتیان دەکەین لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا لیژنەکان توانیویانە چەندین کارو چالاکی ئەنجام بدەن.

بەسەرکردنەوەی چێشتخانەو خواردنگەو کۆگاکانی خۆراک لیژنەکان لە هەموو بوارەکان بەدواداچوونی خۆیان دەکەن وەک بەدواداچوون بۆ چێشتخانەو خواردنگەکان و پشکنینی تەواو بۆ خۆراک و کەلوپەلەکان دەکەن و لەکاتی بینینی هەر سەرپێچیەک ئەوا سەرپێچیکار سزادەدرێت و دوایین کارو چالاکی ئەو لیژنەیە بریتی بوو لە: داخستنی سێ شوێن بەهۆی پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکان ولەلایەن لیژنەی پشکنین و هەشت شوێنی جیا جیا بەدواداچوونیان بۆ کرا و سێ شوێن داخران لەبەر نەبوونی مۆڵەت و پێنج شوێنیش هۆشداریان پێدرا، مەبەستیش لەو پشکنینە لەپێناو بەرژەوەندی گشتی هاوواڵاتیانە و هەر شوێنێکیش پابەندی مەرج و ڕێنماییەکان نەبێت ئەوا ڕێککاری یاسایی بەرانبەری دەگیرێتەبەر و دواتر هەر لەلایەن لیژنەی سەر بە قایمقامیەتی هەولێرەوە بەدواداچوون بۆ دوو کارگەی دروستکردنی ماست و قەیماغ کراو لە ئەنجامدا هەردوو کارگەکە داخران، دواتر هەر لەلایەن لیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕەوە پشکنین و بەدواداچوون بۆ پێنج کۆگاو کۆمپانیای خۆراک کرا، کە بریتی بوو لە کۆگای خۆراک و کالاو شتومەکی خواردن، لەبەر پابەند نەبوون بە مەرج و ڕێنماییەکان و ڕێککاری یاسایش بەرانبەر خاوەنەکەی دەگیرێتە بەر، هەر لە دریژەی کارو چالاکیەکانی لیژنەکانی سەربە قایمقامیەتی هەولێر 13 تەن نۆکی ماوە بەسەرچوو دەستی بەسەرداگیرا لە بازاڕی شێخەڵای هەولێر، ئەویش دوای پشکنین و بەدواداچوونی لیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕو بۆیان دەکەوت کە بەکەڵکی خواردن نایەت و بڕیاردرا بە گواستنەوەی بۆ زبڵخانەی کانی قرژاڵەو بەشێوەیەکی زانستی و ڕەچاوکردنی ژینگە لەناو بردرا.

دواتر قایمقامی هەولێر هەر لەدرێژەی لێدوانەکەیدا ئاگاداری هاوواڵاتیانی کردەوە کە خۆیان بەدوور گرن لەکڕینی ئەو جۆرە کالایانە و گوتی: وەک تێبینی کراوە لە زۆربەی کۆگاو سوپەر مارکێتەکان و گۆشتفرۆش و پیشەوەرانی هەولێر بەڕووەمە شیرەمەنییەکان و گۆشت و بەروبووومی پەلەوەر و ئاژەڵ و خواردنەوە گازییەکان و شەربەت و کالا لەبەردەم تیشکی خۆردا دادەنێن، کە ئەوەیش سەرپێچی و زیدەڕۆییە، کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر پێکهاتەی ئەو کالایەو ژەهراوی دەبێت.

دواتر دەربارەی بەدواداچوونی کاری لیژنەکان نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر گوتی: کارەکانی لیژنەکە ڕۆژانە بەردەوامی هەیەو لیژنەکان بەبێ جیاوازی سەردانی هەموو شوێنەکان دەکەن و لەکاتی بینینی هەر سەرپێچیەک کەسی سەرپێچیکار بەپێی یاسا سزا دەدرێت ئەوەتا لەلایەن لیژنەکەوە 10 مارکێت نەبوون بە ڕێنماییەکان 20 شوێنەکەی دیکە هۆشداریان پێدراو لەگەڕەکی فەرمانبەرانی هەولێر دەست بەسەر 7 تەن جگەرەی مریشک داگیرا و پەڕاوی لێکۆڵینەوەش بۆ چوار کەس کرایەوەو بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.



بەدواداچوون بۆ دەرمانیش دەکرێت

دواتر قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر سەبارەت بە کەیسی دەرمانیش گوتی: لیژنەکانی سەر بەقایمقامیەتی هەولێر توانیویانە بە شێوەیەکی بەرچاون بەدواداچوون بۆ کەیسی دەرمان بکات و چەندین دەرمانخانە و شوێنیان داخستووە وەک داخستنی 27 شوێنی دەرمانی قڕکەری کشتوکاڵی و نەهێشتنی دەرمانی قاچاغ، ئەویش بە هاوکاری پۆلیسی شارەوانی و نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراو و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر.

نەبەز عەبدولحەمید گوتیشی: لە هەڵمەتێکدا پشکنین بۆ 27 شوێنی وەک دوکان و کۆگای فرۆشتنی دەرمانی قڕکەر لەسەر ڕێگای هەولێر ژ گوێڕۆ هۆشداریان پێدراو هەرلەلایەن لیژنەکەوە دست بەسەر بڕێکی زۆری دەرمانی ساختەدا گیرا ئەویش لەلایەن لیژنەی بالای بەدواداچوونی دەرمان و بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان و نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراوی سەر بەئاژانسی پاراستن و ئاسایشی هەولێر و لەڕێگای هێزی تایبەتی یەک و پۆلیسی شارەوانی لە هەڵمەتێکدا لەیەکێک لە خانووەکانی گەڕەکی نازناز بەپێی زانیاری پێشوەختە، توانرا دەست بگیرێت بەسەر بڕێکی زۆری دەرمانی ساختە، دیارە ئەو جۆرە دەرمانانە ڕێگە پێ نەدراوەو پەراوێزی لێکۆڵینەوە بۆ خاوەنەکەی کرایەوە و ڕەوانەی بەردەمی دادگا کرا. شایانی باسە لیژنەی بالای دەرمان لەماوەی سالانی ڕابردووشدا بەدواداچونی بۆ دەرمان و کۆگانی دەرمان کردووە و دوو شوێنی دیکەی بەناوی کۆمپانیا داخران ئەویش دوای کۆکردنەوەی زانیاری و چاودێری کردنی پێشوەختە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی ڕێککاری لە گوندی ئیتالی 1و 2 هاوشێوەی ئەو دوو کۆمپانیایەی دەستی بەسەردا گیرا کە یاری قوماری تیا دەکرا، بەناوی کۆمپانیا داخران و لە گەڕەکی گەنجان سیتیش کۆمپانیایەک داخرا کە بەناوی کۆمپانیای بۆرسە کاری دەکرد و لەلایەن قایمقامیەتی هەولێر چەندین شوێنی قومار کردن داخران.

لەکۆتاییشدا قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر گوتی: ئەوەی کە زۆر گرنگە باسی لێبوەبکەم کارەکانی لیژنەکان لە پێناو بەرژەوەندی هاوواڵاتیان کاردەکات و هەموو سکاڵاکانی هاوواڵاتیانیش وەردەگرین و بەدواداچوونی لەسەر دەکەین و هەر کەسێکیش کە پابەندی مەرج و ڕێنماییەکان نەبێت ئەوا لەلایەن لیژنەکانەوە سزادەدرێت لەکاتێکدا ئەگەر هاتوو سەرپێچیەکان دووبارە بکاتەوە.

بەهۆی پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکان حەوت کۆگا داخران و هەشتی دیکەش هۆشداریان پێدرا



16ی ئاب، سەربڵندی و شانازیی نەتەوەیی



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

بەدرێژایی مێژوو دوژمنانی کورد هەوڵیان داوە و بەردەوام هەوڵیش دەدەن بۆ لاوازکردنی ئەو پارتە کە هەڵقوڵاوی ناو مالّی کوردە، بەڵام هەموو هەوڵ و تەقەڵاکانی دوژمنانی کورد و ڕێبازی بارزانی بەرانبەر ڕۆڵەکانی پارتی بێ سوود بوون، بەهۆکاری ئەوەی پارتی و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی ئەوەندە سانا وساکار نییە درزی بخرێتە ناو، چونکە بۆ کورد بۆتە ڕاستییەک کە بێ پارتی ئەستەمە ژیان بەردەوامی پێ بدرێت، ئەمەش مێژوو سەلماندوویەتی نەوەک هەر بە قسەی سەر زارەکی بێت، کورد و پارتی لەناو یەک چوارچێوەن، ئەو چوارچێوەش پێی دەگووترێت چوارچێوەی کوردایەتی و بەردەوامبوون لە خەبات و تێکۆشان تا گەیشتن بە ئاوات و بە دەستهێنانی مافی دەوڵەتبوون.

حەفتا وسێ ساڵ بەر لەئێستا ناسنامەیەکی تازە هاتە نێو مێژووی گەلی کورد، بێگومان ئەم مێژووەش یەکێکە لە گەورەترین و پڕبەهاترین مێژووی هاوچەرخی کورد، بەڵێ لە 16ی ئابی 1946 بەرابەرایەتی باوکی ڕۆحی نەتەوەیی کورد (بارزانیی نەمر) پارتی دامەزرا ودووبارە خەبات و تێکۆشان و دڵنیایی بۆ کورد دەستی پێکردەوە و ئەو خەباتە تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدابێت بۆ یەک چرکەش لە خەبات سڵی نەکرۆتەوە و بەردەوامە.. دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم، سیستەم و شیرازەیەکی نوێ بۆ گەلان بەڕابوو و لەم نێوەندەدا پارتی دیموکراتی کوردستان وەک هێمایەک هاتە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵگەی کوردستانی نەوەک بەتەنیا بۆ باشوور، بەڵکو بۆ تەواوی ناوچە و بەشەکانی دیکەی کوردستان و هەر ئەمەش وای کرد ئەو پارتە لەکاتی دامەزراندنییەوە تاوەکو ئەمڕۆ ببێتە خاوەن گەورەترین لایەنی سیاسی کوردستانی و هەموو لایەک بەدۆست و دووژمنەوە ئامادەیی تایبەتی بۆ دەکەن، چونکە مێژوو هەردەم ئەوەی سەلماندووە بۆ کورد ئەگەر پارتی بوونی هەبێت، ئەوە کورد بوونی خۆی دەسەلمێنێت، نەوەک بەتەنیا لەکوردستاندا، بەڵکو لەنێوندە سیاسییە نێونەتەوەییەکانی جیهانیشدا. دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی 1946دا کوردی لە نائومێدی ئەو شکستانە رزگار کرد کە بەسەر شۆڕش و ڕاپەڕین و چالاکیی سیاسی پارتەکانی پێشووتری کوردردا هاتبوو، پارتی دیموکراتی کوردستان شۆڕشی ئەیلوولی بەرپا کرد، ئەو شۆڕشەی کە توانی هەموو چین وتوێژ و ئایین و نەتەوەکانی تری کوردستان لەیەک سەنگەردا کۆبکاتەوە. مێژووی حەفتا و سێ ساڵەی خەباتی پارتی بەشێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەی مێژووی خەبات و کۆڵنەدانی گەلی کوردستانە و پڕ لە هەوراز و نشێو، پارتی بەشدارێکی سەرەکی لە سەرکەوتن و دەستکەوتەکان بووە و خۆیشی بە بەرپرس زانیوە لە قۆناغە سەخت و دژوارەکاندا. دوای حەفتا ساڵ پەیام و ئەرک و ئامانجی پارتی لە هەموو کاتێک بەهێزترە و بە بەرچاوڕوونییەکی زیاترەوە لە خەبات و تێکۆشانیدا بەردەوامە. لە هەموو قۆناغەکاندا پارتی وەک ئامرازێک بووە لە دەستی گەلی کوردستان بۆ بەرگریکردن لە ماف و داواکارییەکانی و مسۆگەرکردنی دەستکەوتەکان و قوڵترکردنی فەرلایەنی و برایەتی و پێکەوەژیان و ڕۆڵی پێشەنگانەی خۆی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیی کوردستان پاراستووە.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی 73 ساڵی تەمەنیدا وەکو هێزێکی نەتەوەیی و سیاسی و جەماوەری لە سەرەتای دامەزراندنییەوە چەندین دەستکەوتی مێژوویی بۆ خۆی و نەتەوەکەی تۆمار کردووە، ڕۆڵێکی کاریگەری لە مێژووی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی گێڕاوە. خاڵێکی گرنگ و گەورەی مێژووی پارتی ئەوەیە، لە پێناوەدا قوربانییان داوە، بابەتی کوردستانی بوونی کەرکووک نموونەیەکی زیندووە کە نەک ئامادەنەبوون دەست لە کوردستانی بوونی هەڵبگرن بەڵکو هەمیشە داکۆکیشی لە کوردستانیەتی شارەکە دەکرد بە جۆرێک چۆن مرۆڤ ناتوانێ بێ دڵ بژیت ئەوا کوردستان و سەرۆکەکەشی بەبێ کەرکووک ناژین. پارتی دیموکراتی کوردستان بە درێژایی تەمەنی درێژ و خەبات و تێکۆشانی بێوچانی پرسەروەریدا بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان، هەزاران شەهیدی لە پێشمەرگە گیان ڕوونا ک و بەرەو سەربەخۆیی کوردستان هەنگاو بنێن. ئامانجی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە بووە کە هەموو کات لای پارتی بەرژەوەندیی باڵای کوردستان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی تربووە، چونکە لە دیدی پارتی مرۆڤی کورد ئامانج بووە نەک ئامراز کە بەدرێژایی مێژووش هەمیشە دەستکەوتی گەورە لە سەردەستی پارتی بەدەست هاتوون کە ڕابەرایەتی کردنی شۆڕشی ئەیلوول دیارترین نموونەی ئەم ڕاستییە،ەن جگە لەوەی لاپەڕەی دێرین و مێژوومانی ڕەنگین کردووە و بەرگری و داکۆکی لە مافە ڕەواکانی کرد کە سەرئەنجام توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان ڕێککەوتنامەیەک مۆر بکات کە بڕیار لە بوون و مافی گەلی کورد بدات، وێڕای ئەمەش هیچ کات پارتی و دامەزرێنەرەکەی ئامادە نەبوونە سازش لەسەر مافی کوردستان بکەن، بەڵکو هەمیشە لەم پێناوەدا قوربانییان داوە، لە بابەتی کوردستانی بوونی کەرکووک نموونەیەکی زیندووە کە نەک ئامادەنەبوون دەست لە کوردستانی بوونی هەڵبگرن بەڵکو هەمیشە داکۆکیشی لە کوردستانیەتی شارەکە دەکرد بە جۆرێک چۆن مرۆڤ ناتوانێ بێ دڵ بژیت ئەوا کوردستان و سەرۆکەکەشی بەبێ کەرکووک ناژین. پارتی دیموکراتی کوردستان بە درێژایی تەمەنی درێژ و خەبات و تێکۆشانی بێوچانی پرسەروەریدا بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان، هەزاران شەهیدی لە پێشمەرگە گیان لەدەستدا بۆ ئەوەی ئەو پارتە نازناوی خەڵکی کوردستانە بۆ ئەو پارتە و هەروا لە خۆراش ئەم هاوەدەنگییە بۆ ناوی پارتی دروست نەبووە، بەڵکو خاوەن نیو میلیۆن شەهید و دەیان ساڵە خەبات و قوربانی بەخشیوە. بۆیە ئەمڕۆ دەبێت ئەم مێژووە پڕشکۆ و سەروەرییە هەموومان بەهۆش خۆمان بهێنێتەوە و خۆمان بخەینە بەردەم ویژدانی ئەو شەهیدانە و داوای لێبوردنیان لێبکەین، ئەگەر ڕۆژێک پارتیمان بۆ بەرژەوەندیی خۆمان بەکار هێنابێت و هەستی بەرپرسیارەتیمان لەئاستی ئەو مێژووە مەزنەدا نەبووە...

ئەرکی سەرشانی پارتی بە گشتی و سەرۆک مسعود بارزانی بەتایبەتی قۆرس و هەستیار و چارەنووسازە، فکر و تێگەیشتنی مستەفا بارزانی-یە بۆ کوردبوون و کوردستانیبوون، لە فیکری مستەفا بارزانی-دا کورد یەک نەتەوەیە و خاکەکەشی جوگرافیایەکی یەکگرتووە، لەناو ئەم جوگرافیایەی پێی دەگوترێت کوردستان، نەتەوە و ئایینی جیاواز هەن و بە درێژایی مێژو لەگەڵ کورد لەسەر ئەو خاکە ژیاون، بۆیە کوردستان نیشتمانی هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانە، ڕاستە لەم نیشتمانەی پێی دەگوترێت کوردستان، کورد زۆرینەیە، بەڵام زۆرینە بەو مانایە نییە مافی نەتەوە و ئایینەکانی دیکە پێشێل بکات، بەڵکو زۆرینە بۆ ئەوەیە بەدەنگی بەرز بە هەموو جیهان بڵێت لە کوردستان ئایین و نەتەوە، کەمینە و زۆرینەی بۆ نییە و بە کەمینە و زۆرینە حیساب ناکرێت، نەتەوە و ئایین هەر نەتەوە و ئایینە و هیچ جیاوازییەکیان نییە. هەر بۆیە فکری بارزانی کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فکری نەتەوەیی کوردی، ئەو ئاشتی و پێکەوەژیانە ئاشتیبانەی بەرهەمهێناوە.

لە 16ی ئابی 1946دا کە پارتی دیموکراتی کوردستان هاتە دامەزراندن، بە تەواوەتی چیرۆکی گەلی کوردستان و مێژووی سیاسی بردە قۆناغێکی پێشکەوتووەوە. لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە سەیری بکەین لە ماوەی ئەو 73 ساڵەدا شۆڕشی گەلی کورد تووشی گەلێک شکست بووە، بەڵام لەناونەچووە و هەموو جارێ دوای ساڵێک یان پاش چەند ساڵ دیسان ژیاوەتەوە؛ دامەزراندنی پارتیش بناغەیێکی تۆکمەی دروست کرد بە شێوەیەکی زنجیرەیی. ئەگەر سەیری بکەین لە کۆماری کوردستانەوە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و سەرهەڵدانی 1991 و هێرشی تیرۆریستان و پیلانگێڕان بۆ سەر کوردستان ئەمانە هەموی بوو بە ئەڵقەیەک لە مێژووی کوردستاندا. پارتی بووە هۆی گرێدانی ئەم ئەڵقانە تا خەباتەکە بەردەوام بێت و بەردەوامبێ بچێ. ئەمە وەکو قوتابخانەیەکی لێ هات و لایەنەکانی تریش چاویان لە پارتی کرد. 16ی ئاب نەک بۆ پارتی بە تەنیا، بەڵکو بۆ هەموو گەلی کورستان لە تەواوی پارچەکانی تری کوردستان بیرەوەرییەکی زۆر پیرۆزە؛ چونکە هەموو مێژووی کوردستانی گۆڕی. ئەگەر ئەمڕۆیش سەیری بکەین بە سەرۆکایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەردەم قوناغێکی گرنگداین لە مێژووی گەلی کورددا و هیچ کاتیش دەرفەتی وا نەهاتووەتە پێشەوە، ئەم دەرفەتەیش لە خۆوە نەهاتووە، بەرهەمەکەی ئەو زنجیرە شۆڕشانە بووە کە هەمووییان بە سەرۆکایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. لە هەمووی گرنگتر کە ڕاستی دەسەلمێنێت تەنیا پارتی بە سەرۆکایەتیی بارزانی لە هەموو پارچەکانی کوردستان خەباتی ڕزگارکردنی کوردستانی دەست پێ کردووە کە شانازی پێوە دەکا؛ ئێستایش کورد هێزی یەکەمە کە توانییان داعش و داگیرکەران بشکێنن، لە هەمان کاتدا ئەم پارتە سەرکێشیی سەربەخۆبوونی کوردستان کرد و سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، سەرەڕای ئەمە کە لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان دژایەتیی ئەم پرسە کرا، بەڵام پارتی و بارزانی بە ئیرادەیەکی پۆڵاییننەوە کار بۆ بەدیهاتنی دواین ئامانجمان کە بەدەستهێنانی دەوڵەتی کوردییە هەنگاوی ناوە بەرەو کوردستانێکی بەهێز و هەموکات هێزی متمانەپێکراوی کورد و کوردستان بووە، هەوێنی یەکبوون، پێکەوە ژیان، ئاشتی و ئاوەدانی بەرەو کوردستانێکی بەهێزتر و ئامانجە گەورەکە.. گەلی کورد مافی خۆیەتی شانازی بەمێژووی خۆی بکات، کە پارتی بەردەوام ڕابەرایەتی دەکات، چونکە ڕۆڵەکانی پارتی هەمیشە هەڵقوڵاوی نێو خەڵک و جەماوەر بوونە و ڕۆژێک لەڕۆژانیش بەدرێژایی 73 ساڵی ڕابردوو پارتی خۆی بەدوور لە خەڵک و جەماوەری کورد نەزانیوە، بەڵکو لەگەڵ خۆشی و ناخۆشییەکانی جەماوەر لەهەموو پارچەکانی کوردستان خۆی دۆزیوەتەوە، بەڵێ ئەوەیە پارتی ئەو پارتییەی کەوا لە 16ی ئابی 1946 بە ڕابەرایەتی هێما و سیمبولی کورد (مستەفا بارزانیی نەمر) بەردەوام کاری بۆ یەکڕیزی مالّی کورد کردووە و هەردەم بۆ مافە ڕەواکانی میللەتی کورد سازشی نەکردووە و سازشیش ناکات..

(داستانی خواکورک)
بوونی نەتەوەیەک و پێناسەی پێشمەرگەی کوردستانی سەلماند



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: د.ئازاد حەویزی – عابد هەورامی – درویش ئاغا – ملازم احمد صالح – شێخ ئاخیر – گۆران – فکری – عبدالعزیز

داستانی خواکورک ۱۹۸۸/۹/۵

دکتۆر ئازاد حەویزی

لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، بەپێی قۆناغەکانی خەبات بۆ داکۆکیکردن لە مافەڕەواکانی گەلی کوردستان بە ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر دەیان داستان لە مێژووی شۆڕشەکاندا تۆمار کراوە و هەتا ئێستاش گەلی کوردستان و پارتیمان (پارتی دیموکراتی کوردستان) بە شانازییەوە یادی ئەو داستانانە دەکاتەوە کە بۆتە بەشێک لە یادەوەری بەشداربووانی ئەو داستانانە.

پاش ئەوەی گەلانی عێراق و ئێران لە پێناو ململانێ سیاسی و خۆ فەرزکردنی شۆڤینیەت و فراوانکردنی دەسەڵات ماوەی (8) ساڵی جەنگی عێراق-ئێران نەهامەتی و کارەساتی مرۆیی گەورەی لێکەوتەوە، سەدان هەزار کەس لەو جەنگە نگریسە بوونە قوربانی، جۆرەها چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی دژ بە مرۆڤایەتی تێیدا بەکارهات، ئەم جەنگەش جگە لە بەرژەوەندیی دەوڵەتە زلهێزەکان هیچ کام لە گەلانی ناوچەکە لێی سوودمەند نەبوون، بەڵکو گەلی کوردستان لەکاتێکدا لە خەباتی چەکداری بوون و ناوچەیەکی فراوانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوون، ئەو جەنگە نگریسەیان گواستەوە سنووری هەرێمی کوردستان لە خانەقین و بەدرە و جەسە و هەتا سنووری کۆچکەکەی (عێراق ـ ئێران ـ تورکیا) تا کار گەیشتە ئەنفال و کیمیاباران و قڕکردنی گەلی کوردستان، بۆ کپ کردنی دەنگی شۆڕش و شۆڕشگێڕان رق و کینەی ڕژێمی بەعس لە نزیک کۆتایی ئەو جەنگە گەورەیە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو، تەنانەت گەلانی عێراقی بە گشت پێکهاتەکانییانەوە گرتەوە و کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و کوشتن و قڕکردن بەتایبەتی شار و گوند و ناوچە سنووریەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە، بە هۆی هەل و مەرجی سەختی ئەو بارودۆخە سیاسییە لە ناوچەکە و نزیک بوونەوەی عێراق و ئێران لە ڕێککەوتن، ڕژێمی عێراق بۆ گەڕانەوەی سنووراکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە هێزێکی زۆری لە سوپا و چەکدارە بەکرێگیراوەکانی و بە دەیان تانک و چەکی قورس ئامادە کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی پێشمەرگە لە سنووراکانی نێوان عێراق- ئێران هەتا سنووری هەر سێ دەوڵەتی عێراق ژ ئێران ژ تورکیا، کە دەکاتە ناوچەی خواکورک، بەڵام بە ئازایەتی و قارەمانیەتی هێزی نەپساوەی پێشمەرگە کە بە خۆراگری پارتی و بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی جەنابی (سەرۆک مسعود بارزانی) توانرا (49) ڕۆژ مقاومەمە لەگەڵ دڕندەترین و بەهێزترین لەشکری دەوڵەتێکی وەک عێراق بکرێ کە (8) ساڵ بە بەردەوامی جەنگی دژی ئێران کرد، ڕۆڵەکانی (پارتی و بارزانی) داگیرکاری و ژێردەستەییان ڕەتکردەوە و قبوڵیان نەکرد، بۆ هەموو جیهانیان سەلماند کورد ماوە و دەتوانێ لە هەر سات و کاتێکدا بێت بۆ مانەوەی نەتەوەیەک و مافەڕەواکانی ئەوپەڕی بەرگری بکات، بۆیە لەو داستانە مەزنە دەرسێکی وا درایە هێزەکانی ڕژێمی بەعس کە خۆشیان نەیاندەزانی چۆن دەربازبن، ئەم مقاومەت و داستانە مەزنە تەنها مەغزای سەربازی و بەرگری و مقاومەت نەبوو، بەڵکو مەغزایەکی گەورەی سیاسی لە پشتەوە بوو، هەروەکو (سەرۆک بارزانی) لەو داستانە مەزنەدا بۆ پێشمەرگە بەشداربووەکانی ئەو داستانە مەزنە لە دوو کۆبوونەوەی فراواندا، سەڕەرای سەرکەوتن و وەرە بەرزی، پێشبینی گۆڕانکاریی سیاسی گەورەی لە ڕۆھەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی لە عێراق وەک مژدەیەک بەخشییە پێشمەرگە و گەلی کوردستان، ئەو پەیامەش ئۆمێدی گەورەی دایەوە نەک بە هێزەکانی پێشمەرگە و پارتییەکان، بەڵکوو بە هەموو هێزە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات کە هەتا ئێستاش وەک بەڵگەیەکی میژوویی وتە بە نرخەکانی و پێشبینییەکانی سەرۆک (مسعود بارزانی) لە بۆنەکاندا ڕەنگدانەوەی هەیە، بۆیە گەلی کوردستان بە مقاومەت و خۆڕاگری و ڕەوایی کێشە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەی سەرکەوتنی بە دەست هێنا و بەرهەمەکەشی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بوو کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دڕندەترین ڕژێم بووە کە دژی گەلەکەی خۆی بە کورد و عەرەب و نەتەوەکانی ترەوە بەرەو کوشتن و لە ناوچوون هاتوون، گەلی کوردستان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی بە ڕابەرایەتی (سەرۆک بارزانی) بەرهەمی قوربانیدان و خۆڕاگری و خەبات و مقاومەتی خۆی بینی، کە حکوومەت و پەرلەمان و هەرێمێکی سەربەخۆی کە کورد حوکمرانی خۆی بکات، داستانی خواکورک و دەسکەوتی گەورەی مێژوویی، سەربازی و سیاسی بەدەستهێنا کە ئەمڕۆ بەرهەمەکەی دەبینین لە سایەی خوێنی شەهیدە قارەمانەکانی گەل و نەتەوە و نیشتمان، ئەو داستانە بووە سیمبولی مقاومەت و خۆڕاگری پێشمەرگە قارەمانەکان کە سەرۆک (مسعود بارزانی) ڕابەرایەتی و سەرکردایەتی دەکرد، هەزاران سڵاو لە ڕۆحی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان، هەر لەو کات تا بە ئێستاش دەگات پێشمەرگە زامنی پاراستنی دەسکەوت و مافەکانی گەلی کوردستانە.



لە پەراوێزی جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

سێکتەری پاراستنی ژینگە

خەبات: تریفە ئازاد

لە ئێستادا کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە جێبەجێ کردنی کارنامەی خۆی کردووە، بێگومان چاکسازی و خزمەتگوزای و پێشڤەبردنی ئاستی بژێوی ژیانی خەڵکی کوردستان و پێشخستنی سێکتەرە جیاجیا کانی جومگەکانی حکوومەت کاریی لەپێشنیە حکوومەتی کوردستان دەبێت. هەڵبەت هەماهەنگی نێوان حکوومەت و هاوولاتیان و فەرمانبەران و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێتە ئەگەری سەرکەوتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە جێ بەجێ کردنی کارنامەی خۆی کە لەسەرەتای دەستبەکاربوونی حکوومەت رێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەت رایگەیاند. بۆ ئەم مەبەستە رۆژنامەی خەبات لە پەراوێزی جێ بەجێ کردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵدەدات لە تەوەرێکی ئالوگۆڕی بیروڕا، بیروبۆچوونی شارەزا و پسۆری سێکتەری جودا جوداکان وەرگرێت وەک هاوکاری و بەشداربوون لە جێبەجێ کردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.



خانزاد مامرسو دزەیی

پێویستە قوتابخانەکان تا پێگەیاندنی زانکوکان کاری لە سەر هۆشیاری ژینگە بکرێت

خانزاد مامرسو دزەیی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگاری هەولێر سەرۆکی لێژنەی تەندروستی و ژینگە لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر لە بارەی گرینگی سێکتەری ژینگە و ڕەوشی ژینگە لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ژینگە واتە تەواوی ئەو پانتاییەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و ژیان تیایدا بەردەوام دەبێت، بە پێی ئەو مانایەش تەواوی ئەو بابەتانەی هەستیارن بە ژینگە یاخود کارلێک دەکەن لە گەڵ ژینگە، دەبێت بخرێنە ناو بازنەی کار و کردەوە ژینگە پارێزیەکان تا بتوانرێت بە تەواوەتی ژینگەی پارێزراو دروست ببێت. بەم پێوەرە پێویستە بە تەواوەتی کار لەسەر تەوەرە جیاکان بکرێت تا بنوانرێت سەرکەوتوانە ژینگەی پاک بۆ مرۆڤ و هەموو بوونەوەران دروست بکرێت.هەرچی سەبارەت بە ژینگەی هەرێمی کوردستانیش هەیە پێویستمان بە کار لەسەر ورد و درشتی بابەتەکان هەیە و بە مانای دیکە دەبێت لە هۆشیاری قوتابخانەکان تا پێگەیاندنی زانکوکان کاری لە سەر بکرێت و بەر لە هەرشتێک هەستیاری بابەت بۆ هەموو لایەک ڕوون بێت تا چێتر خزمان وەک مرۆڤ هاوکاری لەناو بردنی ژینگە لە رێگەی پیس کردن و فەنا کردنی نەبین.دواتر پێویستمان بە کرداری بوژاندنەوەی سروشتە

بکرێت تا تاک بە تاکی خەڵک بەشدار بن لە نەمانی دژەبەر بۆ ژینگە و گەرانەوە دۆستایەتی بۆ ژینگە.

ڕۆڵی پەروەدەوە پاراستنی ژینگەی کوردستان

ئاری ئاغژک، بەرپرسی ژینگە و تەندروستی لە بەرێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر لە بارەی چۆنیەتی پاراستنی ژینگە و فێرکردنی منداڵان لە ئاوەندەکانی خوێندن لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات: پرسی ژینگەو خەمی ژینگە، وەک بابەتێکی گشتی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانی سەرزەوی، دەبێت هەمیشە بە وریایی و ئەکتیڤیەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، بۆیە ئەگەر لە ڕوانگە ئیدارییەکەوە لێی بڕانین، بێگومان زۆبەری زۆری وەزارەتەکان ,هاوتەریب لەگەڵ کارەکانیان ژینگە بەشێکە لەکارنامەی وەزارەتەکان، وەزارەتی پەروەردش وەک سەرجەم وەزارەتەکان، ڕەهەندی ژینگە لەفەلسەی کارکردنی دا دەبێت بەپایەخەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە ڕنگ و چارەنوسسازە بکات، بۆیە ئەوەندەی ئێمە هەوڵماندواوە وەک بەشی ژینگەو تەندروستی لەبەرێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، بەسوپاسەوە بەرێز بەرێوبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بەهاندانی ماددی و مەعنەوی لە پرسە گرنگە لەتەک خەمی پەروەردەو فێرکردن لەناوەندەکانی خوێندن، ئەوا بایەخێکی زۆری بەلایەنی ژینگە و تەندروستی داوە، هەر لەو ڕێلە گشتیەوە ئێمەش

بە مانای سروشتی زیندوو لە دەرەوەی شارەکان بە شێوەی دەست لێنەدراو یا خود دوبارە دانانەوەی ڕێرەوی ئاو و ڕووبار، چاندنەوەی دار و درەخت بە پێی جوگرافیا و توپۆگرافی شوێنەکان لە بەروو تا دەکاتەوە بە دارەکانی دیکە، هەڵرتنی زێدەڕۆییەکان لەسەر شاخەکان واتە نەهێشتن و ڕاگرتنی دەستکاری بەردەوامی سروشت بە کاری هەڵکەندن و دارماندنی شاخ و زووڕگ و گردەکان بە هەوەسی کەسەکان قوناغی دواترمان پارکە سرۆشتییەکان و بوژاندنەوەی جۆرە ڕەسەنەکانی گژوگیا، هێنانەوەی جۆرە ڕەسەنەکانی ئاژەلەکان و پاراستنیان و دابین کردنەوەی ئاوی سەرزەوی لە جیاتی دەرکردنی ئاوی ژێر زەویە.دواجار پەنا بردنە بۆ ڕێژەی ستاندارد لە بوونی سەوزایی لەناو شار و شاروچکەکان بە پێی ستانداردی نێودەوڵەتی و بەڵام دیسان دووبارە دەڵێمەوە کە هۆشیاری نیشتیمانی تاک لە پەروەردەوە تا ڕاگەیاندنی (بیسترا، بینرا و نوسراو) پێویستە بۆ خەڵک دابین

هەوڵمان داوە ، (هۆشیاری ژینگەیی، پەیامی ژینگەیی، بەدواداچونی ژینگەیی، گروپی ژینگەیی، خولی ژینگەیی، کتێبی ژینگەیی، هەڵمەتی پاککردنەوەی شوێنە گەشتیاریەکان، چاپکردنی پرۆشەری ژینگەیی) هەگبەی ئیش و کارەکانمان بێت، بۆیە لێرەدا ئەوەی لەرابردوودا کردومانەو ئەنجامدراوە وەک هەولی سەرەتا، دەسپێکبێکی باش بوە، بۆ ناساندن و بەهەند وەرگرتنی لایەنە دەرکیەکەی ژینگە، بەڵام ئەوەی گرنگە لە ناخ و عەقل و بیرکردنەوەی قوتابی دروست بکەین، چونکە قوتابخانە وەک هێزێکی بەکرداری، ئەوا کاریگەری خۆی هەیە لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی، کەواتە دەبێت و ئەرکە لەکابینەی نۆیەم دا وەزارەتی پەروەردە پێداچونەوەیەکی خێراو بەپەلە ئەنجام بدات بۆ پرسی ژینگەی پەروەردەیی و پەروەردەی ژینگەیی، بەڵام لێرەدا بەداخەوە ئەوەی ئێمەی ساردکردۆتەوە لەو پەیامە مرۆییە، ئەویش لابردنی هۆبەی ژینگەو تەندروستی یە لەپەروەردەی قەزاکان، کە لە ماوەیەی ڕابردوو لەپەیکەری تازەی وەزارەتی پەروەدە هۆبەی ژینگە لەپەروەدەی قەزاکانمان نەماوە ! لەکاتێکدا ئێمە وەک بەرێوبەرایەتی



ئاری ئاغژک

گشتی پەروەردەی هەولێر، بەحەز و خۆشەویستیەکی زۆرەوە کاربۆ بە ژینگە دۆستی لەناوەندەکانی خوێندن دەکەین، هەروەها پەروەردەی قەزاکانیش لەرێگەی نوسراوەکانی ئێمەوە کاریان بۆ پرسی ژینگە لەسنووری پەروەردەکانی خۆیان دەکرد..

پێویستە حکومەتی هەرێم بە گرینگیەوە بروانێتە سێکتەری ژینگە

ئاسۆ شکاک، سەرۆکی ڕێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاری ژینگەیی: هەرێمی کوردستان لە ڕووی گرفتە ژینگەیەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو زیاد بوون دەروات کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بەرپرسیارەتی لە تاکەکان پلان و بەرنامەی تۆکمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە ژینگەیەکان لە هەرێمی کوردستان چونکە ناوچەکە بێ بەش نیە لەم گۆرانگاریە ژینگەیەی کە ڕووبەڕووی گۆی زەوی بۆتەوە پێویستە هەموو تاکێک بە تایبەتی لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێم بە گرینگیەوە بڕوانە سێکتەرەکانی ژینگە وە کار لەم بوارەنە بکەن تا گرفتە ژینگەیەکان تا ڕادەیەک کەم بێتەوە و ڕووبەڕووی هۆکارەکانیی پیسبوونی ژینگە بکرێتەوە کە پێویستە ڕەچاوی ئەم کارانە بکات زیاد کردنی ڕێژەی سەوزایی لە هەموو گەرەک و قەزاو ناحیەو گوندیک و شەقامە سەرەکیەکان وە بەتایبەتی شارەکان زیاد بکات بە پێی ڕێژەی سەوزایی ستاندەر کە لە 15% بۆ 25 %وە پێویستە هەموو پالاوگە نایاسایەکان لە ژێر یەک پالاوگەی یاسایی و بە پێی ڕێنمایە ژینگەیەکان جێ بەجێ بکات وە دانانی فلتەری پاراستنی هەوا لە گشت کارگە گەورەو بچوکەکان وە دانانی ڕێسایکلینی زبل و پاشماوە لە هەموو شارەکان بۆ چارەسەر کردنی ئەو 92 زبلخانەیەی هەرێمی کوردستان کە ڕۆژانە زیاتر لە 8هەزار تەن زبڵ و پاشماوەی لێ فری دەدرێت بە تایبەتی زبلخانەی کانی قرژاڵە و تانجەرۆ وە دانانی ریسایکلی ئاوی ئاوی مالان و ئاوی قورس لە هەموو شارە نیشتەجێ بووەکان و گوند و قەزاو ناحیەکان وە بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەیان بۆ ئاودانی سەوزایی و هەندی کاری

ڕۆژانە بەکار بێت کەم کردنەوەی ڕێژەی ئۆتۆمبیل لە شارەکان یان قەدەغە کردنی ئۆتۆمبیل بۆ ئەو شوینانەی کە قەلابالغی زۆری تێدایە وەکو بازارەکان وە ئەوەی پێویستە بکرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان صندقی ژینگە بۆ کارە ژینگەیەکان ئەکتیڤ بکات و دەستەی ژینگە بگۆزێرێ بۆ وەزارەتی ژینگە و هەموو لایەنە ژینگەیەکانی وەکو پێشمەرگەی ژینگە و پۆلیسی ژینگە و فەرمانگە ژینگەیەکان لە خۆ بگرێت وە باجە ژینگەیەکان بۆ گرفتە ژینگەیەکان خەرج بکرێت وە لە سێکتەری ئاو دا گرینگە لێدانی بیری ئاو بە بریاری سەرۆکی حکومەت یان سەرۆکی هەرێم بێت بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لە لێدانی بیری سوری وە ئەوەی ئاژەل و باڵندەی کیوی



ئاسۆ شکاک

لە مانی یان لە هەر شوێنێکی تر زیندانی بکات یان ڕاو بکات سزا بدرێت و ئاژەڵ و باڵندە کێویەکەش بگەڕێندرێتەوە بۆ سروشت وە سەرووی ئەمەهۆشیاری پێویستە بەناو هاوڵاتیان بڵاو بکرێتەوە لە چۆنیەتی پاراستن و پاکڕاگرتنی ژینگە و ئاشنا بکرێت بە گرفتە ژینگەیەکان تا هاوکار بن لە چارەسەری گرفتەکان وە بۆ پاریزگاری لێ کردنی پێویستە بە بەردەوام لەگەڵچ جێ بەجێ کردنی ئەمانەی سەرەوە بەدواداچونی بۆ بکات و لە کەمتەرخەمان سز بدات وە کەسی شیاوی ژینگەیی و ژینگە دۆست لەم بەرپرسیارەتانە دابنێت و بەردەوام هانی زانکۆکان بدات کە تویژینەوە لە سێکتەرەکانی ژینگە بکەن.



سەباح بەیتوللا

پارتی قوتابخانا کوردایەتیێ یە و خودانا دەستکەفت و سەروەریانە

پارتی هاتە دامەزراندن وەکو پێتقی یەکا میژوویی و بۆ ئامرازەکێ جوری بۆ ژیانا مللەتێ کورد، دامەزراندنا پارتی زەرورەتەک بوو چونکی کەسایەتیا مللەتێ کورد بلند کرەڤە، کۆ هزرێ ب لاوازیێ وکێماسییێ نەکەت بەرامبەر ب نەتەوەییێن دیتر، دامەزراندنا پارتی بو بەرسینگگرتنا نا ئومێدییێ بووە ... بۆ بەرسینگگرتنا پیلانێت دوژمنێت کورد وکوردستانێ بوو ..بو بلند راگرتنا هەستا نەتەوەیی بوو .. بۆ بەرسینگگرتنا وێ قرکرنێ بوو کو ل دژی کوردا دهاتنە ئەنجام دان ...
پارتی سیستەم و ئالیەتەک دانا بۆ گوهرینا جڤاکی ژ لایێ لاوازیێ ڤە بۆ هێزەکا خودان بریار بەرامبەر دوژمن و نەحەزێت مللەتێ کورد .
پارتی ئەڤە سەلماند کو مللەتێ کورد ب تنێ ئەرک نینە بەلکۆ ماف ژی هەنە و کورد ب تنێ جێبەجێ کار نیە، بەلکۆ خودان بریاریشە، کورد ب تنێ گوهدێر نیە بەلکۆ خودان هەلویستێ خویە .
پارتی د تەمەنێ خودا شیا شکەستنێ بکەتە سەرکەفتن بۆ ئمونە بەرسڤا پیلانا خیانەتکاریا جەزائیر ل سالا 1975ێ ب دەمەکێ کێم بدەتەڤە و جارەکادی شورەشا گولانا پێشکەفتنخواز دەست پێکرەڤە، دیسان شیا نا ئومێدییێ بکەتە ئومێد ... ئمونە ژی پشتی هەرفینا کومارا کوردستانێ ل مهابادێ دەست ژ ئومێدییێ بەرنەدا و شیا نێزیکی دوو هەیڤا بەرسینگێ هەر سێ لەشکرێن عیراق و تورکیا و ئیرانێ بگریت و بگەهتە ئێکەتیا سوڤیەتا بەرێ و بارزانییێ نەمر بو سیمبولا بەرخودانێ وفیداکاریێ ودلسوزییێ .
پارتی دیموکراتی کوردستان شیا هیڤی و داخوازیا بکەتە کەتوار و بەلگەھ ژی ئەزمونا نهۆ یا کوردستانێ یە کو مللەتێ کورد یێ ئارام و سەرفیرازە ...
ب دامەزراندنا پارتی قوناغەکا نوی ودیروکەکا نوی بۆ گەلێ کورد ڤەبوو ... پارتی شیا وێ ڤالاهییێ پر بکەتەڤە کو مللەتێ کورد ل رووبی سیاسی تێکەفت بوو، هەروەسا شیا پەرت و بەلاڤیا هێزێت شورشگێر کوم کەت و ئێککرێزیا هەمی جەماوەرێ کوردستانێ و تەختێت مللەتی بێخیتە سەرئێک ... ئانکو ب دامەزراندنا پارتی مروڤێ کورد کەفتە سەر ریێا راست و هەمی شێوێت خەباتێ لدەڤ وی خویا و ئاشکرا بوون، دیسان شیا وان کارەساتێن ب سەر مللەتێ کوردستانێ دا هاتین لێ دەرباز بکەت و دوژمن ژی ب حساباتێن خودا بچیتەڤە .
پارتی ب هندێ یا سەرفیرازە کو لدرێژاهیا خەباتا خودا کێشەیا کوردی کریبە کێشەیەکا نەتەوەیی و نێخستیە سەر میزو مەحافلێت نێڤ دەولەتی و چەند تەمەنێ پارتی دریژبیت پارتی بهێزتر و بەرفرەهتر و مەزنتر دبیت و ئەگەر ژی ئەڤەنە:
1- باوەری ب دیموکراسیەتێ.
2- ستراتیژیەتەکا واقع بینانە و دویربینا پارتی بۆ هەمی کێشەیا .
3- نێزیک بوونا وێ ل هەژار و بەلنگازا.
4- هەبوونا سەرۆک بارزانی و دەولەمەندیا کەلتوریێ بارزانییێ نەمر لسەر ئاستێ نافخویی و دەرڤە.
5- پارتی بەرژەوەندیا هەمی چین وتەختێت کوردستانێ دپارێزیت.
6- بەرێ خودانا وێ یا مەوزوعی بۆ هەمی ئول و ئاییا .
7- دادپەروەریا وێ.
8- خوراگریا وی دهەمی پیلان و ئاریشەیان .
9- داکوکیکرن ودەست هەلنەگرتن لسەر سەوابتێت نەتەوی .
10- ئومێد و باوەری ب خۆ و جەماوەرێ خۆ بۆ رزگاریێ .
11- باوەری ب ئازادییا بیرو را و ئازادیا تاک وکوم و ریزگرتن ل مافێ مرۆڤی .
12- پارتی ل هەمی کاودانەکێ دا خودانا بریارا خۆیە .
13- مساومە نەکرن لسەر ئاخا پیروزا کوردستانێ .
14- بەردەوام خوگوریکرن و فیداکاری بو ئازادیا مللەتی و وەلاتی و خوگوریکرن چەندا گران بوو بیت .
15- راستگویی و راشکاویا وێ دهەمی کێشاندا.
16- هەلویست و بوێری و چەندین وچەندین خالیێت دیتر ..
هەمی دەما ژ لایێ دوژمن وداگیرکەرێت کوردستانێ پارتی ئارمانج بوویە بۆ لێدانێ چونکی دوژمنێن مە خاندن بو جڤاکا سیاسی یا کوردستانێ کریبە و دزانیت لاواز کرنا پارتی لاوازبوونا تەڤگەرا رزگاریخوازیا مللەتێ کوردستانێ یە و بەلگەھ ژی نەکسا سالا 1975ێ یە ودوژمنی پتر ژ 4500 گوندێت مە کاڤل و وێران کرن و ب هزاران ژی ئاوارە و دەر ب دەر کرن و ب هزاران ژی بێ سەروشوین کرن، لەورا ئەڤرۆ ژی پارتی دیموکراتی کوردستان ئێکە ژ پارتێن سەرەکی ل گورەپانا کوردستانێ و دەڤەرێ و دوست ودوژمن حسابا تایبەت بۆ دکەن چونکە پارتی بوویە سەنگێ معادلا سیاسی لدەڤەرێ.
ئەڤرۆ پارتی ب سەدان وهزاران ئەندام و لایەنگیر و پێشمەرگە هەنە و مللەتێ مەژی هیڤی و ئومێدێت خۆ دناڤ پارتی دا دبینیت و بەلێ پارتی دیموکراتی کوردستان قوتابخانا کوردایەتییێ و خودانا دەستکەفت و سەروەریانە و جهێ شانازیا مللەتێ کوردستانێ یە و ئومێدا پاشە ڕۆژا گەشا خۆ لسەر ئاڤا کری یە ... چونکە دزانیت پارتی وەکو چیایەکێ خۆرستی ب چ پیلانا ناهەژییێت و هەردێ مینیت داخازکارا سەرەکی بۆ رزگاریا کورد وکوردستانێ و سەرخوبونێ و ئاڤاکرنا دەولەتا کوردستانێ کو هێژا سەروک بارزانی ئەو سەرکەفتن و باوەری نامە و سەنەدا مەزنا ئاخا کوردستانێ لسەرکەفتنا ریفراندومێ وەرگرت.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٧٠٣٦٥٣ بەروار ٢٠١٧/٥/٩ بەبری ٥٠٠,٠٠٠ دینار بەناوی سرباز حمد حامد وون بوو تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پێناسی فەرمانبەری وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی- بەناوی (شەونم انور احمد)ون بوە، هەر کەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠١٢١٩٠٤٤).

***

ون بوون

پسوولەیەکی شارەوانی ٤ هەولێر کە ژمارەی پسولەکە ٠٦٨٦٢٤٥ بەبری ٢٥٠,٠٠٠ دینار بەناوی عبدالقادر اسعد مام رش ون بووە تکایە هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

نوسراوی گومرگی حاجی عمران بەناوی کۆمپانیای ئەردەلان عبدالقادر عبدالحمید جۆری ئۆتۆمبێل شوفل و حفارە مشترك JCB اوتوماتیك شوفل بچووك رەنگی زەرد مۆدیلی ٢٠١٤ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٥٣٢٧ کاتی هەولێر ژمارەی لاشە شانصی JCB٣٢x٤TP٨١٣٤٢٢٠٠ ون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

****

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٣٧٧٩٠ بەروار ٢٠١٨/٨/١٢ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی امیر احمد حمە شانە وون بوو تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان هۆبەی خوێەتی
ژمارە/٨٤٢٦
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١
ئاگادارکردنەوە

بۆ بەڕێز/ سەرگوڵ حسن قادر/ بەناونیشانی بەڕێوەبەر لەسەر میلاکی زانکۆکەمان/ ب.
سەرچاوە مرۆییەکان

بەهۆی دابرانت لە کار لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٧ لە دەوامی فەرمی و دەست بەکارنەبوونت تاکو ئێستا داوات لێ دەکەین بگەڕێیتەوە سەر کار بۆ ماوەی ٧ حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت بە پێچەوانەوە بە دەست بەردار لە کارەکەت دادەنرێیت بەپێی مادەی ٣٧ لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە ٢٤ سالی ١٩٦٠ راستکراو کۆتایی بە راژەکەت دێت.
پ.د. احمد انور دزەیی/ سەرۆکی زانکۆ

***

ئاگادری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەلدەستێت بە کڕیدانی رووبەری ٢٦٤٧٨,٧م٢ لە پارچە زەوی ژمارە ٤١/ك/١ قەریتاغ دەکەوێتە تەنیشت سایلۆ بەمەبەستی دروستکردنی کۆگا بۆ ماوەی ٢٠ بیست سال بە زیادکردنی ناشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ سالی ١٩٨٦ و ڕێنمایی دارایی ژمارە ٥ی سالی ١٩٨٦ جا هەرکەسێك نارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەرەی میری هەولێر بدات لە مامەی ٣٠ سی ڕۆژ کە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات ١٠ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی ٢٠٪ یەدەگی پێبێت لە بری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچییە.

نزار حسین عبدالله
ی. بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری خانووبەرەی میری

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچوون و ئامار
ژمارە/ ٦٠٦/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٨/١٨
ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن لە سلێمانی لە ڕێگەی زیادکردنێکی ئاشکراوە هەلدەستێت بە فرۆشتنی پشکەکانی کۆمپانیای نامی بۆ بازرگانی گشتی و وەبەرهێنانی دەنکۆلەی پلاستیکی/سنووردار ئەویش بەرامبەر بە قەرزی خاوەن قەرز توانا دارا حسین بەبری ٣٠٦,٠٠٠,٠٠٠ سێسەد و شەش ملیۆن دینار بە ڕەسمی جێبەجێکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە. جا هەرکەسێك ئارەزوی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بکات لە ماوەی ١٠ دە ڕۆژدا کە دەستپێدەکات لە ڕۆژی دووەمی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامەدا زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١١ی سەر لە بەیانی ئەنجام دەدرێ لەم بەڕێوبەرایەتیە. ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچێ دەکەوێتە ئەستۆی کڕیار، هەرکەسێك بەشداربوو لە زیادکردنەکەدا پێناسی باری شارستانی و جنسیەی عێراقی لەگەل خۆیدا بهێنێ.

تێبینی/ ئەگەر ڕۆژی زیادکردنەکە کەوتە پشووی ڕەسمیەوە زیادکردنەکە لەڕۆژی دواتردا ئەنجام ئەدرێت. هەرکەسێك ئارەزووهی بەشداریکردنی هەیە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامەدا تا کاتژمێر ٩:٠٠ی سەر لەبەیانی ڕۆژی زیادکردنەکە سەردانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بکات بۆ دانانی تامینات بەبری ١٠٪ی نرخی خەملێنراوی پشکەکانی کۆمپانیا.

زانیاری لەسەر پشکەکانی کۆمپانیای نامی
داواکار/ توانا دارا حسین

داوالێکراو/ کۆمپانیای نامی بۆ بازرگانی گشتی و بەرهەمهێنانی دەنکۆلەی پلاستیکی/سنووردار کۆمپانیاکە تۆمارە لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان/ سلێمانی جۆری کۆمپانیاکە سنووردارە بری پشکەکانی ٣,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن پشکەکە تۆمارە بەناوی فاتح احمد غفورەوە نرخی خەملێنراوی کۆمپانیاکە بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە کۆمپانیاکە لە سالی ٢٠١٤وە پارەی محامی و ژمێریار و باجی نەداوە، شارەزا نرخی پشکەکانی ئەم کۆمپانیایەی بەبری ٥,٠٠٠,٠٠٠ پێنج ملیۆن دینار دیاری کردووە.
جێبەجێکاری داد/ گوڵە فریق حمە فرج

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچوون و ئامار
ژمارە/ ١٠١٨/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٨/١٨
ئاگاداری

بۆ داوالێکراوی جێبەجێکردن فاتح احمد غفور
بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای ئەزمیر
بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە/ سنووردار سەرەڕای کارەکەت

ئاگادارت ئەکەینەوە کە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لەسەر داوای خاوەن قەرز احمد سلێمان عبدالله بریاری دا بە دانانی نیشانەی گلدانەوەی جێبەجێکردن لەسەر پشکەکان و ئامێرەکانت لە کۆمپانیای ئەزمیر بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە/ سنووردار . ئەمەش بەرامبەر بە قەرزی خاوەن قەرز احمد سلێمان عبدالله بەبری (٣٨,٧٦٠,٠٠٠,٠٠٠) سی و هەشت ملیار و حەوت سەد و شەست ملیۆن دینار بە ڕەسمی جێبەجێکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە پاش ئەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ڕوون بۆتەوە لەشرحی پێراگەیەنەری دادی و موختاری گەرەکی رزگاری تازە کە شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە بریارماندا بە ئاگادارکردنەوەت لە ماوەی ١٥ پانزە ڕۆژدا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆ و بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەت بە دانانی حیجز لەسەر ئامێر و پشکەکانت لە کۆمپانیای ئەزمیر بۆ ئامادەکردنی مسی تواوە/سنووردار کە دەستپێدەکات لە ڕۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامەدا بۆ بژاردنەوەی قەرزی ئەستۆت بە پێچەوانەوە بەپێی احکامی مادەی ٦٩ لە یاسای جێبەجێ کردن ئامێرو پشکەکانت دەفروشرێ.
جێبەجێکاری داد/ گوڵە فریق حمە فرج

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی ڕاپەرین
بەشی بەدواداچوون
ژمارە : ١٣١- ت - ٢٠١٩
ڕێکەوت : ٢٠١٩ /٨/٨
ئاگاداری
بۆ/ سۆڵاف محمد مصطفی
ئاگادارببوون

داوات لێ دەکەین کە لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا لە ڕۆژی دوای بڵاوبونەوەی ئەو ئاگاداریە لە ڕۆژنامە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئامادەبی بۆ دانەوەی بڕی (٤٦,٤٣٠,٤٠٠) چل و شەش ملیۆن و چوار سەدو سی هەزارو چوار سەد دینار وەکو قەرز بۆ داواکاری جێ بەجێ کردن (ارسلان احمد ابراهیم) بە پێی بریاری دادگای بەرایی رانیە ژمارە (٧٢- ب - ٢٠١٨) کە لە (٢٠١٩/٧/٨) دەرچووە بەپێچەوانەوە بریاری ناوبراو بە زۆر جێ بەجێ دەکەین .
جێ بەجێ کاری داد/ نازدار مام رسول امین

***

Crescent Petroleum

Job Details	
Position Title	Mechanical Technician
Direct Supervisor	Mechanical Supervisor
Department	Maintenance
Job Location	Khormor – Qader Karam
Job reference: MT/M/Aug/19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS

Executes all mechanical planned and corrective maintenance activities on Khormor installations in accordance with both local and industry standards. Undertakes a multi-tasking role in order to assist the Production Operations group in field activities and will be involved with troubleshooting, fault finding and repair of all stationary and rotating equipment. Provides input in creating and reviewing maintenance procedures, job plans and work instructions. Reports to the Maintenance Supervisor – Mechanical

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS

1. Participates in all mechanical maintenance activities at Khormor LPG recovery plant.
2. Understand technical Governmental and Company rules, regulations and procedures.
3. Understand Khormor's maintenance strategy and philosophy and participates in the development/ implementation of condition monitoring procedures/routines.
4. Applies for work permits, understands and implements the permit conditions prior to commencement of work.
5. Assist in the development of risk assessments, participates in safety and toolbox meetings.
6. Acts as a team-player in the multifunctional operations and maintenance team.
7. Promotes HSE culture.
8. Utilize troubleshooting skills to solve mechanical and related problems both independently and in liaison with other departments.
9. Supervises third party inspections, where applicable.
10. Possess knowledge and understanding of static and rotating equipment.
11. Assist in the development and implementation of procedures and work instructions for the completion of mechanical related tasks.
12. Checks the functionality of equipment and measuring instruments.
13. Conversant with CMMS including preparation of material requisition and work order management and materials and warehousing.
14. Communicates with vendors and supply chain for technical support.
15. Assists in mentoring, training, and appraising maintenance personnel.
16. Ensures that plant and equipment is maintained according to compliance and integrity standards in order to meet expected reliability and 'uptime' Key Performance Indicators.
17. Liaises closely with Operations, Maintenance and Engineering teams in activity planning, MOC development and cost control.
18. Ensures that all activities are accurately recorded in the maintenance management system, providing all necessary reports.

Crescent Petroleum

19. Reports to the Mechanical Supervisor –on all issues relating to mechanical department.
20. Identify/suggest ideas to improve performance within Mechanical department.
21. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.
22. Supports on job training programs to enhance essential competencies and behaviours to allow development.

Decision–making Authority

Working and Other Relationships

Mechanical Supervisor	Frequent/daily
Maintenance Superintendent	Frequent

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Mechanical Diploma qualification.

Minimum Professional Experience Required

At least 5 years' experience in the oil & gas and/or related industries. Preferred candidate with experience in natural gas engine and hands on experience working on static equipment.

Supervisory Responsibility

Special Requirements and Conditions

Must be physically fit, able to work under severe weather conditions and able to climb ladders and stair cases to elevated work platforms to monitor/repair static and rotating equipment.

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Good communication skill in English (spoken & written) • Commitment to continuous improvement. • Experience in OJT. • Time management • Problem solving skills	• Able to react in case of emergencies in order to assure that the safety is not jeopardized. • High team spirit awareness • Self-starter, flexible, initiative, positive approach to all aspects of work.	• Knowledge of static and rotating equipment as it applies to oil and gas industry. • Maintain and improve mechanical static and rotating equipment availability and reliability. • Authorized as performing authority in Permit to Work (PTW) system. • Demonstrate Leadership skills. • Good working knowledge of MS office.

Crescent Petroleum

		• Analytical skills to identify and resolve mechanical related problems • Awareness of emergency response plans. • Working knowledge of computerized maintenance management systems (such as Maximo) and Integrity (risk based) maintenance procedures • Experience of working with various types of rotating equipment including pumps, compressors, power generation packages and related systems. • Fully experienced in working with safety basic understanding of local safety management legislation

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 28 August 2019:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th

OR Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Mechanical Technician, Ref: MT/M/Aug/19)

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/۳
ژمارە: ٥٢٨/ت/٢٠١٧
رۆژ: ٢٠١٩/٧/٢٣
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو/ سەرتیپ احمد رسول
لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی ٣٩٦ لە یاسای سزادان لەو کێشەیە کە تایبەتە بە بنکەی پولیسی رانیە وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نیە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠١٩/١١/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پولیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ احمد حجی داهر
***
دادگای باری کەسیەتی کۆیە
ژمارە/ ٢١٣/ش/٢٠١٩
رێکەوت ٢٠١٩/٨/٦
ئاگانامە
بۆ/ داوالێکراو (لیلی قادر کاکە) دانیشتوی شاری کۆیە- گەڕەکی زانکۆ بەڵام ئیستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە
هاوسەرەکەت (شێرکۆ عمر عباس) داوای لەسەرت تۆمار کردووە لەم دادگایە بە ژمارە (٢١٣/ش/٢٠١٩) تیایدا داوای کردووە ئەم تەڵاقەی بۆ پەسەند بکەین کەلە دەرەوەی دادگا دەرحەق بەتۆ لەرێکەوتی (٢٠١٩/٧/٣٠) خستوویەتی وە بەگوێرەی ڕوونکردنەوەی ئاگادارکەرەوەی دادی لەم دادگایە زانیاری ئەنجومەنی شارەوانی کۆیە دەرکەوت شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا، پشت بەستن بەمادەی(١/٢١) لەیاسای دادبینی کردن ژمارە(٨٣)ی سالّی (١٩٦٩)ی ڕاستکراوە ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبون لەرۆژی دادبینی کردن ئەرێکەوتی(٢٠١٩/٨/٢٨) بەپێچەوانەوە دادگا داوایەکە بە پاشملە ساغ دەکاتەوە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ شوان صابر اسعد
***
مدیریة تنفیذ زاخو
العدد /٧١٩/تنفیذ/٢٠١٩
التاریخ / ٢٠١٩/٨/١٨
اعلان
تبلیغ بمذکرة الاخبار بالتنفیذ
الی / المدین : دوغان وضار (DOGAN UCAR)
العنوان السابق / مجهول محل الاقامة
نظرا لمجهولیة محل اقامتك حالیا علیه بموجب المادة (٢٧) من قانون التنفیذ قررنا تبلیغك عن طریق النشر في صحیفتین محلیتین للحضور امام مدیریة تنفیذ زاخو او من ینوب عنك و ذلك عن الدین المتعلق بذمتك في الاضبارة التنفیذیة المرقمة (٧١٩/تنفیذ/٢٠١٩) بمبلغ قدره (٨,٥٦٨,٠٠٠ دینار) ثمانیة ملایین وخمسمائة وثمانیة وستون الف دینار عراقي مع رسم التحصیل . وبعكسه سوف تتخذ هذه المدیریة الاجراءات القانونیة بحقك بعد مرور الفترة القانونیة البالغة (١٥) خمسة عشرة یوما من الیوم التالي لنشر هذا التبلیغ .
المنفذ العدل / لقمان سامي جمیل
***
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٩٢٩/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٧/٣١
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (سلوی جمیل محمد) قێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٧/٢٢ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە قەکرن ژ لایێ داواکار (سامح نائف محمد) بریاردا ب چەسپاندنا رەچەلەك (اثبات نسب) یا کوریّ تە (سامح) ل سەر ناڤێ تە وەك دەیك واسماعیل نائف محمد وەك باب وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / مروان عادل اسماعیل
***
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٩٣١/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٧/٣٠
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (سلوی جمیل محمد) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٧/٣٠ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە قەکرن ژ لایێ داواکار (اسماعیل نائف محمد) بریاردا ب (تصدیق طلاق خارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / مروان عادل اسماعیل
***
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٧٩٥/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٨/٨
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (روشین احمد کوچر) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٨/٥ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە قەکرن ژ لایێ داواکار (خیری محمد عبدالله) بریاردا ب (تصدیق طلاق خارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / شکر سلگان عدو
***
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە / ٢٢٧/ب/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکەراو (محمد خضر علی ثلاج) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە
ئەم دادگایە بریاریدا لە رۆژی ٢٠١٩/٨/٨ لە داوای ژمارە ٢٢٧/ب/٢٠١٩ ب پێگێریکرنا تە بو داواکاران پارێزاران (برکات عمر داود ومسعود سلیمان حسن) ب دانا پارەی ماندییونێت پارێزەری ددواا ژمارە ٥٩/جنایات/٢٠١٦ ل دادگەها تاوانا دهوك/١ کو تو تاوانباربوی ددواا نافبری دا کوژمێ (٢١٠٠٠٠٠٠) بیست ویەك ملیون دینار لدیف پێکهاتنا هاتیە کرن دنافبەرا هەوە ل روژا ٢٠١٢/٨/١٥ دکەل ماندییونێت پارێزەری داواکاران ل داوا ژمارە ٢٢٧/ب/٢٠١٩ دوو ملیون دینار ژبەر نەشتەجێبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندێ کێلکێ ل قەزا سمیل ل روژا ٢٠١٩/٨/١٨ بۆیە دادگا بریاری دا کە بریارەکەت پێ ڕابگەیەنێت بە هۆی دوو روژنامەی ناوخۆ ڕوژانە کە لە هەرێمێ کوردستان دەردەچیت وهەوە مافێ نەرازیبونێ وتێهەلچوونێ وپێداچوونەوە هەیە لە ماوەی یاسایی دا وبە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەر دەکریت بەپێی یاسا
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣١٨/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٨/١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (زینب جمعه احمد) جهێ ئاکنجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارە وی ل سەری دیارکری پەسندکرنا تلاقا دەرەکی ئەوا رویدای ل ٢٠١٩/١/٥ (تصدیق طلاق خارجی) تەو داواکار (زانا حسن سلیمان) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهدارییا هەلبژیر ودەستە کا هەلبژارتنا ل قەزا سێمێلێ کومەلگەها فایدە ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداچوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دە ڕۆژا ژبەلافکرنا ڕوژنامێ بەرۆڤاژی بریار دێ دومahیك ئیت دەرهقی تەدا ل دیف یاسایی
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد /٨٠٨/ت/د/٢٠١٩
التاریخ / ٢٠١٩/٦/٢٠
الی / المنفذ علیه (المدیر المفوض لشرکة کاسکو Casco petroleum Middle East)
م / تبلیغ بمذکرة الاخبار بالتنفیذ
علیك الاضبارة التنفیذیة المرقمة (٨٠٨ /ت.د/٢٠١٩) بمبلغ قدرة (١٢٩٥٤٠٠٠)مائة وتسعة وعشرون ملیون وخمسمائة واربعون الف دینار عراقي فقط ونظرا لمجهولیة محل اقامتكم حالیا حسب كتاب مركز شرطة شاویس المرقم (١٤١٧) في ٢٠١٩/٦/١٣ علیه قررنا تبلیغكم عن طریق صحیفتین محلیتین یومیتین رسمیتین للحضور امام مدیریتنا او ارسال من ینوب عنكم وبعكسه سوف نتخذ الاجراءات القانونیة بحقكم بعد مرور الفترة القانونیة (١٥) یوما
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد / ٢٨٩/ت.د/٢٠١٨
التاریخ / ٢٠١٩/٦/٢٠
الی / المنفذ علیه (المدیر المفوض لشرکة کاسکو Casco petroleum Middle East)
م / تبلیغ بالحجز
نظرا لمجهولیة محل اقامتكم حالیا حسب كتاب مركز شرطة شاویس المرقم (١٤١٧) في ٢٠١٩/٦/١٣ قررت مدیریتنا بتبلیغكم بمذكرة الاخبار بالقرار الحجز التنفیذي للاموال المنقولة عن طریق صحیفتین محلیتین یومیتین ونخبرك بانه قررت مدیریتنا بوضع الحجز على المواد الغیر الصالحة للاستعمال (السكراب) لقاء الدین المحكوم به والبالغ قدرها (٥٦٩٠٩٠٠٠) ستة وخمسون ملیون وتسعمائة وتسعة الف دینار عراقي فیجب علیكم اداء المبلغ المحكوم والمذكور اعلاه خلال (ثلاثة) ایام من الیوم التالي للتاریخ النشر تبلیغكم بهذه الاخبار بالحجز وبعكسه سوف یباع المواد المحجوز المذكور اعلاه بالمزایدة وفق المادة ٦٩ من قانون التنفیذ
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد / ٤٩٥/ت.د/٢٠١٩
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٤٩٥/ت.د/٢٠١٩
المتضمن بیع العقار المرقم ٩٢/١ مقاطعة ٨٨ اشكفتة مغارة في حصة المدین المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلى الراغبین مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یكن شریكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة عشرة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ٤٩٥/ت.د/٢٠١٩ الموقع ناکری شارع الرئیسي امام (سەیرانگەها ناکریّ) المساحة ٤٠٠ م٢ الجنس ملك صرف تجاري القیمة المقدرة (٣١٢٠٠٠٠٠٠) ثلاثمائة واثنا عشرة ملایین دینار عیراقی
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
مدیریة تنفیذ ناکری
العدد / ٤٥٦/ت.د/٢٠١٩
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ٤٥٦/ت.د/٢٠١٩
المتضمن بیع العقار المرقم ٢٤٠٣/١ مقاطعة ٨٩ شیوه كور المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلى الراغبین بالشراء مراجعة هذه المدیریة مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یكن شریكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل على المشتري
الاوصاف : رقم الاضبارة ٤٥٦/ت.د/٢٠١٩ الموقع ناکری ١١ أیلول المساحة ٢٥٠ م٢ الجنس ملك صرف (دار سكنى) متكون من طابقین القیمة المقدرة (١١٠٠٠٠٠٠٠) مائة وعشرة ملایین دینار عیراقی
المنفذ العدل / بدران عبدالرحیم حاجي
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٧/٢٠٦٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١٩
٢٠١٩/٧/٢١ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا لەسەر بریاری سزادانی پاشملە تاکو ماوەی ١٨٠ سەدو هەشتا ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەت ئەویش ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی ئەم بریارەیە لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە وە هەڵواسینی ئەم جاردانەیە کە هەڵدەواسرێت لەشوێنی نیشتەجێ بوونی دوایت و شوێنی بارەگای فەرمانگەکەی خۆت, وە لە کاتی ئامادەنەبوونت لەو ماوەیەی کەلەسەرەوە دیاریکراوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
عەمیدی ماف پەروەر/ سەرۆکی دادگا
***
دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ - یەك
ژمارە: ٦٩١
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٤
ژمارەی کێشە: ٢٠١٨/١٣٢
جاردان
بۆ/ تاوانباری هەڵاتوو: عریف/ سرمد صباح عمر محمد
ناوی دایکی/ سلوی محمد
ڕاگەیاندنی بریاری دادگایی پاشملە
لەبەر ئامادەنەبوونت لەبەرامبەر ئەم دادگایە وە تەواوبوونی ماوەی دیاری کراو بۆ ئامادەبوونت بەپێی بەندی ٦٨ لە یاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ وە لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧ وە بردنی چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو لەگەڵ خۆت بردووە.
٣- جێبەجێ کردنی ئەو سزایانەی کە لە برگە ١ و ٢ی سەرەوە هاتووە لەسەرت لە دوای یەکتری پاڵپشت بە بەندی ١٤٣ لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی سالّی سالّی ١٩٦٩ هەموارکراو.
٤- پابەندکردنت بە دانەوەی بری ١,٢٠٣,٠٠٠ یەك ملیۆن و دوو سەدو سێ هەزار دیناری عیراقی پالپشت بەبەندی ٣٥/دووەم لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ وە بڕیارەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/٢٢ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمەاە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧.
٢- سزادانت بەبەندکردن السجن بۆ ماوەی ٦ شەش سالّ بەپێی بەندی ٣٥ یەکەم لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی لەکاتی هەڵاتنت چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو لەگەڵ خۆت بردووە.
٣- جێبەجێ کردنی ئەو سزایانەی کە لە برگە ١ و ٢ی سەرەوە هاتووە لەسەرت لە دوای یەکتری پاڵپشت بە بەندی ١٤٣ لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی سالّی سالّی ١٩٦٩ هەموارکراو.
٤- پابەندکردنت بە دانەوەی بری ١,٢٠٣,٠٠٠ یەك ملیۆن و دوو سەدو سێ هەزار دیناری عیراقی پالپشت بەبەندی ٣٥/دووەم لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ وە بڕیارەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/٢٢ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمەاە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧ وە بردنی چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو وە بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمەاە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧ وە بردنی چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو وە بڕیارەی دیاری دیاری کراو لێت وەردەگیرێت بەڕێگای جێبەجێکار الطرق التنفیذیە پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگیرێت.
٥- دەرکردنت لە ڕاژە طرد من الخدمە پاڵپشت بەبەندی ٤١/ یەکەم/أ لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ وە بڕیارەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/٢٢ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمەاە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧ وە بردنی چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو وە بڕیارەی دیاری دیاری کراو لێت وەردەگیرێت بەڕێگای جێبەجێکار الطرق التنفیذیە پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگیرێت.
٥- دەرکردنت لە ڕاژە طرد من الخدمە پاڵپشت بەبەندی ٤١/ یەکەم/أ لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگیرێت.
٦- ئەو تاوانە بە تاوانی ئابرووبەری (مخیلە بالشرف) دادەنرێت پالپشت بە بەندی (٢١/أ-٦) لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١ی سالّی ١٩٦٩)ی هەموارکراو.
٧- گشتاندنی بەدەمانچەی جۆری کرواتی دەسك ڕەش بە ژمارە (H١١٧٣٤٣) بکرێت بەپێی یاسا.
٨- دەست بەسەر داگرتنی سامانە گواستراوە و نەگواستراوەت.
٩- ماف دان بەفرمانبەرانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت.
١٠- جەخت کردنەوە لەسەر هاووڵاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت پالپشت بەبەندی بەبەندی ٦٩/ سێیەم لەیاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ بە بڕیاری سزادانەکەت بەبێ ئامادەبوونت بەتێکرای دەنگ دەرچووە وە تێگەیاندرا بە ئاشکرا لە ٢٠١٩/٧/٢٢ وە قابیلی پێداچوونەوەیە تەمییز ە وە مافی ڕەخنەگرتنت الاعتراض ت هەیە بەپێی بەندی ٦٩ لە هەمان یاسا وە ئاگادارت دەکەینەوە بەپێی بەندی ٧١ لە هەمان یاسا بەو بڕیارەی لە خوارەوە هاتووە:
١- سزادانت بەبەندکردنێکی سووك بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی بەندی ٥ لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمەاە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵاتنت ئەنجام داوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١/٢٧ وە بردنی چەکی کلاشینکۆف جۆری کوبی مزلی بە ژمارە (CS١٧٨٩) لەگەڵ (٤) مخزەن و لەگەڵ (١٢٠) فیشەکی کولە پشت و درع خودە کە لەئەستۆت دابوو وە بڕیارەی دیاری دیاری کراو لێت وەردەگیرێت بەڕێگای جێبەجێکار الطرق التنفیذیە پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگیرێت.
٥- دەرکردنت لە ڕاژە طرد من الخدمە پاڵپشت بەبەندی ٤١/ یەکەم/أ لەیاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٤ی سالّی ٢٠٠٨ پاش ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگیرێت.
٦- ئەو تاوانە بە تاوانی ئابرووبەری (مخیلە بالشرف) دادەنرێت پالپشت بە بەندی (٢١/أ-٦) لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١ی سالّی ١٩٦٩)ی هەموارکراو.
٧- گشتاندنی بەدەمانچەی جۆری کرواتی دەسك ڕەش بە ژمارە (H١١٧٣٤٣) بکرێت بەپێی یاسا.
٨- دەست بەسەر داگرتنی سامانە گواستراوە و نەگواستراوەت.
٩- ماف دان بەفرمانبەرانی گشتی بەگرتنت لە هەر شوێنێك بیت.
١٠- جەخت کردنەوە لەسەر هاووڵاتیان بە ئاگادارکردنەوەی شوێنی خۆشاردنەوەت پالپشت بەبەندی بەبەندی ٦٩/ سێیەم لەیاسای شێوازی دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٨ و

بەکارهێنانی ئاژەڵەکان لە دەستەواژەی سیاسییدا



د. عەمار عدلی حەسەن

زۆر جار ئاژەڵەکان لە داتاشینی دەستەواژەی سیاسی بەکاردەهێندرێن، وەکو پلنگەکانی ئاسیا، ورچی رووسی، ئەژدیهای چینی، مراوی لەنگ، گورگە تاکەکان، ئەسپی رەش، مانگای پیرۆز، کۆترەکان و هەڵۆکان. دەستەواژەی مراوی لەنگ، بەو حکوومەتە دەوترێت، کە ماوەی مانەوەی لەدەسەڵات لە کۆتاییدا بێت، بەمەش قەڵەمڕەوی و دەسەڵاتی کەم دەبێتەوە و خەڵکی بە چاوی رابیکردنی کارەکانی حکوومەتی داهاتوو سەیری دەکەن، کە تازە هەڵبژێردراوە و دەسەڵات دەگرێتە دەست. بەڵام بنەچەی ئەو گوزارشتە بۆ وەسفکردنی سەرۆکی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە، کە لەمانگی تشرینی دووەم ماوەکەی تەواو دەبێت، بەڵام دەبێت لە کۆشکی سپی هێنێتەوە، تاکو ئەوەی دوای خۆی لە مانگی کانونی دووەمی داهاتوو دەسەڵاتەکە وەردەگرێت، هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، ئەگەر سەرۆک لە ماوەی سەرۆکایەتی دووەمیدا بێت، یان لە جەنگی مانەوە لە پۆستەکەی بۆ جارێکی دیکە دۆڕابێت.

بەڵام شتەکە درێژ بووبێوە و بووە ئەو دەستەواژەیەی، بە هەموو سیاسەتێک دەوترێت، کە نەتوانێت بەو ئامانجانە بگات، ئەوەی نەخشەی بۆ کێشابوون.

بەو دەزگایە دەوترێت مانگای پیرۆز، کە کەس نەوێرێت پرسیاری لێ بکات، یان لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، هەرچەندە هەشە و خەڵکیش پێوەی پابەندن، بە بیانوی ئەوەی شایستەی گوێرایەڵی و شکۆمەندییە. بەو پاڵێوراوە دەوترێت ئەسپی رەش، کە رکابەرەکانی بە کەمتەرخەمی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و بوونی فەرامۆش دەکەن، وا دەزانن ناتوانێت رکابەریی بکات و هیچ دەرفەتێکی بردنەوەشی نییە، بەڵام هەمووان تووشی سەرسوڕمان دەکات و دەستکەوتی بەرچاو بەدەست دێنێت. بەرانی قوربانییەکان، ئەو پاڵێوراوەیە کە پارتەکەی، یان هێزێکی سیاسیی، یان کۆمەڵایەتی و هی دیکە بۆ پۆستێک راپێشی دەکەن، بێ ئەوەی هیچ دەرفەتێکی بردنەوەی هەبێت. بەو پاڵێوراوە دەوترێت، تاقیبکەری ئەسپەکان، کە پێی وایە داکۆکی لە نەیارەکانی دەکات و لەنێو یەک پارتی سیاسی یەکیان دەخات.

ئەژدیها، کە نازناوی چینە، ئاژەڵێکی ئەفسوناوییە، سەری وشتر، گوێچکەی مانگا، قۆچی ئاسک، ملی مار، سکی ماسی سەدەفی، چرنوکی هەڵۆ، ئاولەپی پلنگ، پوولەکەی ماسی شەبووت، قەپێلکی چڕ و چاوی خەیاڵکەری ئەهریمەنی هەیە. ئەژدیها، پێگەیەکی قوولی لە ویژدان، کولتوور و دەروونی چینییەکاندا هەیە، شوێنێکی پێشکەوتووشی لە ئەدەب، هونەر و بیناسازیاندا هەیە، ناوی بووەتە هاوشانی چین، وەکو هێزێکی جیهانی گەورە لە ئەدەبیاتەکانی سیاسی و ئابووریدا، کە بەچەندین زمان دەنووسرێتەوە، هەموو سیفەتێکی چەسپاو بەو ئاژەڵە ئەفسوناوییە، بۆ وڵاتی چین دەگەڕێتەوە، لە خواستراوێکی پڕ ماناداً.

دەڵێن ورچی رووسی، ئەو وەسفکردنە تەنیا لەبەر ئەوە نییە، ئەو ئاژەڵە تەنیا لە سەر خاکی رووسیادا هەیە، بەڵکو هێمای ورچ لێرەدا، بۆ هێز دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو ورچانەی لەوێندەر دەژین، گەورە، چڕنوک تیژ، توند و بەتوانان لە راوکردنی نێچیرەکان بە ئاسانی، هەندێک ئەو ناوە بۆ وەسفکردنی رووسیا بە، دوژمنکار، دەسەڵاتدار و ستەمکار بەکار دێنن.

پلنگەکانی ئاسیا، بە کۆمەڵێک وڵاتی ئاسیا دەوترێت، کە ئاستی بەرچاویان لە گەشەکردنی ئابووری بەدیهێناوە و بەرنامەی گەشەپێدانیان لە چوارچێوەی ئابووری بازاڕ لە خۆگرتووە، ئەو وڵاتانەش لە چەند پلنگێکی پێگەیشتوو پێکهاتوون کە ئەمانەن، هۆنگ کۆنگ، ژاپۆن، کۆریای باشوور و تایوان، هەندێکیش لە قۆناغی بەچکەیی رەتیان داوە وەکو، ئەندۆنیسیا، مالیزیا، تایلەند و چین. پێشتر دەستەواژەی پلنگ، لە هەندێ ئەدەبیات و پێش جەنگی سارد، بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەوترا، سۆڤیەتەکان ویستیان لە بەهێزییەکەی کەم بکەنەوە، بۆیە ئەو دەم بە پلنگی سەر کاغەز وەسفیان کرد.

لەوانەیە هیچ دەستەواژەیەکی هێماسازی لە میژووی تیرۆر، لە گورگە تاکەکان پڕ ماناتر نەبێت، کە لەگەڵ تیرۆریستەکانی ئەم دواییە، مەبەست لێی، کەسانی کاریگەرە بە هزری رێکخراوی داعش، یان ئەوانەی سەر بەون، کە بە نهێنی کردەوەی تیرۆریستی لێرەو لەوێ لە هەندێ وڵات ئەنجام بدەن، پاشان خۆیان رابگەێنن، یان قورقەپی لێ بکەن و ئەو ئەرکە بۆ راگەیاندنەکانی رێکخراوەکە جێبێلن، کە پشتیوانی لەو جۆرە رووداوانە دەکات، یان دەیخاتە پاڵ خۆیان، لە چوارچێوەی هەوڵی بۆ گەورەکردنی هێزەکەی، بۆ راکێشکردنی کەسانی دیکە بۆ چوونە پاڵی، یان داو بۆ نەیارەکانی دانێتەوە و گوشاریان بخاتە سەر، یان هەنگاو بەرەو ئامانجەکانی بهاوێت.



هەرچی کۆترەکان و هەڵۆکانە، گوزارشتێکی خواستراوە لە جیهانی بااڵندەکاندا، میانڕەوەکان بە کۆتر وەسف دەکرێن، تووندڕەوەکانیش بە هەڵۆکان، تیمی یەکەم وا خۆیان پیشان دەدەن، چاکی، ناسکی و نەرمی کۆتریان هەیە، هەرچی تیمی دووەمە، خۆیان وەکو بریندارکەر و هەڵکوتکەر پیشان دەدەن، کە بە شتی کەم رازی نابن.

بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیەش، بۆ سەردەمی جەنگی سارد دەگەڕێتەوە، کە هەڵوێستی دوو تیم لە سیاسەتکارانی ئەمەریکامان، لە مامەڵەکردن بە باشترین شێوە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی دارماو بینی، یەکەم بەکارهێنانی هێزیان پێ باشبوو، دووەمیش نواندنی نەرمی و ئاشتەوایی.

بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە، لە وەسفکردنی سیاسەتی چەندین وڵات بووەتە شتێکی باو، کە لەوانەیە بە راستی ئەو جۆرە دابەشبوونەیان تێدا بێت، لەوانەشە تەنیا جۆرێک لە دابەشکردنی رۆڵەکان بێت.

و: رەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.alittihad.ae

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1920:
بۆ 19 هەمین جار دەستووری ئەمەریکا هەموار کرایەوە و بە هۆیەوە مافی دەنگدان بە ئافرەت درا .



سالی 1957:
سۆڤیەت سەرکەوتنی یەکەم تاقیکردنەوەی مووشەکی کیشوەرپڕی راگەیاند.



سالی 1991:
بیلاروسیا سەربەخۆیی خۆی لە یەکێتی سۆڤیەت راگەیاند .



سالی 1961:
لەسەر ئاستی جیهان، بۆرما بووە یەکەم وڵاتی بوزی .



سالی 1976:
بەهۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی ،جاک شیراکی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتەی فەرەنسا دەستی لەکار کێشایەوە.



سالی 2018:
بومەلەرزەیەک بە گورپی 6.1 پلە لەسەر سنووری نێوان ئێران و عیراق رووید ا.

ئاڵای وواڵتان



شانشینی ئوردن

ڕەنگی ڕەش هێمایە بۆ سەردەمی دەوڵەتی عەباسی و ڕەنگی سپی بۆ سەردەمی دەوڵەتی ئەمەوی و ڕەنگی سەوز بۆ سەردەمی دەوڵەتی فاتمی و ڕەنگی سووریش وەک ئاماژەیەک وایە بۆ ئاڵای خانەوادە گەورەکانی مەککە لە ئاڵ هاشم . ئەستێرە سپیەکەش هێمایە بۆ سورەتی فاتیحە لە قورئانی پیرۆز .

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/8/26 ژمارە (5814)

راستیی و داتاکان لە هەمبەر بوونی سوپای ئەمەریکا لەسەر خاکی ئەڵمانیا

ئا: عەبدولقادر کەڵهۆڕ

بوونی هێزەکانی سوپای ئەمەریکا لە ئەڵمانیا بە پێی ڕێککەوتنێکی ئەمنی لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە ڕێکخراوە، بوونی ئەو هێزانە هەر لە ژمارەی سەرباز و کەلوپەل و دامودەزگەی سەربازی و فڕۆکە نەوەستاوە. بەڵکو ڕەهەندی سەربازی و ئابووری هەیە.

هۆکاری مانەوەی ئەو هێزانە

لەوەتەی جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی هاتووە، کۆماری ئەڵمانیای ئێتیحادی بۆتە بەشێک لە ستراتیژییەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئەورووپا، بە تایبەتیش لەکاتی جەنگی ساردا .ئەو کات ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەندامێکی سەرەکی بوو لە وڵاتانی هاوپەیمانان کە لە جەنگی جیهانی دووەم سەرکەوتن و بۆ ماوەی 10 ساڵ کۆنترۆڵی خاکی ئەڵمانیای کرد.سەرەڕای کشانەوەی هاوپەیمانەکانی دیکە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دواتریش لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، کەچی هێزەکانی سوپای ئەمەریکا بە ئاشکرا و بە ڕوونی لە ئەڵمانیا مانەوە.گرنگی ئەڵمانیا لە ڕووی سەربازییەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبوونی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەورووپا خۆی دەبینێتەوە لە بنکەیەک لە نزیک باشوری شاری شتوتگارتدایە.ئەو بنکەیە ڕاسپێردراوە بە ئیدارەدانی 51 بنکە و یەکەی سەربازی لە وڵاتانی ئەورووپا .

ئەرکەکانی هێزەکە

ئەرکی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەورووپا لەوەدا چڕدەبێتەوە کە پارێزگاری لە ئەمەریکا بکات لە ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی ململانێکان و پاشەکشتی هاوبەشەییەکان وەک پەیمانی ناتۆ ، هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان لەسەر سنورەکان. هەریەک لە ئەمەریکا لە ئەورووپا و هێزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا لە ئەورووپا ،هێزە وشکانییەکانی ئەمەریکا لە ئەورووپا ،کە هەر هەموویان بارەگایان لە ئەورووپا هەیە، دەکەونە ژێر فەرمانی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەورووپا.لە ئەڵمانیادا 38 هەزار سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە، ئەوەش گەورەترین هێزی سەربازی ئەمەریکایە لە وڵاتێکی ئەورووپا ، تەنیا هێزەکانی ئەمەریکا لە ژاپۆن لەو ژمارەیە زیاترە .

مارێنز و سەرباز و چەکی ئاسمانی

ئەڵمانیا نیشتمانی پێنج لە حەوت حامیەکانی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئەورووپا ، دووەکەی دیکە لە هەریەک لە بەلجیکا و ئیتاڵیان.بارەگای سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بنکەی فیسبادن لە ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئەڵمانیایە لە نزیک شاری فرانکفۆرت.بە پێی داتاکانی سوپای ئەمەریکا ئەو پێنج حامیە کە هەریەکێکیان پێکهاتووە لە دەزگەی سەربازی جیاواز، و لە شوێنی جیاواز، ئێستاکە 29 هەزار سەربازیان تێدا نیشتەجێیە،ئەو ژمارەیە هەریەک لە هێزە وشکانییەکانی ئەورووپا و ئەفریقیاش دەگرێتەخۆ.کە بارەگای سەرەکیان لە شاری پۆلینگینە لە باشوری ڕۆژئاوای ئەڵمانیا و بەشێک لە حامیەی سوپای ئەمەریکا لە شاری شتوتگارت .



خەڵکی سڤیل

سەربازی ئەوە 9600 سەربازی سەربە هێزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا کە لەشوێنی جیا جیا لە ئەڵمانیدا بڵاوبوونەتەوە، لەوانەش هەردوو بنکەی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا لە هەریەک لە ڕامشتاین و سپانگداهایم.

دەزگە سەربازییەکانی سوپای ئەمەریکا خەڵکی سڤیلیشی تێدا دامەزراوە و کارەکەن.هەندێک جار ئەو سەرباز و ئافرەتانەی لەوێ کاردەکەن دەتوانن خانەوادەکانیشیان لەگەڵ خۆیاندا ببەن.بۆیە لە دەوروبەری ئەو بنکە سەربازییانە کۆمەڵگەی مەدەنی نیشتەجێبوونی گەورە بونیاد نراون. هەندێک بنکەی سەربازی لە ئەڵمانیا وەک بنکەی ڕامشتاین، شارێکی بچووکی لە تەک ئاوەدان کراوەتەوە و بازاڕ و پۆستە و قوتابخانە و خزمەتگوزاری پۆستە یان هێزەکانی پۆلیسی سەربازی سوپای تێدایە ، لەو یەمەن و هەندێک شوێنی دیکە ئەنجام دەدرێت و ڕەخنەی زۆریشی لێ دەگیرێت.

هێزی ئاسمانی و چەکی ئەتۆمی

سەربازی ئەو بوونە سەربازییەی ئەمەریکا لە ئەڵمانیا، ئەمەریکا ژمارەیەک فڕۆکەی لە بنکە ئاسمانیەکانی ئەڵمانیا نیشتەجێ کردووە، بە پێی ڕێککەوتنی ئەتۆمی هاوبەش لەگەڵ ناتۆ مەزندە دەکرێت 20 چەکی ئەتۆمی لە بنکەی بوخێل ئاسمانی لە ڕۆژئاوای ئەڵمانیا هەبێت. کە لە نێو ئەڵمانیاوە ڕەخنەی زۆری لێ دەگیرێت. هەروەها سەنتەرێکی کۆنترۆڵکردنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە بنکەی ڕامشتاین هەیە. تێیدا گوزرە سەربازییەکانی بۆ سەر داموزدەزگایانە مامەڵە تەنیا بە دۆلار دەکرێت.

دوابەدوای جەنگی دووەمی جیهان

بوونی هێزەکانی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1945تاکو 1955 لەو ماوەیەدا بە ملیۆنان سەربازی هاوپەیمانانی ئەمەریکا لەسەرخاکی ئەڵمانیادا بوون(یەکێتی سۆڤییەت ، بەریتانیا ، فەرەنسا)بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا لە ژێر کۆنترۆڵی یەکێتی سۆڤییەتدا بوو، دواتر کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی لەسەر بونیاد نا. لە بەشی ڕۆژئاوای ئەڵمانیاش کۆماری ئەڵمانیای ڕۆژئاوایی تێدا ڕاگەیەنرا، لە نیسانی ساڵی 1949 بە پێی یاسای داگیرکردن(الاحتلال) بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان لەسەر خاکی ئەڵمانیا ڕێکخرا ..یاساکە ڕێگەی دا بەریتانیا و فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هێزەکانیان لەو وڵاتە بهێڵنەوە تا ئەو کاتەی بە تەواوەتی چەک لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دادەمالرێت..

ڕێککەوتنێکی دیکە

دوای بە ڕەسمی تەواوبوونی داگیرکاری بۆ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ، دەوڵەت سیاسەتی بەرگری بەدەست هێنایەوە، سەرباری یاسای داگیرکاری ، ڕێککەوتنێکی دیکەی لەگەڵ هاوبەشەکانی ئەڵمانیا لە پەیمانی باکووری ئەتڵەسی بەدوا هات و ڕێککەوتنێکی دیکە بەناوی (بوونی هێزە بیانییەکان لەسەر خاکی ئەڵمانیای فیدراڵی) لە ساڵی 1954 ئیمزا کرا. ڕێگە بە هەشت ئەندامی ناتۆ درا لەوانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە بەردەوام هێزەکانیان لە نێو خاکی ئەڵمانیا بهێڵنەوە ، تاکو ئێستاش ئەو ڕێککەوتننامە بە هەمان مەرج و بەندەکانیەوە هەر ماوەتەوە و پەیڕەو دەکرێت.بەڵام دوای تەواو بوونی جەنگی سارد لە ساڵی 1990 ژمارەی سەربازانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئەڵمانیا بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە، کە پێی ئامارەکانی حکوومەتی ئەڵمانیا نزیکەی 400 هەزار سەربازی بیانی لەسەر خاکی ئەڵمانیا بوونیان هەبوو، کە نیوەی ئەو ژمارەیە ئەمەریکایی بوون.دواتریش ئەو کەمبوونەوە ڕێژەکەی زێدەتر بوو بە تایبەتی دوای بەرپابوونی جەنگی ئەفغانستان و عێراق .

مانشێت



سکای نیوز:
لە چوارچێوەی پێکهێنانی هاوپەیمانیەکدا بۆ پاراستنی جموجۆڵی کەشتیوانی لە تەنگەبەری هورمزدا، بەریتانیا کەشتیەکی دیکەی ڕەوانەی ناوچەکە کرد .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
جارێکی دیکە لە شەقامەکانی هۆنگ کۆنگ خۆپیشاندان سەری هەڵدایەوە و تووندوتیژیی لە نێوان پۆلیس و خۆپیشاندەران ڕوویدا .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بەهۆی پێشوازیکردنی لە ژمارەیەک پەنابەری کوردی یەزیدی ، سەرۆکی شارەوانی سیتفۆن لە باشووری فەرەنسا ڕووبەڕووی هەڕەشە بووەوە .



ئەی ئێف پی:
سەرۆکی کۆریای باکوور سەرپەرشتی تاقیکردنەوەی چەند جۆرە مووشەکێکی تازەی کرد .




فرانس 24:
سەدان ئاگری دیکە لە دارستانەکانی ئەمازۆن کەوتنەوە ، بەرپرسانیش ترسیان هەیە لەوەی نەتوانن بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن .



کەنالی ئار تی :
وڵاتانی ئەندام لە G7 لە کۆبوونەوەکەیاندا لە فەرەنسا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە نەهێڵن ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆم .

کاریکاتێر






دوای چوار ساڵ لە وێنەگرتنی، ئینجا بینرا!

چوار ساڵ تێپەڕی بەسەر گەیشتنی میژوویی کەشتی ئاسمانیی ئەورۆپی (رۆزیتا) بە دەوری ناوکی کلکداری ناوداری (67/P C.G) کە بەڕاستی بووە خاڵێکی وەرچەرخانی میژوویی لە بواری لێکۆڵینەوەی یەگجار زۆر ودرو درێژخایەن دەربارەی ئەو تەنە ئاسمانییە سەرنجڕاکێشانەدا، بەڵام تا ئێستا عەمبارێکی زۆری داتای زانستی و گرتەی وێنەیی ماون تا شیبکرێنەوە لە پێناو دەستکەوتنی زانیاری زۆر زیاتر.

یەکێ لەو دۆزینەوانەی کە بەم دواییە لەلایەن تیمێک لە فەلەکناسانەوە هاتەدی، بریتی بوو لە بینینی بۆیەکەمجاری (پاشکۆ) یەکی زۆر بچووک کە بە دەوری ناوکی ئەو کلکدارەوە دەخولایەوە و بووە هۆی حەپەساندن و مایەی سەرسوڕمانیان!.

لە میانەی دەرهێنان و شیکردنەوەی بەشێک لە ئەرشیف وێنەکان لەلایەن وێنەگری فەلەکناسیی ئیسپانی (جاسنت رۆجەر) ەوە کە لە بەروارى 2015.10.21لەرێگەی کامێرای (OSIRIS) ەوە وەرگیرابوون، تەنێکی ئاسمانیی بچووک دەرکەوت کە بە دەوری ناوکی کلکداری (67/P C.G) دا دەخولایەوە لەوکاتەی کەشتی (رۆزیتا) لە دووریی 400کیلۆمەتر بوو لە ناوکی کلکدارەکەوە.

ئێستا تیمی پسپۆڕانی ئاژانسی بۆشاییگەری ئەورۆپی (ESA) بە وردیی لێکۆڵینەوە دەربارە ئەو وێنانە دەکەن تا بزانن سروشتی ئەو تەنە چییە، پاشان لەلایەن فەلەکناسی لێکۆڵەر (مارین یاسیلی دیلابارا) ناونرا (Churymoon) کە دەرکەوت تیرەکەی 4مەتر دەبێت.



(مەریخ) خاوەنی بەرگێکی موگناتیسی زۆر لاوازو شێواوە

بێگومان کۆڵەگەی سەرەکیی بوون و بەردەوامبوونی ژیانەلەسەر هەسارەی زەویدا، بەڵام لە هەمان کاتدا مەرج نییە بوونی ئاو مانای بوونی ژیانی تەواو لەو شوێنەدا دەدات کە تیایدا دەدۆزرێتەوە، کە مەبەستمان ناوچەیەکی یان هەسارەیەک لە دەرەوەی هەسارەی زەویدا.

(مەریخ) یەکێکە لەو هەسارانەی کە بەردەوام هێمای بۆ دەدرێت لە ئەگەری بوون یان نەبوونی ژیاندا، وە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا کەوتۆتە ژێر روونـاکی دۆزینەوەو لێکۆڵینەوەو وێنەگرتن و بە چاوێکی پڕ هیوا سەیر دەکرا کە ژیانی لەسەر بێت یان پاڵپشتی لە بوونی ژیان بکات، بە تایبەتیش دوای دۆزینەوەی ئاوو لەسەر شێوەی سەهۆڵ لە هەردو جەمسەرەکانی و تەنانەت لە ژێرەوەی رووی خاکەکەیدا، بەڵام بە داخەوە، کەشتی ئاسمانیی ئەمریکی (MAVEN) بەم دواییە سەلماندی کەوا هەسارەی (مەریخ) ئەم سەردەمەی ئێستا بە پێچەوانەی (زەوی)، خاوەن بەرگێکی موگناتیسی (Magnetosphere) یەگجار زۆر لاوازو شێواوە، ئەمەش وایکردووە رێگە سانابێت بۆ بۆمبارانکردنی تەواوی رووی هەسارەکەو بەرگە هەوایەکەی بە ترلیۆنەها تەنۆچکەی بارگاویی کوشندەی دەرچوو لە خۆرەوە، ئەمەش رۆڵی بنەڕەتی و سەرەکیی هەیە بۆ لەناوبردنی شیرازەی بەرگەهەوایەکەی و بڕاندنی هەرچ هیوایەک هەیە بۆ بوونی ژیان و بەردەوامبوونی بە ستانداری ئێمەی ئادەمیزاد.

بۆچی جیهان پێویستی بە پسپۆڕانی کەشناسی هەیە؟



ئەمڕۆ چی بپۆشم؟ کەی خاکەکەم بکێڵم؟ ئاخۆ مەودای فڕین لەبارە؟ ئایا دەزگاکانی لە ئامادەباشیدان بۆ رووبەڕووبوونەوەی زیانی نزیکبوونەوە؟ ئاخۆ چ ڕێگایەک بگرینە بەر بۆ خۆگونجاندن یان پاراستنی خۆمان و سامان و دامەزراوەکانمان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئاوو هەوا؟

بێگومان بڕیارەکانمان لەو بوارانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە زۆر کاریگەرن و پەیوەستن بە زانستی کەش و ئاوو هەوا ناسییەوە، وە لە کۆنەوەش زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەکانی جیهان لە کەشناسیان کۆڵیوەتەوە بۆ ناسینەوەی گۆڕانکارییە وەرزییەکان، بەڵام پێشکەوتنی تکنۆلۆژیای ئەمڕۆ توانای پێشبینییەکانیان یەگجار زۆر پێشخستووە، ئەمەش بەهۆی چەندین ئامێرو سیستەم و هۆکارو ئامرازەوە، لەبەکارهێنانی پێشکەوتووترین سیستەمەکانی کۆمپیوتەرو مانگە دەستکردەکان و وێستگەکان بۆ ڕوانگەکردنی ئاوو هەوا.

گۆڕینی ئەو ژمارانە بۆ داتای ئەوتۆ کە تاک و دەزگایەکان سوودیان لێ وەربگرێت، یەکێکە لە کارە هەرە گرنگ و هەستیارەکانی کەشناس و دەزگاکانی کەشناسی بەشێوەیەکی گشتی، ئەمەش بەهۆی دڵسۆزیی دەستەیەک لە پسپۆڕان و کارمەندانی ئەو دەزگایانە لەسەرتاپای جیهانەوە کە بۆماوەی 24 کاتژمێری بەردەوام ئەرکەکانیان ئەنجام دەدەن.

هەر لە ڕێگەی بەرهەم و بەروبوومی لێکۆڵینەوەو تێبینیکردنی گۆڕانکارییەکان و بەدواداچوونی بەردەوام و نەپچڕاوەی ئەم کارمەندانەوە، تەنانەت ڕێگە بۆ سیاسەتمەدارو دەسەڵاتدارانیش ساناتر دەکرێت بۆ بڕیاردان لە پرس و پلانە نیشتیمانییەکان.

کەواتە، داتای پێشکەشکراوی کەشناسەکان لەزۆربەی ئاست و بوارەکانەوە پشتی پێوە دەبەسترێت، بۆ نموونە هەر لە بوارەکانی گواستنەوە بەهەرسێ جۆرەکانییەوە، تادەگاتە کەرتی گەشت و گوزار لەپێناو پاراستنی سەلامەتی تاک و مۆلک و سامان.

لە بوارێکی یەگجار زۆر گرنگ و ستراتیژی وەک کشتوکاڵیش، کەشناسان و دەزگاکانیان، بەپێی توانی زانستی و تەکنیکییانەوە، هەردەم یارمەتی جوتیاران دەدەن بۆ بڕیاردان لەسەر گونجاوترین کات بۆ چاندن و ڕواندن و پارێزگاریکردنی بەروبوومەکانیان لە هەڕەشەکانی گۆڕانکارییە سەخت و دژوارەکانی کەش و هەوا، هەروەها یارمەتیدانی کەرتی وزەش دەدات بۆ بەرهەمهێنانی چاکترو پێشخستنی سەرچاوەکانی وزەی نوێبووەوەو پاراستنی سامانی ئاو، ئەمە جگە لە یارمەتیدانی کەرتی تەندروستی بۆ هەنگاونان بۆ پاراستی تەندروستی و گیانی هاوڵاتیان لە نەخۆشییەکان.

یەکێ لەو کارە هەرە گرنگانەی کە کەشناسان ئەنجامی دەدەن، بریتییە لە ئاگادارکردنەوەی خەڵک و دەسەڵاتداران لە نزیکبوونەوەی ڕەشەباو زریان و شەپۆلەکانی گەرماو سەرما بۆ پاراستنی گیان و سامان و هەنگاونانی پێشوەختە بۆ دەستەبەرکردنی دوایین ئاستی خۆیارێزی، چ لە کاتی دیاردەکە لە دوای کۆتایی هاتنی.

پێدانی زانیاری وردی باری کەش و هەوا بۆ سویاو لەشکرەکان بۆ دارشتنی باشترین پلانی سەربازیی ، لەتەک پێدانی زانیاری ورد دەربارەی ڕەوشی کەش و هەوا بۆ بینەر یان بۆ فرۆکەوان و فرۆکەخانەیەک بۆ دەربازبوون لە حاڵەتێکی نەخوازراوادا.

لەسەر کارمەندی کەشناس پێویستە کەوا بەردەوام لە پەیوەندی و هاریکاری و هەماهەنگ بێت لەگەڵ هاوپسپۆڕەکانی خۆی و زۆرترین خەڵک و دەزگا ئاگادار بکاتەوە لە کەش و هەوا سەخت و دژوارەکان بۆ ڕزگاربوون لە ئاسەوارەکانیان

شابنەشانی کەشناسەکان، زۆرجار پسپۆڕانی دیکەی بوارەکانی زانستیی وەک ژینگەو بۆشاییگەری و سامانی ئاوو کەرتەکانی فرۆکەخانەو دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و فریاکەوتن و کۆمپانیا جیاجیاکان، گشتیان وەک تیمێک هاوکاری یەکتری دەبن بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان لە پێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگە بەگشتی.

هەروەها پێویستە کارمەندانی کەشناسی بەردەوامبن لە نوێبوونەوەو دوانەکەوتن لە تەکنەلۆژیا و زانستەکانی تر، بەتایبەتی ئەو زانستانەی کە پەیوەستن بە کەش و ئاوو هەوا، بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی وردو دروست پێشبینی ئەو ڕووداوانە بکەن کە ڕوودەدەن و کاریگەرییان لەسەر ژیان و سامان هەیە.

ماندووبوونی میێشک مەترسی تووشبوون بە شەکرە بەرزدەکاتەوە



تێژینەوەیەکی نوێ دەریخست ئەو کارمەندانەی میێشکیان زۆر ماندوو دەبێت ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشی شەکرە بەرزتر دەبێتەوە بە بەراورد بەو کەسانەی تووشی ئەو فشارە نابن.

تێژەڕەوان ئاماری 3730 کارمەندیان شیکردۆتەوە لە کەرتێکی پیشەسازی نەوتی (چین) دا، وە دەرکەوت هیچ لەکارمەندان لەسەرەتای تێژینەوەکەدا تووشی شەکرە نەببوون، بەڵام تێژەڕەوان دەڵێن دوای 12 بەدواداچوون بۆ ئەو کارمەندانەی ئەرکی قورسترییان هەبووەو ئەگەری هیلاکبوونی میێشکیان بەرزتربووە بەڕێژەی 57% ئەگەری تووشبوونیان بەشەکرە زیاتر بووە بەبەراورد لەگەڵ کارمەندانی دیکەو لە هەمان کاتدا

ئەگەری تووشبوون بە شێوەیەکی گشتی بۆ 68%ی بۆ تەواوی کارمەندان بەرزبۆتەوە.

" گۆڕانکاریی لەکاردا لەوانەیە کاریگەری لەسەر ئەگەرەکانی تووشبوون بەشەکرە هەبێت، بۆیە خۆپاراستن و پەیڕەوکردنی ژیانێکی تەندروست و ڕاگرتنی کێش کارانی پێشکەوتن و ئاشنابکرێن لە تازەترین سیستەمەکانی تێبینی و ڕوانگەکاریی و تۆمارکاریی تایبەت بە کەش و ئاوو هەوا، تاوەکو ئاستی زانستیی و کارامەیی زیاتر بێت، هەر بۆیە پێویستە حکومەتەکان گرنگی زیاتر بەو بوارە بدەن و ئاستی زانستیی کارمەندەکانیان بەرزتر بکەنەوە، ئەمەش بە فەراهەمکردنی هەلی خوێندن و بەشداریپێکردنیان لە خول و وۆرکشۆپەکان و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە کەشناسی و لە هەمان کاتیشدا هەلی دامەزراندن و بەگرێستنی تواناکایان زیاتر بۆیان بۆ فەراهەم بکرێت.

ڕێکخراوی کەشناسی جیهانی WMO بەهەمو شێوەیەک هاوکارو پاڵپشتیکارە، ئەوەش لە ڕێگەی 60 ئاژانسی هاوکاری بونیاتنەرو پاڵپشتیکارو پەیمانگەو سەنتەری لێکۆڵینەوە کە سالانە لە ڕێگەی وۆرکشۆپ و خولەوە پاڵپشتی لە هەزاران کارمەند دەکات لەسەرتاپای جیهاندا.

گومان لەوەدا نەماوە کەوا هەر هەموومان لە جیهانێکی ئاڵۆزی خێراگۆڕاودا دەژین، بەڵام ڕۆڵی کەشناسان و دەزگایەکانیان هەر بە چەسپاوی دەمێنێتەوە بۆ خزمەتکردنی بەردەوامی هەموو چین و تۆێژەکانی کۆمەڵگەو دام و دەزگایەکانیان.

وەرگێڕانی: ئەڤی چەتۆ حەسەن / بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێم



ئاگرکەوتنەوەی کوشندەی دارستانی (ئەمازۆن) گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر (سیبیەکانی زەوی)



خولێکی پێشخستنی راهێنەرایەتی لە هەولێر بەڕێوەچوو

لیژنەی راهێنەرایەتی لە یەکیەتی شەترەنجی عێراقی بەهەماهەنگی لەگەڵ یانەی شەترەنجی خانزاد، خولێکی پێشخستنی راهێنەرایەتی لەشتری هەولێر بەڕێوەچوو.
ئامانج لەم خولەدا کە 25راهێنەر لە شارەکانی کوردستان و عێراق بەشداربیان تێداکردبوو، بۆ زیاتر پێشخستنی ئاستی راهێنەران و پێدانی زانیاری زیاتر کە یارمەتیان بدات لەئەرکی راهێنەرایەتی خۆیان سوودی لێوەرگرن، لەم خولەشدا چەندین راهێنەری خاوەن بڕوانامەی نێودەوڵەتی وانەکانیان دەگووتەوە لەوانە رەشید حەفاز لە مەغریب، بەسار مستەفا لە سوریا، غەسان محەمەد عەلی و حوسێن عەلی حوسێن و حەیدەر عەبدولغەنی لە عێراق.
جێی باسە لە ڕێورەسمی دابەشکردنی بڕوانامەکاندا هەریەک لە زافر عەبدولئەمیر سەرۆکی یەکیتی شەترەنجی عێراق و د. دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد ئامادەی بوون و بەشداربووان بڕوانامەی راهێنەرایەتی نیشتمانیان پی بەخشرا.

پاڵەوانی قوتابخانەکانی بەڕازیل بۆ خەبات

ماریا ئیدواردۆ: کاتێک شەترەنج دەکەم وادەزانم بەرامبەرەکەم قورسایی ئاسنم بۆ دەهاوێژێت

دیمانە: هاوار مورتکەیی

ماریا ئیدواردا ئەو کچە شەترەنجزانە تازەپێگەیشتووەی وڵاتی بەرازیلە و لەبەر لێهاتوویی چاوەڕوانی داهاتوویەکی گەشی لێدەکرێت، ئەو ئێستا هەڵگری نازناوی پاڵەوانێتی شەترەنجی قوتابخانەکانە لەسەر ئاستی بەرازیل، ماریا لە لێدوانێکی بۆ لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات رایدەگەیەنێت کە بەردەوام دەبێت تا ئەوکاتەی بڕوانامەی گراند ماستەری ئافرەتان بەدەست دەهێنێت.



بڕیارەکەی چ بوو لەبارەی شەترەنج

ماریا لە ساڵی 2007لە وڵاتی بەڕازیل لەدایک بووە و سەبارەت بە چوونە نێو دونیای شەترەنج گوتی: بەوپێیەی باوکم ناوبژیوانی شەترەنجە هەمیشە شەترەنج لەماڵمان بوو، قسەی سەر زاری باوکم بەردەوام ناوی شەترەنج بوو، کاتێکیش فێری ئەو یارییەبووم هەستم بەبەختەوەری دەکرد، بۆیە بڕیارمدا کە ئەو وەرزشە بکەم، تا تەمەنی 8 ساڵی هەر خۆم فێردەکرد، لە یەکەمین بەشداریشم لە پاڵەوانێتی میرکۆسێر بوو کە توانیم پلەی سێیەم بەدەست بهێنم، دواتر ساڵی 2017بەشداری پاڵەوانێتی جیهانم کرد بۆ خوار 8ساڵی لە بەڕازیل وەک باشترین سییەمی بەڕازیل لەو پاڵەوانێتییە دەرکەوتم، ئەم سەرەتایەم هانی دام کە خۆم ماندووبکەم، لەگەڵ ئەوەش خوێندنەکەشم دەکرد، لە پاڵەوانێتی پارانا بەشداریم کرد و توانیم خەڵکان هەمووی بەدەستبهێنم بەبێ دۆڕاندن.

خەونی داهاتووی

هەورەها ماریای یەرازیلی زیاتر باش لە دەسکەوتەکانی دەکات و دەڵێت: لە ساڵی 2018بەشداری پاڵەوانێتی قوتابخانەکانم کرد و لەخوار 12ساڵی توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم و بەمە پاڵەوانی قوتابخانەکانی بەڕازیل، هەر هەمان ساڵ بەشداری پاڵەوانێتییەکانی ئەمریکای باشوورم کرد و توانیم پلەی دووەم لە خوار 12ساڵان بەدەست بهێنم، ئەمانە سەرەتایەک بوو بۆ من کە هانم بدات بەردەوامییان پی بدەم، لەو هەولەشم بەردەوام دەبم تا دەگەمە لووتکەی شەترەنج و بەدەستهێنانی نازناوی گراندماستەری ئافرەتان.

شەترەنج چییە لای ئەو؟

لە کۆتاییدا ئەو کچە شەترەنجزانە تازەپێگەیشتووەی بەرازیل سەبارەت بە خۆشەویستی خۆی بۆ شەترەنج گوتی: شەترەنج یارییەکی زۆر خۆشە و زۆریش بەسوودە، وەرزشێکە بەمێشک و جەستە یاری دەکەی، کاتێک شەترەنج دەکەیت وادەزانی بەرامبەرەکەت قورساییت بۆ دەهاوێژی، یارییەکە فێری بەڕێنگاری و دان بەخۆداگرتنت دەکات، دەتوانم بڵێم ئەم وەرزشە ژیانی بەتەوای گۆڕیوم و زۆرجار بیردەکەمەوە ئەگەر شەترەنجزان نەبومایە دەبوایە ئێستا چ کەسێک بومایە.





دیسان وەرزشی قوتابخانەکان

ژیلا تەیفور

وانەی وەرزش وانەیەکی ڕۆحییە بۆ گەشە پێدانی مێشک و نزیککردنەوەی قوتابیان لەیەکدی و فێرکردنی کارکردن بە گروپ ، لە بیرکردنی ماندووبوون و خۆش ویستنی قوتابخانە.
وەرزش سودێکی زۆر بەلایەنی دەروونی و تەندروستی منالآن دەگەیەنێت، ئاستی بیر و هزریان بەرز دەکاتەوە سەرەڕای بەخشینی چێژ وخۆشی خاڵی کردنەوەی ماندوو بوون و تووڕەیی ، بەفیڕۆدانی وزەی زیاد کەلە منالآندا هەیە.
بوونی بنەمایەکی بەهێز بۆ یاریکردن و وەرزشکردن گرنگە ، چونکە وەرزش ئەگەر بنەمایەکی هەبوو ئەوا دواڕۆژێکی سەرکەوتووی دەبێت، هەربۆیە پێویستی بە شوێنی تایبەت و کاتی گونجاو کەسانی شارەزا ئەم وانەیە بڵێنەوە .
لە وڵاتانی پێشکەوتوو دا لەگەڵ بنیاتنانی قوتابخانەدا هۆڵ و شوێنی تایبەت بۆ وەرزش کردن دابین دەکرێت گرینگی پێدەدرێت، هەروەک چۆن گرنگی بەوانەکانی دیکە دەدرێت ، بەهۆی خراپی گۆڕەپانی قوتابخانە و نەگونجاندن بۆ یارییە وەرزشییەکان و نەبوونی مەترسی تەندروستی نەبوونی هۆڵی داخراو لەوەرزی زستاندا.
لەم سالآنەی دوایی چەند یارییەک لە قوتابخانەکان گرنگیان پێدەدرا وەکو باڵە، باسکە، شەترەنج، دواتر یاری شەترەنج کرا بەوانەیەکی سەرەکی بەهۆکاری ئەوەی یارییەکی هزرییە و مێشک تێدا بەکاردێت ، بەڵام ئەوە بووە هۆکار بۆ ئەوەی زۆربەی زۆری قوتابخانەکانی کوردستان زیاتر ئەم وانەیە پشتگوێ بخەن بەهۆی بەهەندەورنەگرتنی بایەخی ئەم وەرزشە، لە ئێستادا ئەوروپا سالآنە پاڵەوانێتی شەترەنجی قوتابخانەکان دەکرێتەوە هەزاران قوتابی بەشداری دەکەن .
لە هەمان کاتدا کوردستان سالآنە لە فیستیڤاڵی وەرزش ژمارەی قوتابیان ومامۆستایانی بەشدار بوو لەپەنجەی دەست تێپەر ناکات ، قوتابخانە هەیە بەشداری ناکات .
خوێندنی وەرزی 2019- 2020 لەبواری وەرزش کردن بەبەراورد لە ناوەندەکانی خوێندنی سالآنی 1920 هیچ جیاوازی نییە لە زۆرینەی قوتابخانەکان لە کاتی وانەی وەرزش مامۆستا تۆپێک ئەهێنێت و ئەیدات بە قوتابیەکات ئەڵێت بۆ خۆتان کات بەسەر ببەن .

لیڤاندۆفسکی هاتریکی تۆمارکرد

یانەی بایرن میونشنهاوسەنگی خۆی لە خولی ئەڵمانی گێرایەوە و یەکەمین بردنەوەی لەم وەرزەدا تۆمارکرد بەبردنەوەی بەسەر یانەی شالکە بە ئەنجامی 0-3گۆڵ.
ڕۆبیرت لیڤاندۆفسکی لەدەستپێکی بۆندسلیگادا بەئاستە بەرزەکەیەوە دەرکەوتەوە و هاتریکی تۆمارکرد، بەم بردنەوەیەش یانەی باڤاری ژمارەی خاڵەکانی بەرزکردەوە بۆ 4خاڵ لە پلەی چواردم دێت، لەوڵاشەوە خاڵەکانی شالکە هەروەک خری مایەوە و لە پلەی 12هەمینی خولی ئەڵمانیا دیت.



پێشمەرگەی سلێمانی لەکۆڕان و سیراونی نوێ لەکچان بوونە پاڵەوانی گۆڕەپان ومەیدانی کوردستان

ڕاپۆرت: سەرهەنگ نەجمەدین

بەرواری 23-24/8/2019 لەشاری هەولێری پایتەختی کوردستان لەیاریگای بنکەی لاوانی عەنکاوە پاڵەوانیەتی گۆڕەپان ومەیدانی یانەکانی کوردستان لەسەرئاستی لاوان بۆ هەردوو ڕەگەزی کۆڕان وکچان سەرکەوتووانە ئەنجامدرا.
پاڵەوانیەتیەکە لەسەر یاریگای بنکەی لاوانی عەنکاوە بەبەشداری 12یانە بەڕێوەچوو، کەتیایدا ژمارەیەکی زۆری یاریزانانی هەردوو ڕەگەز بەشداریان لەپاڵەوانیەتیەکە کردبوو.
لەسەر ئاستی کۆڕان هەر یەک لەیانەکانی پێشمەرگەی سلێمانی بەکۆکردنەوەی 113 خاڵ پلەی یەکەم و شێروانە بەکۆکردنەوەی 102 خاڵ پلەی دووەم و رزگاری بەکۆکردنەوەی 100خاڵ پلەی سێیەمیان دەستەبەرکرد.
لەسەر ئاستی کچانیشدا هەر یەک لەیانەکانی سیروانی نوێ بەکۆکردنەوەی 116 خاڵ پلەی یەکەم و رزگاری بەکۆکردنەوەی 106 خاڵ پلەی دووەم و پێشمەرگەی سلێمانی بەکۆکردنەوەی 90 خاڵ پلەی سێیەمیان بەدەستهێنا. ئەنجامی تاکەکانی یاریزانانی کچان بەمشێوەیە بوو: لەنیا هیڤی تەها لەهەڵدانی قورسایی پلەی یەکەم، ڕۆژان جەزا لەڕاکردنی 800م پلەی یەکەم،مەریەم عەبدولحەمید لەچالآکیی 3باز پلەی یەکەم،بانۆ تەها لەڕاکردنی 400م بەربەست پلەی یەکەم، ئیپتسام جەلال لەڕاکردنی 3000م پلەی یەکەم، ئاسیا عزیز قادر لەهەڵدانی ڕمح پلەی یەکەم، بەرا مەمدوح لەڕاکردنی 100 م پلەی یەکەم، کالێ حەمە ڕەحیم لەڕاکردنی 3000م ڕۆیشتن پلەی یەکەم،ئاسیا عزیز لەهەڵدانی ساپ پلەی یەکەم،هۆنیا ڕەفعەت لەڕاکردنی 400م پلەی یەکەم. لەسەر ئاستی کۆڕانیش ئەنجامە تاکەکان بەمشێوەیە بوو:
محەمەد حەسەن لەڕاکردنی 800م پلەی یەکەم،چاودێر کامەران لەهەڵدانی ساپ پلەی یەکەم، عیماد تاریق لەیاری 3باز پلەی یەکەم،سەرکەوت حسێن لەڕاکردنی 400م پلەی یەکەم،محەمەد باسم لەڕاکردنی 3000م پلەی یەکەم، هومام تاهیر لەڕاکردنی 100م پلەی یەکەم، ئەحمەد وریا لەڕاکردنی 3000م ڕۆیشتن پلەی یەکەم، عەبدولەلیک مەزهەر لەهەڵدانی چەکوش پلەی یەکەم، بلند ئاراس لەڕاکردنی 400م پلەی یەکەم.


بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon, 26. Aug. 2019 No: (5814)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

چونکە بەردەوام ژێردەستەو بەشخوراو بووین، بۆیە(ئـاڵا) بـووەتـە هێـمـای بـەرخـودان و خۆڕاگـرتن و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان لەهەموو لایەکەوە، لەو ڕۆژەوەش کە پێشەوای گەورە(قازی محەمەد) ئەو ئـاڵایـەی رادەسـتـی ژەنـەڕاڵ بـارزانی نـەمـر کـرد، میللەتی ئێمە بە عەشقەوە ئەو ئاڵایەی خۆشویست. ئێستاش، کە لەسایەی خوێنی شەهیدان، ئەو ئاڵایە هەڵدەکەین و بە لەرینەوەی دڵشاد دەبین، دەبێت بەو پەڕی ڕێزەوە سەیری بکەین، بـەڵام بەداخـەوە ئەو ئاڵایە لە هەندێک شوێن و جێگەدا دەبینم کە بە شایستەی نازانم، بۆ نموونە وێنەی ئاڵا لەسەر پشتی تانکەری ئاو یان تانکی حەمام و نەوت و گاز، چ جوانی و مەغزایەک دەبەخشێت، یان نەخشاندنی ئەو ئاڵایە لەسەر پیکابی پڕ لەقەفەزی مریشک، چ مانایەکی هەیە، لەوەش گەرێ، چەندێک فەرمانگە و دامەزراوی حکومی، ئاڵایەکەیان نیوەی قوت بووە و ڕەنگی نەماوە، لە هەندێک شوێنیش بە بەردەواژی هەڵواسراوە، ڕۆژانە کە ئەو دیمەنە قێزەونانە دەبینم، بـەڕچـاوم تـاریک دەبێت و خـەفـەتی پێ دەخۆم.من گومانم لە دڵسۆزی ئەو کەسانە نییە، بەڵام دەبێت هەمـوو ئـەوە بـزانـین کـە هـەڵـواسـین و هـەڵـدان و نەخشاندنی ئاڵا، ڕێساو بنەمای تایبەت بەخۆی هەیە، پێویستە لایەنە پەیوەندی دارەکان بەجدیەوە هەوڵی بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە بدەن.





یەکەمجارە لە مێژوودا.. دوو منداڵی کورد دەبنە دادوەری فێستیڤاڵی ئەسفەهان

لەئەسفەهانی وڵاتی ئێران ٢٢ هەمین فێستیڤاڵی منداڵان بەبەشداری ٢٧ وڵات بەڕێوەدەچێت و دوو منداڵی کوردیش دەبنە دادوەر ڕۆژی ٢٠١٩/٨/١٩ فێستیڤاڵی منداڵان بۆ فیلم لەئەسفەهان دەستپێکردو بڕیاریشە تا ٢٧ی ئەم مانگە بەردەوامبێت، کە ٢٧ وڵات تێیدا بەشدارن، بۆ یەکەمجاریش لەمێژووی عێراقدا (میلانۆ و مەستی فـوئـاد) وەک دوو منداڵی کـورد بەشدارن و داوەری بۆ هەڵسەنگاندنی فیلمەکان دەکەن.جێی ئاماژەیە هەردوو منداڵە دادوەرەکە نەوەی فوئاد جەلال خاوەنی کۆمثانیای مەستی فیلم-ن کە سااڵنە سەرقاڵی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی سلێمانیەو بایەخی تایبەتی بۆ فێستیڤاڵی فیلم هەیە.



جوانییە شاراوەکەی ماردین دۆڵی غورسە

دۆڵی غـورس لـە قـەزای کـزڵـتـەپـە-ی پـارێـزگـای ماردین بە تاقگە و شوێنی سـەیـران و سـڕوشـتـە دڵفڕێـنـەکـەی کـەشـێـکـی جیاواز بۆ سەردانیکەران دروست دەکـــات. دۆڵی غـورس کـە دەکـەوێـتـە حەوتەمین کیلۆمەتری سەر ڕێگای ماردین-کزڵتەپە بە دیمەنە دڵفێنەکانی و جریوە جریوی باڵندەکان پێشوازی لـە گـەشـتـیـاران دەکـات و گـەشـتـیـاران هـەر لـەوێـش بەمەبەستی خۆفێنککردنەوە مەڵە دەکەن، کە پڵەکانی گەرما لەوێ ٤٠ پڵەی تێپەڕاندووە. جگە لە خەڵکی ماردین خەڵک لـە پـارێـزگـاکـانی دیـکـەی تورکیایشەوە بە تایبەت لە ڕۆژانی پشوودا ڕوو لەو دۆڵە دەکـەن. مـەعـسـوم ئـاڵـتـای ڕاگەیاند: "یەکەمجارمە دێمە ئێـرە. بـەڵام بـەڕاسـتـی سڕوشتێکی ناوازە و دڵفێنی هەیە و زۆر فێنکە. پێشنیار بۆ هەموو کەس دەکەم بێنە ئێرە. لەمەودوا تا دەرفەتم هەبێ دێم. ئێرە بەهەشتە شاراوەکەی کزڵتەپەیە". حەسەن کورتای کە قوتابییە لە کۆماری تورکی قـوبـرسی باکوور کـە لـەگـەڵ هاوڕێـکـانی بۆ گەشتکردن ڕوویـان کـردۆتـە ئـەو دۆڵـە و گـوتی: "ئێـرە زۆر بـاشـە بۆ سـەیـران. بـەهۆی ئـەوەی ئـاو بەردەوام لە تاقگەکەوە دێتە خـــوارەوە ئـــاوەکـــە زۆر سازگارە". ئیبراهیم خەلیل سـانجـار-یش کـە لـەگـەڵ هـاوڕێـکـانی بۆ سـەیـران هاتووەتە غـورس ئـامـاژەی بەوە دا کە پێویستە هەموو کەسێک بۆ ئارامبوونەوە و دوورکـەوتـنـەوە لـە جـەنجـاڵـیـیـەکـانی شار سەردانی دۆڵەکە بکات.

خاتونی ژەنیار تارا پیرایندە



خاتونی ژەنیاری ئامێری تار (تارا پیرایندە) ساڵی 2001 لە شاری هەمەدان لەدایک بووە ، لە تەمەنی (3ساڵیدا) خێزانەکەی دەیبەنە قوتابخانەیەکی فێربوونی موزیک بۆ منداڵان ، لە ڤیستڤاڵی (فەجری موزیکی) دا بە پێشکەش کردنی پارچە موزیکێک سەرنجی ئامادە بوانی دا و بووە ناوێکی دیاری ڤیستڤاڵەکە ، یەکەم پاداشتی ملیۆنێک تمەن بـوو کـە پێی بـەخـشـرا و ئـەویش ڕاسـتـەوخۆ بـەخـشـیـە نەخۆشخانەی چارەسەری شێرپەنجە ، لە ڤیستڤالی موزیکی نەوجەواناندا پلەی یەکەمی بە دەست هێناو نازناوی یەکەم ژەنیاری ساڵی لێنرا ، لە دوا بەشداری کردنی لە چالاکیەکانی کۆمەڵەی موزیکی ئێرانیدا جارێکی تر بڕوانامە و پاداشتی بەدەست هێناو دیسانەوە بەخشیە منداڵانی هەژاری وڵاتەکەی .. هیوای تەمەن درێژی بۆ خاتوو تارا دەخوازین ..

ڕێهوار هەورامی

ئەلیسا وازهێنانی ڕاگەیاند



هەمزە سەرحان / خەبات

خانمە هونەرمەندی لوبنانی" ئەلیسا" لەڕێی توێتێک لە هەژمارە تایبەتەکەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی توێتەر ئاشکرای کرد چیتر کاری هونەری ناکات و ئەم ئەلبومەی لە ئێستادا کاری تیادا دەکات دەبێتە کۆتا کاری هونەری ئەو، ئەم بڕیارەی ئەلیسا هەواداراکانی توشی شۆک کرد.ئەلیسا لە توێتەکەیدا نوسیویەتی" بە خۆشەویستی و بە تاسەوە کار لە ئەلبومە نوێکەمدا دەکەم، و دوای ئەوەی واز لە کاری هونەری دەهێنم لەگەڵ ئەوەی بە دڵێکی پڕەوە ئەم بڕیارەم داوە، بەڵام زۆر متمانەم بە بڕیارەکەم هەیە چونکە چیتر ناتوانم لەم بوارەدا کاربکەم و کاری هونەری بۆتە کاری مافیاکان و لە ئێستادا چیتر من ناتوانم بەرهەمهێنی بم"زۆرێک لە هەواداراکانی ئەم خانمە خەمباری خۆیان دەربڕیوە بۆ ئەم بڕیارەی ئەلیسا و داوای لێدەکەن لە بڕیارەکەی پەشیمان ببێتەوە.

پەیکەری ڕەشەبا تۆقێنەرەکە

ئاشتی گەرمیانی .. هۆڵەندا

کۆڵارە بـەرزە فڕۆکـان ئـەو مـۆنـیـۆمێـنـتـە سـەرەنج ڕاکێشەرەیە کەلە ١٧ / ١/ ٢٠١٦ لەلایەن واتەرلاندەوە کە دەکـاتـە شارەوانی مارکن سـەربـە هـەرێـمی بـاکـووری هۆڵـەنـدا ، پـەیـکـەرسـازی نـاسـراوی هۆڵـەنـدی (لـیـنـدا ڤـیـرکـایـک) وە دروست کرا بۆ ئەو ڕۆژە تۆقێنەرە کە ڕەشەبا دەیـوسـت ژیـانی ئـەو گـونـدە خاپوور بکات کە لەبەر بەهێزی ڕەشەباکە لە دەریای باکوورەوە هەڵی کرت و چەند خانوویەکی خاپوور کرد ، ئەوکات مارکن ١٦ مـاڵی تێدا بوو لەبەرەبەیانی ١٣ و ١٤ ی یـەنـیـواری ١٩١٦ ڕەشەبایەکی بەهێز هەڵی کردووە و ڕووداوێـکـی تـرسـنـاکـی خولقاندوە و خەڵک چوونەتە ئەو جێگایەی کە لە کەناری سەر دەریاکەدا پارانەوەیان لە خوادای دڵۆڤان دەکرد ئارامی بە ڕەشەبا تۆقێنەرەکە ببەخشێت و هێوری بکاتەوە بە گریان و دەست بڵند کردنەوە بۆ کۆڵارەکان کە هەڵیان دا بۆ ئەوەی تووندو تیژی ئەو هەوایە بـنـاسـنـەوە و هـیـوری بکاتەوە ، ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی یان لـەکـەنـاری ئـەو دەریـایـەدا مینیۆمێنتی ڕووداوە شومەکە کە هەموو خەڵکی گوندەکە بێ جێگا مـانـەوە لـە هـەڵـوەشـاندنـەوەی پانێڵی سەربانەکانیان و باران و ئـاو تـەڕیـانی کـردبـوو ، وەکـو ڕێـزلێـنـانێک بۆ ئـەو یـادە پەیکەرێکی برۆنزی کە هونەرمەند (لیندا ڤیرکایک) دای ڕشتبوو دانراوەو بـە سـەدان گـەشـتـیـار کـاتێک نـزیـک دەبـنـەوە لـەو پـەیـکـەرە مۆنۆمێـنـتـە ئـەو کۆڵارەیەیان بە بیر دێتەوە کە منداڵ بوینن لای خۆمان پێیان دەووت کۆڵارە یان کاغەز قووشی ، هەڵیان دەداو حەزو ئارەزوویان ئەوە بوو کە بایەک بێت و بەرز بیفڕێنێت ، ئێستا لەم کەنارە بـەردەوام ئـەو هـەوا تـیـژە بێ ئۆقرەیەی تێدایە و مـرۆڤەکان هەست بـە بـاڵـەفڕی دەکـەن ، و هەروەها شێوەیەکی تری پەیکەرە داڕێژراوەکە لەو ماسیانە دەکەن کە گوندەکە خۆی جێگای ماسی گرتن بووە و ژیان و ژیانداریان لەسەر ئەو پیشەیە بووە . کەم کـەس هـەیـە کـە سـەردانی ئـەم مۆنۆمێنتە دەکات ، وێنەیەکی یـادگـاری و چـیـرۆکی بەسەرهاتی نەخوێندەوە و بە دیـدەیـەکی ڕۆمـانـسـی و تراژیدیایی یەوە تەماشای گوندو وێنەکەکان نەکات .

